# هەقیقەتی ئینقلابی ئێران : لە چل ساڵەی شۆڕشی گەلانی ئێراندا

**ئاسۆ حەسەن زادە**

*ئەمەی خوارەوە وەرگێڕدراوی وتارێکی فەڕانسەیی سەبارەت بە ئینقلابی ئێرانە کە بەشێوەی زنجیرەیی لە گۆڤاری "تیشکی نوێ"دا بڵاو کراوەتەوە. ئەگەرچی تەوەری وتارەکە روانینی میشێل فووکۆ بۆ ئینقلابی ئێرانە، بەڵام وتارەکە تەنیا بابەتێکی وشکی فەلسەفەی سیاسی نیە. لەم وتارەدا بەدەم وردبوونەوە لەو رەخنانەی بەهۆی کارەکانی لەسەر ئینقلابی ئێران لە فووکۆ گیراون، بەشێوەیەکی پوخت و زانستی هەم کرۆنۆلۆژییەکی روونی رووداوەکانی سەردەمی ئینقلاب خراوەتە ڕوو، هەم وێنایەکی گشتگیر لە رەهەندە جۆربەجۆرەکان و دینامیزمی سەرەکی و براوەی ئەم ئینقلابە دراوەتە دەست. بۆ تێگەیشتن لەوە کە چل ساڵ پێش ئەمڕۆ چۆن بوو خەڵکانێکی خاوەن پاشخانی فەرهەنگی و چاوکراوەی سیاسی چارەنووسی خۆیان دایە دەست تاقمێک ئاخوندی کۆنەپەرست و دڕندە، ئەم وتارە ئامرازێکی بەسوودە، بەتایبەتی کە روانگەیەکی دەرەکی و بێگیان بۆ هەقیقەتی ئینقلابی ئێرانمان دەداتە دەست .*

# ئینقلابی ئێران و فووکۆ

## نووسینی : نیکۆلا رووپۆ

## -"باوکی مانا" له فه‌ڕانسه‌ییه‌وه وه‌ری گێڕاوه-

له کتێبێکدا که ساڵی ۲۰۰۵ چاپ کرا، "جانێت ئه‌فاری" و "کێڤین ب. ئاندرسۆن" ده‌ڵێن فووکۆ زۆر دڵخۆش بووه به ئینقلابی ئێران و بۆ سه‌لماندنی ئه‌و ئیدیعایه‌شیان پشت به‌و گوتاره نیچه-هایدگێرییه‌ی فووکۆ ده‌به‌ستن که به‌پێی ئه‌و فووکۆ نه‌زمه کۆمه‌ڵایه‌تییه نه‌ریتی‌یه‌کان به‌سه‌ر مۆدێرنیته‌ی مارکسیست و لیبراڵه‌کان‌دا ته‌رجیح ده‌دا. نووسه‌رانی دیکه‌ش وه‌ک "بێرنارد ئوولمان" دوودڵ نه‌بوون له‌وه‌ی بڵێن هه‌روه‌ک چۆن ژان پۆل سارتر هۆگری دیکتاتۆڕیی کۆمۆنیست بوو، میشێل فووکۆش هۆگری ئینقلابی ئێران بووه. کێشه‌که له‌وه‌دایه که ئه‌وه‌نده‌ی فووکۆ له‌ڕێگای بڵاوکردنه‌وه‌ی کۆمه‌ڵێک بابه‌ت له رۆژنامه‌ی "کوریه‌ر دێلا سێرا"دا که زۆرتریش سروشتێکی رۆژنامه‌وانییان هه‌بوو له نزیکه‌وه سه‌رنجی دابووه دیارده ئینقلابییه‌که‌ی ئێران، ئه‌وه‌نده سه‌رنجی نه‌دابووه ئاکامه سیاسییه‌کانی ئه‌و ئینقلابه. به واتایه‌کی دیکه، فووکۆ کاری به قه‌ولی خۆی "مێژوونووسی ئاینده"ی نه‌کردوه، به‌ڵکوو ته‌نیا شرۆڤه‌ی ئه‌و رووداوانه‌ی کردووه که له‌وکاته‌دا له ئێران‌دا ده‌گوزه‌ران. له دۆخێکی وه‌هادا، ئایا به‌ڕاست ده‌کرێ فووکۆ به‌وه تاوانبار بکه‌ین که هۆگری ئینقلابی ئێران بووه؟ ئه‌گه‌ر واش بووبێ، ئایا به‌ڕاست ده‌کرێ ئه‌و ئه‌نجامه‌ی لێ وه‌ربگرین که هه‌روه‌ک چۆن سارتر

پشتیوانیی لە کۆمۆنیزمی سۆڤیەتی کرد، فووکۆش پشتیوانیی لە حکومەتی سەرەڕۆی ئیسلامی لە ئێران کردوە؟

بۆ وڵامدانەوە بەو پرسیارە و بۆ ئەوەی واقعیەتی هۆگری و دڵگەرمیی فووکۆمان لەپێوەندی لەگەڵ شۆڕشی ئێراندا بێتە دەست، وتارەکانی ناوبراومان خوێندنەوە. با بزانین رەخنەکەی لە فووکۆ گیراوە بە وردی چیە؟ فووکۆ رەخنەی ئەوەی لێ دەگیرێ کە لەبەر ئەوەی وەک کۆمەڵانی خەڵک کەوتۆتە بەر تەوژمی رووداوەکان و کەشی ئەودەم گرتوویەتی، پێشبینیی ئەو مەترسی‌یانەی نەکردووە کە شۆڕشێکی ئیسلامی لە ئێراندا بۆ سەر ئازادیی دروست دەکرد. ئەوە راستە کە فووکۆ زۆر جار باسی ئەو "ئیرادە بەکۆمەڵەی گەل" و تەنانەت ئەو "هەناسە مەزهەبی" یەی کردووە کە خۆپێشاندەرانی ئەودەمی ئێرانی جوڵاندوە. سەرەڕای ئەوەش، فووکۆ هەرگیز دانی بەوەدا نەناوە کە پشتگیریی هیچ جۆرە رێژیمێکی سەرەڕۆی ئیسلامیی کردبێ یا تەنانەت ئەوە کە سەرسووڕماویی وی لە بەرامبەر رووداوەکاندا بەری چاوی گرتبێ. نەک هەر ئەوە،فووکۆ چەندین وتاری تری نووسیوە کە لەواندا هەڵوێستی خۆی زیاتر روون دەکاتەوە و ئامانج لە کارەکەی دەخاتە ڕوو.

ئێستا با بزانین ئەو شتەی رەخنەگرانی فووکۆ لە نووسینەکانی فووکۆیان بەرداشت کردوە چیە و بۆچی ئەو شتە وای لێ کردوون کە ریپۆرتاژەکانی ناوبراو لەسەر ئێران بەهەڵە لێک بدەنەوە. لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدەین پەنجەش بخەینە سەر ئەو لێڵی و ناڕوونی‌یانەی نێو وتارەکانی فووکۆ کە بوونەتە هۆی ئەوە کە هێندێک جار تێگەیشتنی هەڵە لەبارەیانەوە دروست بێ. بۆ ئەو مەبەستەش، لەپێشدا لێکدانەوەیەکی مێژوویی بۆ ئینقلابی ئیسلامی دەکەین واتە هەمان ئەو کارەی کە خوێنەرانی رۆژئاوایی لە فووکۆیان دەویست بەڵام

فووکۆ نەیدەویست بیکا. پاشان نیشانی دەدەین بۆچی کارەکەی فووکۆ لە ئێران پێش هەموو شتێک ژوورنالیستی و تا ڕادەیەکیش فەلسەفی بووە، نەک کۆمەڵناسانە و مێژووناسانە. بۆ ئەوەش هەوڵ دەدەین لە چەمکی ریپۆرتاژی هزری کە بۆخۆی بۆ پێناسەکردنی کارەکانی خۆی بەکاری دەبرد، تێ بگەین. لە کۆتاییدا تێ دەکۆشین لە بەرامبەر ئەو ڕەخنانەدا داکۆکی لە فووکۆ بکەین کە زۆر خێرا فووکۆیان لەڕووی زانستی و عەقلانی‌یەوە ڕەت کردەوە و بە پشت بەستن بە بیرۆکە باوەکانی نێو بیروڕای گشتی خۆیان لە گفتگۆیەکی ڕاستەقینە سەبارەت بە مێتۆدی فووکۆ کە دەیتوانی ئەنجامی زانستیی دەوڵەمەندی هەبێ، دزیەوە.

## ١/ ئاوڕێکی مێژوویی لە ئینقلاب

### ئەلف. ئینقلابی ئێران

سالی ١٩٧٩ شۆڕشێک لە ئێران ڕووی دا کە ئەو وڵاتەی کردە کۆمارێکی ئیسلامی. کۆمارێکی تیئۆکراتیی ئیسلامی کە ئایەتوڵڵا ڕوحوڵڵا خومەینی سەرکردایەتیی دەکرد. پێشتر ئێران سیستمێکی پاشایەتیی دەستووریی هەبوو کە محەممەد ڕەزا شای پەهلەوی لە ڕەئسی‌دا بوو. ڕێژیمی پێشوو بەوە ناسرابوو کە ئەڵقەلەگوێی ڕۆژئاواییەکان بەتایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە کە پەهلەوی لە سایەی وانەوە ساڵی ١٩٥٣ هاتبووە سەر دەسەڵات.

بەدرێژایی ساڵی ١٩٧٨، ئۆپۆزیسیۆن بەدژی ڕێژیمی شا لە پەرەگرتندا بوو بەتایبەتی بەهۆی هاتنەپێشی هەرچی زیاتری گرووپە ئیسلامییەکان. میشێل فووکۆ لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٨دا دوو جار سەردانی ئێرانی کرد، لە ١٦ تا

٢٤ ی سێپتامبری ١٩٧٨ و دوو مانگ دواتر لە ٩ تا ١٥ ی نۆوامبری ١٩٧٨. لەو دوو سەردانەدا، فووکۆ رووخانی رێژیمی شای بۆ رۆژنامەی ئیتالیایی "کۆریەر دێلا سێرا" ریپۆرتاژ لە دوای ریپۆرتاژ دەگواستەوە و لەو نێوەشدا ئەوەی بۆ وی پرسی سەرەکی بوو بریتی بوو لە رووداني راپەڕینێکی خەڵکی.

دەتوانین سەرەتای راپەڕینی خەڵک بگەڕێنینەوە بۆ سەرکوتی خۆپیشاندانێکی خوێندکاران و رێبەرانی ئایینی لە شاری قوم لە مانگی ژانویەی ١٩٧٩دا. ئەم خۆپیشاندانە پاش ئەوە رێك خرا کە لە رۆژنامەیەکی دەوڵەتیدا وتارێک بۆ سووکایەتی بە ئیمام خومەینی کە لە ساڵی ١٩٦٣ وە ئاوارەی نەجەف ببوو، بڵاو بۆوە. شا بە ناردنی ئەرتەش بۆ سەرکوتی ئەو خۆپیشاندانە، خۆپیشاندەرانی خەڵتانی خوێن کرد و چەندین خوێندکار کوژران. لەبەر ئەوەی بەپێی نەریتی شیعە پرسەی مردووان چل رۆژ دەگرێ، بەدرێژایی مانگی فێوریە رێپێوانەکانی ئەو دۆخە مەرگبارە کرانە دەرفەتی خۆنیشاندان بەدژی رێژیمی ئەوکاتی ئێران. چەرخەی توندوتیژی سەرلەنوێ بەردەوام بوو و ئەرتەش سەرلەنوێ تەقەی لە خۆپیشاندەران کرد و لێی کوشتن. ئەو چەرخەیە هەتا هەڵاتنی شا بۆ میسر لە ١٦ی ژانویەی ١٩٧٩ هەر درێژەی کێشا. رۆژی ١٩ی ئووتی ١٩٧٨ی رووداوێکی دیکە بووە هۆی خێرا کردنی راپەڕینی خەڵك. ئەو رووداوەش بریتی بوو لە سووتانی سینەما رێکس لە شاری ئابادان کە لە ئەنجامدا ٣٧٧ کەس بوونە قوربانی. ئەو شەوە لەو سینەمایەدا فیلمی ناڕەزایەتیی جووتیاران کە ماوەیەکی درێژ قەدەغە کرابوو، لەسەر پەردەی سینەما نیشان دەدرا. خەڵک وایان لێک دایەوە کە ئەو رووداوە بە پیلانی ساواک رێکخراوە.

هەروەک "پۆل ڤێین"، بۆ هەموو دیاردەیەکی لەم چەشنە دەبێ هۆکارە قووڵ و درێژخایەنەکان لە هۆکارە رواڵەتی و کاتییەکان جیا بکەینەوە. هۆکارە

قووڵەکان لێرەدا پێوەندییان بە کانتێکستی سیاسییەوە هەیە. لەو کاتەدا لە ئێراندا حکومەتێکی زۆردار لەسەر کار بوو کە پێوەندیی نزیکی لەگەڵ رۆژئاوا هەبوو، حکومەتێک کە بە تەواوی گەندەڵ بوو و لە رێگای ساواکەوە خەڵکی دەتۆقاند. لە بەرامبەر ئەمەدا، ئۆپۆزیسیۆنێکمان هەیە کە زۆر رەنگاورەنگە: لە لیبراڵەکانی جەبهەی میللی‌یەوە بگرە تا ئانارشیستەکان و حیزبی توودە. پێویستە بارودۆخی ئابووریش لە نەزەر بگرین: لەگەڵ ئەوەدا کە ئێران لە سایەی نەوتەکەیەوە وڵاتێکی دەوڵەمەندە، بەڵام قازانجەکەی تەنیا بۆ بنەماڵە گەورە دەوڵەمەندەکانی وڵات بوو. کۆمپانیا رۆژئاواییەکان لە بەرامبەر دەرهێنانی نەوت سوودێکیان دەدایە شا. هاوکات بۆرژوازییەک لە ئێراندا سەری هەڵدابوو کە ویست و چاوەڕوانییە سیاسی و ئابوورییەکانی روو لەزیادبوون بوون. لە تەنیشت ئەمە، خەڵکی وڵات هەروا بە هەژاری مابۆوە و ئاوڵەخەرجیی شا ببووە هۆی رق و بێزاریی خەڵک، بەتایبەتی کاتێک لە مانگی ئۆکتۆبری ۱۹۷۱ دا جەژنەکانی ۲۵۰۰ ساڵەی دامەزرانی ئیمپراتۆریی فارس بەڕێوە چوون. بەپێیەم شرۆڤە کۆمەڵناسییەی ئینقلاب، درزی نێوان چین و توێژە هەرە دەستڕۆیشتووەکان و چین و توێژە هەرە هەژارەکان بووە هۆی گەشەکردنی ئۆپۆزیسیۆنێکی بە هەوێن شیعە و جەماوەری کە بنەما لیبرالییەکانی رێژیمی بردبووە ژێر پرسیار.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر هۆکارە رواڵەتییەکان، ئەمانیش بریتیین لە کۆمەڵێک هەڵەی ستراتژیی یەک لەدوای یەکی شا کە بەشێوەی سیستماتیک دەستی ئەرتەش بۆ تەقەکردن لە خۆپێشاندەرانی ئاوەڵا کردبوو. پێویستە بزانین کە لەو کاتەدا ئێران هێشتا خاوەنی پۆلیسێکی دژە شۆڕشی تەیار بە گازی فرمێسکرێژ نەبوو. یەکێك لەو کاتانەی کە لەودا توندوتیژیی دەوڵەت بەو پەڕی خۆی گەیشت بریتی بوو لە "هەینیی رەش". رۆژی ۸ ی سێپتامبری ۱۹۷۸ کە

خۆپیشاندانێکی بەربڵاو لە تاران بەڕێوەبوو، شا لەگەڵ ئەوەدا کە لەپێشدا نەیدەویست هێز بەکار بێنێ، سەرەنجام بڕیاری دا تانک و هێلیکۆپتێر و سەربازەکانی بۆ سەرکوتی خۆپیشاندەران رەوانە بکا. ئەو خۆپیشاندانە لە حەمامێک لە خوێن و شڵەژاوییەکی تەواودا کۆتایی پێ هات. بەپێی زانیارییەکان لەو رۆژەدا لەنێوان ٢٠٠٠ تا ٤٠٠٠ کەس بوونە قوربانی. پاش ئەمە، لە مانگی ئۆکتۆبردا، مانگرتنی گشتی راگەیەنرا. مانگرتنێک کە بووە هۆی فەلەج کردنی ئابووریی وڵات، چونکە زۆربەی کارخانەکان داخران و نەوت هەڵگرەکان لە بەندەری ئابادان بلۆک بوون. لەلایەکی دیکەشەوە، خۆپیشاندەران هەرچییەکیان وەدەست کەوتبا کە وەبیرهێنەرەوەی شا و رۆژئاوا با تێک و پێکیان دەدا، بۆ نموونە لە کاتی چالاکییەکانی "کۆتایی حەوتووی تاران"دا کە لە رۆژەکانی ٤ و ٥ ی نۆڤەمبەردا بەڕێوە چوو. ئەگەر ئاوسانی نرخەکانیش بە فاکتەرەکانەوە زیاد بکەین، دەبینین کە چۆنئابووریی ئێران بەشێوەیەکی ترسناک زیانی وێ کەوت. هەربۆیە حکومەت ناچار بوو کە کۆمەڵێک بڕیاری سەختگیریی ئابووری لەبواری سڕکردنی مووچەکان دەربکا، شتێک کە ئاستی ناڕەزایەتییەکانی هێندەی دیکەش بردە سەر. لە ئاکامدا، چینی کرێکاریش بەدژی رێژیم رەگەڵ خوێندکاران و چینی مام ناوەندی کەوت.

لەگەڵ ئەوەدا کە دەتوانین ئینقلابی ئێران لە گۆشەنیگایەکی کۆمەڵناسییەوە لێک بدەینەوە، بەڵام فووکۆ خۆی بە لێکدانەوەی کۆمەڵناسانەی ئینقلابەوە خەریک نەدەکرد. هەروەک ئۆلیڤیە رووا لە وتارەکەی خۆیدا باسی کردووە، "فووکۆ بە باری پێچەوانەی شرۆڤە کۆمەڵناسییەکانی ئینقلابی ئێراندا رۆیشت". ئەوەی بۆ وی گرینگ بوو فۆرمی ئایینیی ئینقلاب بوو. ئەو فۆرمە ئایینییەش هیچ پێوەندییەکی بەو دۆگمانەی ئایینی ئیسلامەوە نەبوو کە دواتر

مەلاکان وەک ئیدئۆلۆژیی سیاسیی خۆیان پەنایان بۆ برد. ئەوەی سەرنجی فووکۆی ڕاکێشابوو تایبەتمەندییرێوڕەسمانە و دووبارە بووەوەی ڕاپەڕین بوو. فووکۆ پێی وابوو کە ڕاسانی بەکۆمەڵی خەڵکی ئێران و خۆڕاگرییان لە بەرامبەر دەسەڵات و سیاسەتدا ڕوانینێکی نوێ و پێشتر بەکارنەبراو لەسەر ڕووداوەکان دەخوازێ.

پێویستە بزانین کە لە دێسامبری ١٩٧٨ واتە لە مانگی موحەرەمدا کە یەکێک لە مانگە هەرە گرینگەکانی موسڵمانەکانە خۆپێشاندانەکان چڕتر و هاواری خۆپێشاندەران دلێرانەتر بوونەوە. لەو مانگەدا هەر ڕۆژێک چەندین خۆپێشاندەر دەکوژران و ڕۆژی دواتر هاتنەسەر شەقامی خەڵک زیاتر دەبوو. ڕۆژی ١١ی دێسامبر، چەندین خۆپێشاندانی گەورە لە تاران بەڕێوە چوون کە نیشانی دەدا کە خەت پێدانی ڕووحانییەکانیەکان تا دێ زیاتر بەسیاسی دەبێ. ڕۆژی ١٢ی دێسامبر زیاتر لە دوو میلیۆن کەس لە شەقامەکانی تاران بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین لە بەرامبەر ڕێژیمی شادا ڕێپێوانیان کرد. شا کە هەم بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە لاواز ببوو و هەم لەلایەن دەسەڵاتە بێگانەکانیشەوە پشتی بەردرابوو، لە کاخی نیاوەران خۆی پەنا دابوو. لە بەرامبەر ئەو بێسەروبەرەیی‌یەدا کە هەر دەهات و زیادی دەکرد و بەپێچەوانەی بۆچوونی ئەفسەرانی ساواک، شا دەستووری دا کە چیدیکە تەقە لە خەڵك نەکرێ. دوای ئەمە شا ئاخرین کارتی خۆی گەمە کرد کە بریتی بوو لە دیاری کردنی شاپووری بەختیار وەک سەرۆک وەزیران کە پێی وابووبۆ ئارامکردنەوەی بارودۆخەکە پێویستە شا بۆ ماوەیەکی نادیار ئێران بەجێ بێڵێ. ڕۆژی ١٦ی ژانویەی ١٩٧٦ شای ئێران کاخی نیاوەرانی بەمەبەستی میسر بەجێ هێشت. ئەو، ڕۆژی ٢٧ی ژوئیەی ١٩٨٠ بەبێ ئەوەی ئیدی هەرگیز بێتەوە سەر تەختی دەسەڵات، هەر لە میسر مرد.

هاوتەریب لەگەڵ ڕووداوەکانی سەرەوە، ئایەتوڵڵا خومەینی لە دەرەوە ڕا پروپاگەندایەکی وەڕێ خستبوو کە تا دەهات زیاتر سەرنج و پشتیوانیی لە نێوخۆی کۆمەڵگای ئێرانی‌یەوە بۆ لای خۆی رادەکێشا. کاتێك دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە خراپەوە بۆ خراپتر چوو، شا سەرەنجام ناچار ببوو واز لە دەسەڵات بێنێ و بڕوا بۆ هەندەران. رۆژی ١ی فێوریەی ١٩٧٩ خومەینی کە لە ساڵی ١٩٦٤هوە پەڕیوەی دەرەوە بوو، بە شێوازی کەسێکی سەرکەوتووی شەڕ گەڕایەوە تاران. ئەو هەر کە گەیشتەوە، یەکسەر چووە گۆڕستانی بەهەشتی زەهرا و لەوێوە وتارێکی سەبارەت بە روانینی بۆ داهاتووی ئێران پێشکەش کرد، لەو داهاتووەدا ئێران دەبوو کۆمارێکی میللی، دژەسەرمایەداری، دژە سەهیۆنی، دژە ئیمپریالی و ئیسلامی کە یاساکانی هەوێنیان لە شەریعەت وەردەگرت. خومەینی پاش ئەوەی لە تاران لە مەدرەسەی عەلەوی نیشتەجێ بوو، حکومەتێکی کاتیی بەدیلی دروست کرد، چونکە پێی وابوو حکومەتی شاپووری بەختیار شەرعییەتی نیە. بەمجۆرە ئیدارەی وڵات کەوتە بەر دەستی دوو دانە حکومەت. بەهۆی بانگەوازەکانی خومەینی بۆ خۆپێشاندانی خەڵک بەختیار وڵاتی پێ ڕانەدەگیرا، بەتایبەتی کە ناوبراو حازر نەبوو توندوتیژی بەدژی خەڵك بەکار بێنێ. لەولاشەوە خومەینی لە هەوڵی راکێشانی سەرنج و هۆگریی ئەرتەش‌دا بوو بۆ ئەوەی لەگەڵی نەکەوێتە کێشەوە. چەندین ئەفسەری ریزەکانی خوارەوە بەتایبەتی لەوانەی سووپای ئاسمانی رەگەڵ ئینقلاب کەوتن، بەڵام سەرکردە باڵاکانی ئەرتەش هەر لەگەڵ حکومەتی بەختیار مانەوە. رۆژی ٩ ی فێوریەی ١٩٧٩، بەهۆی ئەوە کە گرژییە ناوخۆییەکانی ئەرتەش چیدیکە رادەنەگیران، تێکهەڵچوونێک لە پادگانی دۆشان تەپە لەنێوان گاردی شاهەنشاهی و ئەفسەرەکانی ریزی خوارەوەدا ڕووی دا.

خەڵك کاتێک زانیان کە لەنێو ئەرتەشدا شەڕ هەڵایساوە، گەڕانەوە سەر شەقام و بە بەردەوام بوون لە خۆپێشاندان لە شەودا حکومەت نیزامییان شکاند. سەرەنجام رۆژی ١١ی فێوریە، ئەرتەش بڕیاری بێلایەن بوونی خۆی راگەیاند، ئەمەش بە مانای سەرکەوتنی ئایەتوڵڵا خومەینی بوو. خومەینی دەستووری دا کە لە رادیۆ سەرکەوتنی ئینقلاب رابگەیەنن. ئێوارەی ١١ی فێوریەی ١٩٧٩ ئایەتوڵڵا خومەینی بە تەواوی هاتە سەر دەسەڵات و بەم جۆرە حکومەتی شاپووری بەختیار کەوت و دەسەڵاتی شاهەنشاهیی ئێران کۆتایی پێ هات. کوودێتاکەی خومەینی سەرکەوت: ئەرتەش بەناوبراو پەیوەست بوو، لەحاڵێکدا کە هێزە ئینقلابییەکان دەستیان بەسەر رادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا دەگرت. رۆژئاوا داماوانە شاهیدی دامەزرانی نەزمێکی سیاسی لە ئێراندا بوو کە هی سەردەمێکی تر بوو، واتە دەسەڵاتێك کە بڕیاری دابوو کۆمەڵگا لەسەر جێبەجێکردنی بێپێچ و پەنای قورئان بنیات بنێ. رۆژی ٣١ی مارس، کۆماری ئیسلامی لە رێگای ریفراندۆمەوە بە پەسندی خەڵک گەیشت.

### ب. ریشە پێکهاتەیی‌یەکانی ئینقلاب

### - ریشە ئابووری و کۆمەڵایەتی‌یەکان

ئەگەر بمانەوێ شرۆڤەیەکی مێژوویی و کۆمەڵناسانە بۆ ئینقلاب بکەین دەبێ بڵێین کە ئینقلاب بەرهەمی شکستی سیستەمێکی گەشەسەندن بوو. لەو کاتەوە کە شا هاتبووە سەر دەسەڵات، واتە لە ساڵانی ٥٠ وە تا ساڵانی ٧٠، کۆمەڵگای ئێرانی گۆڕانی قووڵی بەسەردا هاتبوو. یەکێک لە گرینگترین گۆڕانەکان فراوانبوونەوەی شارەکان و رەوتی روو لە چۆڵکرانی دێهاتەکان بوو. ساڵی ١٩٥٦،

٥٦٪ی حەشیمەتی چالاکی ئێران لە ڕێگای کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە دەژیا، لەحاڵێکدا کە ساڵی ١٩٧٦ هەمان ئەو ڕێژەیە بۆ ٣٤٪ دابەزیبوو. لە هەمان ماوەدا ڕێژەی دانیشتووانی ئێران لە ١٩ میلیۆنەوە زیادی کردبوو بۆ ٣٣ میلیۆن. بەرهەمهێنانی نەوت بەشێوەیەکی نائاسایی زیادی کردبوو و لە ٣١ میلیۆن تۆن لە ساڵی ١٩٥١ هوە گەیشتبووە ٢٩٤ میلیۆن لە ساڵی ١٩٧٤. ئەمەش بەرزبوونەوەیەکی داهاتەکانی لێ کەوتبۆوە کە خرابووە خزمەت بەپیشازی کردنی خێرا و گونجاندنی بەپەلەی ئابووریی ئێران لەگەڵ بازاڕی جیهانی. ئەوەش دەتوانێ وەک هۆکارێك بۆ هاتنەسەرکاری ڕێژیمێك لە قەڵەم بدەین کە دژی بەهاکانی ڕۆژئاوا بوو.

ئەم گەشەسەندنە خێرایە بووە هۆی لەزراندنی ئابووریی نەریتیی وڵات. هەتا ساڵی ١٩٦٢، کەرتی کشتوکاڵ لەژێر باری فیۆدالیسمدا بوو. ڕاوەستان و هەڵنەکشانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی زۆر لە گوندییەکانی ناچار کردبوو کە لە گەڕەکە هەژارنشینەکانی شارەکان جێگیر بن. ئەم شارییە نوێیانە کە زۆربەیان گەنج و خوێندەوار و هەڵگری خەون و ئارەزوو بۆ ژیانی خۆیان بوون ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان لە ڕووداوەکانی شۆڕشدا گێڕا. لەلایەکی دیکەوە، بازاڕ و سەنعەتە دەستییەکانیش گۆڕانی زۆریان بەسەدا هاتبوو. پڕۆژە زەبەلاحەکانی گەشەسەندن کە ڕێژیی پەهلەوی وەڕێی خستبوون (هێنانە ناوەوەی بەرهەمە دروستکراوەکان، بەرزبوونەوەی خێرای بازرگانیی جیهانی لە ئێران) ئەوانی تووشی دۆخێکی دارایی سەخت کردبوو. بازاڕییەکان کە بۆخۆیان بە سادەیی دەژیان و زۆربەیان کەیفیان بەو بەڕۆژئاوایی کردنە زۆرەملێییەی شا نەدەهات، لەنێو ئەنجومەنە ئایینییەکاندا کە لە کاتی ئینقلابدا بوونە تۆڕێکی کاریگەری یارمەتیدانی یەکتر خۆیان ڕێك خست. لە هەمووی گرینگتر رووحانییەت بوو کە لەو ساڵانەدا

دەسەڵاتی یەکجار زۆر بەرتەسک کرابۆوە. لە ساڵەکانی پێش ئینقلابدا، بەعیلمانی کردنی رووڵەزیادبوونی پەروەردە و دادوەری و ئەستاندنەوەی زۆر لە موڵک و داراییەکانی رووحانیەت دوابەدوای ئیسلاحاتی ئەرزیی ساڵی ١٩٦٢، هەر هەمووی هەستی نەیاریی رووحانییەت لەگەڵ دەسەڵاتی زیاد کردبوو.

بەوحاڵەش شا هێشتا دەیتوانی حیساب لەسەر  دوو لە چین و توێژەکانی نێو کۆمەڵگا بکا: یەکەم، ئەو بۆرژوازییە بازرگانە کە لەو کۆنە دەرەبەگانە پێک‌هاتبوو کە لە کاروباری پڕ قازانجی بازرگانیی نێودەوڵەتی‌دا چالاک ببوونەوە، دووەم، چینی مامناوەندیی نوێ کە لە کادر و کارمەندەکانی  کەرتی پیشەسازی و ئیدارە دەوڵەتییەکان پێکهاتبوو و لایەنگری بەرۆژئاوایی‌کردن بوون. لە ساڵەکانی دەسەڵاتی پەهلەوی‌دا چینی مامناوەندی بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش زیادی کرد. هەربۆیە لە کاتی قەیرانی نەوتیی ساڵەکانی ١٩٧٤ و ١٩٧٥ کە بووە هۆی شلکردنەوەی هەڵدان و مەسرەف، تێکچوونی مۆدی ژیانی ئەم چینە کۆمەڵایەتییە بووە هۆی راکێشرانی ویش بۆ لای ئینقلاب.

تەواوی ئەم پێکهاتانە لە کۆتاییدا یەکیان گرت بۆ ئەوەی لە بەرامبەر قەیرانی گشتیی کۆمەڵگای ئێرانیدا کە بە مانگرتن و راپەڕینە دووبارەبووەکان هەر دەهات و خراپتر دەبوو، هەڵوێست وەربگرن.بەڵامحەڵە دەبێ ئەگەر بڵێین پشتیوانانی ئینقلاب هەموویان یەکدەست بوون و خواست و مەرامەکانیان یەک بووە. لەڕاستیدا ئەو کۆدەنگی‌یە کە لەسەر پێویستیی گۆڕان لەنێو خەڵکدا دروست ببوو، هەر لەگەڵ رووخانی رێژیمی شا کۆتایی پێ هات. بەڵام رووبەڕووبوونەوەی نێوان ئاقارە جیاوازەکان وردە وردە لەلایەن رێژیمی تازەی خومەینی‌یەوە کە خەتێکی باڵادەستی دەسەپاند (خەتی ئیمام) کۆنترۆڵ کرا. رێژیم لە

مانگەکانی دوای ئینقلابدا هەڵوێست و بۆچوونەکانی خۆی هێندەی دیکەش قایم کرد.

**-ریشە فەرهەنگی و مەزهەبی‌یەکان**

ئێمە باسی ئێلێمێنتە ئابووری و کۆمەڵایەتی‌یەکانمان کرد، بەڵام پێویستیمان بە شرۆڤەیەکی کەلتووریش هەیە بۆ ئەوەی تێبگەین بۆچی رووداوەکان بوونە هۆی دامەزرانی کۆمارێکی ئیسلامی. کارەکەی فووکۆ زۆرتر لەم شرۆڤە فەرهەنگی‌یەوە نزیکە، چونکە ناوبراو زۆر جار باسی ئەوەی دەکرد کە ئەو بەها مۆدێرنانەی شا باوەڕی پێن لەگەڵ واقعیەتی فەرهەنگیی ئێران کە نەک هەر لەڕووی ئایینی‌یەوە بەڵکوو لەڕووی شێوازی ژیانیشەوە کاریگەریی ئیسلامی زۆر پێوە بوو، یەک ناگرنەوە. فووکۆ باش لەوە تێگەیشتبوو کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو سوننەتە فەرهەنگی و مەزهەبییانەی دواتر وەک دارەڕای شەرعییەتبەخشین بە دامەزراندنی دەسەڵاتی نوێ بەکار بران، ناتوانین رەوتی رووداوەکانی ئینقلابی ئیسلامی بە جوانی دەرک بکەین. جیاوازیی روانگەی فووکۆ لەگەڵ ئەو شتە کە ئێمە باسمان کرد لەوەدایە کە فووکۆ لایەنی فەرهەنگی وەک شتێکی بەستراوە بە هۆکارە کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسییەکان چاو لێ ناکا. ئەوەی سەرنجی فووکۆی راکێشابوو ئەوە بوو کە چۆن میللەتێك بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵات پەنا بۆ هەرە قووڵایی‌یەکانی فەرهەنگی خۆی دەبا.

لەڕاستیدا، سەرەڕای ئەو فەردپەرستی‌یەی کە تایبەتمەندیی هەموو رێژیمێکی سەرەڕۆیە، شا هەرگیز نەیتوانی لەڕووی فەرهەنگی‌یەوە شەرعییەتی خۆی بەسەر گەلی ئێراندا بسەپێنێ. ئیدئۆلۆژیی شا لەسەر دوو کۆڵەکە

راوەستابوو کە هیچیان لەلایەن خەڵکەوە قبووڵ نەکران: بەرۆژئاوایی‌کردن وەک فاکتەرێکی بەمۆدێرن‌کردن، و ئاریایی‌گەرایی.

بەرۆژئاوایی‌کردنی شێوازی ژیان کە لە سەرەوەڕا تەوسیە دەکرا تەنیا لەلایەن چین و توێژە دەستڕۆیشتووەکانی شارەکانەوە پێشوازیی لێ کرا. لەو ساڵانەدا زۆر کەس رەخنەیان لە خۆدۆڕاندن و کۆیلایەتیی فەرهەنگیی وڵات دەگرت، خۆدۆڕاندن و کۆیلایەتییەک کە لەژێر دەستەواژەی "شارستانەتیی پەیکان"(ئۆتۆمبیلێک کە بە تێکخستنەوەی قەتەعاتی دروستکراوی بریتانیا ساز کرابوو) یان "غەربزەدەگی" کە ناوی کتێبێکی جەلال ئال ئەحمەد بوو لە ساڵەکانی ١٩٦٠ دا چاپ کرابوو، ناوبانگی دەرکردبوو. بەمجۆرە لە ئێرانی پێش ئینقلابدا دوو فەرهەنگ کە هەر کامەیان لەلایەن چین و توێژی زۆر جیاوازی کۆمەلگاوە پشتگیری دەکرا، پێکەوە دەژیان. لەلایەك فەرهەنگی بەرۆژئاوایی کراو کە زۆرتر لە گەڕەکە شیکەکانی شارەکاندا باو بوو، لەلای دیکەش، فەرهەنگی سوننەتیی زۆرینەی خەڵک کە بەکەم دەگیرا و بێڕێزیی پێ دەکرا چونکە وەک کۆسپی سەر رەوتی بەمۆدێرن کردنی وڵات لە قەڵەم دەدرا. داوای بەئیسلامی کردنی شێوازی ژیان و سەرکوتی بێبەندوباریی ئەخلاقی و ئینقلابی فەرهەنگی لەلایەن بەڕێوەبەرانی ئینقلابی ئێرانەوە شتێک نەبوو جگە لە وڵامی ئەوان بۆ قەیرانێکی کۆمەڵایەتیی قووڵتر.

دەسەڵاتی شاهەنشاهی هەروەها لەسەر ئەسڵی ئاریایی‌گەرایی راوەستابوو، واتە پێهەڵلاگوتنی ریشەی ئاریایی و چەند هەزارەیی پاشایەتی و گەلی ئێران. ئەم تێزە تەنیا سەرنجی بەشێکی کەم لە رووناکبیرانی ئێرانی بۆ لای خۆی راکێشابوو. ماناکەشی نادیدەگرتنی بەشێکی گەورەی مێژووی میللی و مەزهەبیی وڵات بوو، واتە هەرچی دەکەوێتە پاش ئەو سەردەمەی ئێران لەدوای

داگیرکاریی عەرەبەکان لە نێوەڕاستی سەدەی حەوتەوە وردە وردە بەئیسلامی کرابوو. خستنەپێشی زۆر سەمبولی شارستانەتیی هیند و ئورووپایی بۆ ئەوە بوو کە ناسنامەی ئێران لە رابردوویەکی پڕشنگداردا ریشەدار بکا و لە ئەنجامدا جیاوازی و تایبەتمەندیی مێژووی میللی لەچاو ئەوەی وڵاتانی عەرەب دەربخا. بەم چەشنە بوو کە ناوی ئێران (واتە وڵاتی ئارياييیەکان) جێگەی ناوی "پێرس"ی گرتەوە و ناوی هێندێک لە شارەکان (بۆ نموونە ئاریانشەهر) بەمەبەستی پێداگرتن لەسەر رەگ و ریشەی ئاريایيی میللەت گۆڕدران. ئەوە لەحاڵێکدا بوو کە بۆ زۆربەی ئێرانیيەکان ئەم بەهابەخشینە بە رابردووی پێش ئیسلامی ئێران مانایەکی ئەوتۆی نەبوو. ئیسلام بۆ وان تەنیا رەهەندی ئایینی نەبوو، بەڵکوو کۆمەڵێك داب و نەریت و خوو و خدەشی لەگەڵدا بوو کە لە شێوازی ژیانی خەڵکدا لەوە چەسپاوتر بوون کە بە رۆژێک و دووان وەلا بنرێن. بەمجۆرە هەلومەرجێکی تایبەتی کە لەودا ناسنامەی ژیاوی ئێرانییەکان لە مەترسیدابوو، قازانجی ئیسلامیشی لێ کەوتەوە.

توانای ئیسلام بۆ بەسیج کردنی خەڵک پشت بە دوو نەریتی سەرەکی دەبەستێ کە تایبەتن بە مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی، واتە رێبازی هەرە زاڵی موسڵمان لە ئێران. ئەو مەزهەبە قورسايی هەرە گەورەی لە دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیدا هەبوو. دەتوانین دوو پرەنسیپ لەو رێبازە زەق بکەینەوە: ئەسڵی ئیمامەت و ستایشی شەهادەت.

بەپێی ئەسڵی ئیمامەت، لە مێژووی ئیسلامدا دوازدە ئیمام هەبوون کە توانیویانە دەسەڵاتێکی عادڵ و رەوا بەڕێوە ببەن. یازدە ئیمامی یەکەم هەر هەموویان بەشێوەیەکی تراژیک کوژراون. ئیمامی دوازدەهەم، محەمەد، ون بووە و شێردرانەوەکەشی تا ئێستاش بەردەوامە. گەل لە چاوەڕوانیی سەرووەدەرنانەوە و

گەڕانەوەی سەربەرزانەی ئەو ئیمامە شاردراوەیەدایە و بەدرێژایی ئەو ماوە چاوەڕوانییەدا هەر جۆرە حکومەتێک مسۆگەر کەموکوڕیی هەیە. هەربۆیە باوەڕمەندان بۆ ڕێنوێنی کرانی کار و بڕیارەکانیان دەبێ پەیڕەوی لە عولەمای هەرە عادڵ بکەن. ئەو عولەمایەش بە مەرجەعی تەقلید دادەنرێن.

هەر لەگەڵ دیاریکرانی شیعە وەك مەزهەبی دەوڵەت لە سەرەتای سەدەی ١٦دا، ئەو پێویستییە هاتە پێش کە گرفتی بۆشایی دەسەڵاتی شەرعی بەشێوەیەک چارەسەر بکرێ. یەکەمین حاکمەکان خۆیان وەك وەچەی ئیمامەکانی دامەزرێنەری ڕێبازی شیعە دەناساند. دواتر پاشاکان دەوری خۆیان بە عولەما دەگرت بۆ ئەوەی پەسندی ئایینی ڕێژیمەکەیان بکەن. تەنانەت شاش کە سیاسەتی بەعیلمانی کردنی بەڕێوە دەبرد، کۆمەڵێک عولەمای هەبوو بۆ پشتگیریی دەسەڵاتی شاهەنشاهی. دابەشبوونی رووحانیەت لەو پێوەندییەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەرگیز یەکدەنگی‌یەک لەسەر ئەوە نەبووە کە لە غیابی ئیمامی شاراوەدا دەبێ ئاقاری بەڕێوەبەریی سیاسی چۆن بێ. لەو پێوەندییەدا دوو بۆچوون هەیە. بە باوەڕی هەندێ کەس لە حالەتی بۆشایی لە دەسەڵاتی ئیمامەکاندا پێویستە رووحانیەت کاری بە سیاسەت نەبێ (یەک لە لایەنگرانی ئەو بۆچوونە شەریعەتمەداری بوو کە فووکۆ لە سەفەرەکەیدا بۆ ئێران چاوی پێ کەوتبوو). هێندێک کەسی دیکەش کە خودی ئایەتوڵڵا خومەینی یەک لەوان بوو، پێیان وابوو کە دۆگمی ئیمامەت وا دەخوازێ حوکمی دەسەڵاتدارانی ناشەرعی رەت بکرێتەوە و پیاوانێکی بەرتەر کە نوێنەرایەتیی دین دەکەن و بە سەرمەشق دێنە حیساب، لە شوێنیان دابنرێن. بەڵام لە هیچ شوێنێک نەنووسراوە کە ئەو حکومەتە دەبێ لەلایەن خودی رووحانییەکانەوە بەڕێوە ببرێ. ئەمە داهێنانێک لە مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی‌دا بوو کە لەلایەن خومەینی و لایەنگرەکانیەوە

ئەنجام درا. قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی ئەم لێکدانەوەیە لە ئیمامەتی پەسند کرد و بەم جۆرە ویلایەتی فەقیهی نەهادینە کرد :" لە غیابی ئیمامی زەماندا – خوا وەدەرکەوتنەکەی نزیک بکاتەوە- لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا سەکردایەتی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بە شارەزایەکی نەزمی عادڵ، بەئەخلاق، هۆشیار بە زەمانی خۆی، ئازا، خاوەنی ئۆتۆریتە و ئەزموون دەسپێردرێ کە لەلایەن زۆرینەی گەل وەک رێبەر (ئیمام) قبووڵ دەکرێ". دەسەڵاتەکانی ئەم رێبەرە یەکجار زۆرن، بۆخۆی فەرماندەیی هێزە چەکدارەکان دەکا و دەتوانێ سەرۆکی کۆماریش لێ بخا.

ستایشی شەهادەت تایبەتمەندییەکی دیکەی سەرنجڕاکێشی شیعەی دوازدە ئیمامییە. رەگ و ریشەکەشی بۆ ئەفسانەی گیان لەدەستدانی ئیمامی سێهەمی شیعەکان دەگەڕێتەوە، واتە حوسێن کە بەشێوەیەکی دڵتەزێن بەدەستی هێزەکانی یەزید، خەلیفەی ئەمەوییەکان، لە ساڵی ٦٨٠ لە کەربەلا (عیراقی ئێستا) کوژرا. رێزگرتن لە عەزابی "ئەمیرولشوهەدا" بە کۆمەڵێك داب و نەریتی خۆئازاردەرانە بەڕێوە دەچێ. ریزی ئیمانداران بە قەمچی و قەمە و زنجیر لە لەپی دەست و جەستەی خۆیان رادەکێشن و رەوزەخوێنی بۆ وەبیرهێنانەوەی تراژیدیای کەربەلا دەکەن. بۆ ئەوانەی باوەڕیان پێیە، بەڕێوەبردنی ئەو داب و نەریتە پرسەگێڕ و ئازارچێژییانە بۆ ئەوەیە کە رەزایەتی میری شەهیدانیان پێ ببڕێ و بەم جۆرە لە رۆژی مردنی خۆیاندا بچنە بەهەشت. ئەم نەریتە شەهادەتخوازییە و هەموو ئەو رێوڕەسمەکانی پێوەندیدار کە لە قووڵایی کەلتووری خەڵکدا جێیان گرتووە، ئیسکلێتبەندیی سەمبولیک و رێکخراوەیی رووداوە ئینقلابییەکانیان لێ دروست کرا. ئەفسانەی کەربەلا کە جەللادەکان و قوربانییەکان لە بەرامبەر یەك دادەنێ و ستایشی خۆفیداکردن دەکا، لە هەمان کاتدا کە ئامرازێک بۆ خوێندنەوەی واقعی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێران بوو، مۆدێلێکیش بوو بۆ

کردەوە و خەبات. لە گوتارەکانی ڕێبەرانی ئایینی و لە دروشمەکانی خۆپیشاندەراندا، لایەنەکانی دژبەر لە "دراما"ی ئینقلابی ئێراندا بە لایەنەکانی دژبەر لە درامای کەربەلادا دەشوبهێندران. بۆ نموونە لە"هەینیی ڕەش"ی ٨ ی سێپتامبری ١٩٧٨دا، گەنجانی خۆپیشاندەر سینگی خۆیان بەڕووی تەقەکەرانی ئەرتەش دا ڕووت کردەوە بۆ ئەوەی بەم جۆرە وەك ئیمام حوسێن خۆیان فیدا بکەن. ئەو خۆپیشاندانە بەربەرینانە کە بوونە هۆی هەڵاتنی شا، لەڕووی دروشم و فۆرمی خۆپیشاندانەکان و شێوازی خۆدەرخستن و ڕیتمی هەنگاوەنانی خۆپیشاندەرانەوە تەواو حاڵەتی ئەو ڕێوشوێنە سوننەتییانەی شیعەیان بە خۆوە گرتبوو. لوتکەی خۆپیشاندانەکانیش ڕاست مانگی موحەڕڕەم (نۆڤامبر و دێسامبری ١٩٧٨) بوو کە دەبێتە "جەژنی" سوننەتیی شەهادەتی حوسێن.

## ٢/ "ڕیپۆرتاژ"ێکی فکری

### ئەلف. فووکۆی ڕۆژنامەوان

هەشت ڕۆژ پاش هەینیی ڕەش، واتە ڕۆژی شەممە، ١٦ی سێپتامبری ١٩٧٨، میشێل فووکۆ گەیشتە تاران. فووکۆ ئەم سەفەرەی لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی ژوورنالیستیدا ئەنجام دا. مانگی مای ١٩٧٨، بڵاوکەرەوەی ئیتالیایی، "ڕیتزۆلی" کە وەرگێڕی نووسراوەکانی فووکۆ و پشکداری ڕۆژنامەی بەناوبانگی "کۆریەر دێلا سێرا" بوو، داوای لە فووکۆی فەیلەسووف کردبوو کە لەپێوەندی لەگەڵ شۆڕشی ئێراندا ستوونێکی ڕۆژانەی لە شکڵی بۆچوون لە ڕۆژنامەکەدا هەبێ. فووکۆ نەیدەویست کارەکەی وەک کاری هەواڵنێرێکی ڕۆژانە یان ڕۆژنامەوانێکی پشت مێز بێ. هەربۆیە پێی باشتر بوو لە

نزیکەوە ڕووداوەکان بە چاوی خۆی ببینێ و کارێکی ڕۆژنامەوانیی ڕاستەقینە ئەنجام بدا. ئەو لەو بارەوە گوتبووی "پێویستە لەدایکبوونی فکرەکان و تەقینەوەی هێزی ئەو فکرانە ببینین، ئەمەش نەک لەو کتێبانەدا کە ئەو فکرانەیان تێدا باس دەکرێ، بەڵکوو لەو ڕووداوانەدا کە ئەو فکرانە هێزی خۆیانی تێدا دەردەخەن، لەو خەباتانەدا کە لەسەر ئەو فکرانە بەڕێوە دەچن، جا بە لایەنگری یا بەدژی فکرەکان بێ".

فووکۆ ئەم کارە ژوورنالیستیەی خۆی کە وەک کارێکی بەکۆمەڵیشی دەناسێنێ (چونکە بۆ ئەو کارە چەند فەیلەسووفی دیکەی وەک "گلوکسمەن" و "فینکێلکرۆ"ش لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە) وەک زنجیرەیەک "ڕیپۆرتاژ"ی فکری لە قەڵەم دەدا. بەپێچەوانەی ئەوە کە پۆست مۆدێرنەکان باسی دەکەن، واتە کۆتایی ئیدئۆلۆژییە گەورەکان، فووکۆ ئیدیعا دەکا کە "جیهانی ئەمڕۆ هێلانەی ئەو فکرانەیە کە لەدایک دەبن، وە جووڵە جووڵ دەکەون، لەنێو دەچن، وەدەردەکەونەوە و مرۆڤەکان و شتەکان دەلەرزێنن". شتێکیش کە بە باوەڕی وی تازەیە ئەوەیە کە ئەم دیاردەیە "لەسەر ئاستی جیهانی و لەنێو کەمایەتییەکان و ئەو گەلانەدا بەڕێوە دەچێ کە تا ئەمڕۆ مێژوو فێر نەببوو وەقسەیان بێنێ یان گوێیان لێ بگرێ". هەربۆیە پێویستە شێوازێکی دیکەی ڕوانین بۆ فکرەکان پەسند بکەین. ئەم فکرانە سەرکردایەتیی کۆمەڵێک مرۆڤ ناکەن کە بەشێوەی پاسیڤ وەریان بگرن:"ئەوە فکرەکان نین کە جیهان بەڕێوە دەبەن، ئەوە جیهانە کە فکری هەن"، ئەوە تاکەکانن کە کەڵك لە فکرەکان وەردەگرن. بیرکردنەوە ئامرازێکە کە دەبێ بەشێوەیەکی بنەڕەتی بە ڕووداوەوە ببەسترێتەوە. مانای ڕیپۆرتاژی فیکری ئەوەیە کە ئەو شتە کە باوەڕمان پێیە بەو شتە ببەستینەوە کە ڕوو دەدا. هەربۆیە

فووکۆ بەو ئاکامە دەگا کە "رووناکبیران و رۆژنامەوانان لە خاڵی بەیەکگەیشتنی فکرەکان و رووداوەکاندا پێکەوە کار دەکەن".

هەر رۆژی پاش گەیشتنی بۆ تاران، فووکۆ دەست بە کاری ریپۆرتێریی خۆی دەکا. ئەو چاوی بە ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکڕاتیک، بەرپرسانی ئەرتەش، خوێندکاران و ئیسلامگەراکان دەکەوێ. بە جادەکاندا دەسووڕێتەوە، یادداشت هەڵدەگرێتەوە، و پرسیار لە خەڵک دەکا. حەوتوویەک دواتر دەگەڕێتەوە ئەورووپا. لەوێ شەش وتار بۆ رۆژنامەی "کۆریەر"ی ئیتالیایی و وتارێک بۆ "نووڤێل ئۆبسێرڤاتۆر"ی فەرانسەوی دەنووسێ.

رۆژی ٧ی ئۆکتۆبری ١٩٧٨، ئایەتوڵڵا خومەینی پاش تێپەڕکەسنی چاردە ساڵ لە عێراق، لە پاریس نیشتەجێ دەبێ. میشێل فووکۆ یەک لەو هەموو رۆژنامەوانەیە کە دەیەوێ پێوەندیی لەگەڵ دابمەزرێنێ بۆ ئەوەی بزانێ ئەو پیاوە ئایینیە قسەرۆیشتوویە کە گەلە راپەڕیوەکەی داوای دەکا، چی بۆ وڵاتەکەی دەوێ. هەر ئەو کاتە فووکۆ زۆر باش تێدەگا کە خومەینی تەنیا سەمبولێک و ناوی سەر ئاڵایەک نیە، بەڵکوو ئەو پیاوە ئایینیە خەونی سیاسیی هەن. فووکۆ لەو بارەوە دەنووسێ:"هەموو ئاڵۆزییەکەی کۆتایی حەوتوو لە دەوری شوێنی مانەوەی نیوە ئاشکرای ئایەتوڵڵا لە حومەی پاریس و هاتن و چوونی کەسانی گرینگی ئێرانی بۆ لای، نیشان دەدا کە ئەو خۆشبینییە خێرایە بێ جێ بوو. بە هەموو شتێک را دیار بوو کە کەسانێك هەر بەڕاستی باوەڕیان بە بوونی هێزێکی سێحراوی هەیەلەنێوان ئەو پیرە پیاوە کە پازدە ساڵ بوو لە وڵاتی خۆی دەرکرابوو و میللەتەکەی کە داوای گەڕانەوەی دەکرد".

مانگێک پاش سەفەری یەکەمی، فووکۆ لە ڕۆژانی ٩ تا ١٥ی سێپتامبری ١٩٧٨ سەرلەنوێ سەردانی ئێرانی کردەوە. بەنی سەدر کە فووکۆ کەمێک پێش سەفەری دووەمی راوێژی پێ کردبوو دەگێڕێتەوە:"فووکۆ دەیویست تێ بگا کە ئینقلابێک کە پشت بە هیچ دەسەڵاتێکی بێگانە نابەستێ و سەرەڕای مەودای نێوان شارەکان و سەختیی پێوەندی گرتن نەتەوەیەکی تەواو هەڵدەستێنێتە سەر پێ، چلۆن روو دەدا. ئەو دەیویست بیر لە چەمکی دەسەڵات بکاتەوە".

فووکۆ لە سەفەری ئەمجارەیدا چاوی بە نوێنەرانی سینفە جۆربەجۆرەکانی کرێکارانی مانگرتوو وەک ئەوانەی کەرتی نەوت و هەروەها ژیانباشەکانی چینە مامناوەندییەکان دەکەوێ. لە کۆتایی ئەم زنجیرە ریپۆرتاژەیدا کە لانیکەم لەڕووی مێتۆدی لێکۆڵینەوەوە ئەمجارە زۆرتر خیسلەتێکی کۆمەڵناسانە بەخۆوە دەگرێ، فووکۆ دوو وتاری نوێ لە "کۆریەر"دا بڵاو دەکاتەوە. لەو وتارانەدا، فووکۆ بەدوای بنەماکانی هۆگریی کاریزمایی ئایەتوڵڵا بە گەلەکەیدا دەگەڕێ. بەباوەڕی وی "خومەینی خاڵی چڕبوونەوەی ئیرادەیەکی بەکۆمەڵە"، "ئەو پیاوێکی سیاسی نیە: نە حیزبێکی خومەینی دەبینین، نە حکومەتێکی خومەینی". کەمێک خوارتر، فووکۆ لەبارەی کردەوەی ئێرانییەکان بەم جۆرە ئاکامگیری دەکا:"ئەمە ڕەنگە یەکەمین راپەرینی گەورە بەدژی سیستمی جیهانی بێ، فۆڕمی هەرە مۆدێرنی راپەڕین. بەڵام شێتانەترین راپەڕینیشە". لانیکەم بۆ ئەو قسەیەی دوایی، کەس ناتوانێ بڵێ هەق بە فووکۆ نەبوو.

کێشەکە ئەوەیە پێش ئەوەی ئەو کۆمەڵە وتارە نوێیەی فووکۆ بگاتە دەست خوێنەران، پۆلێمیک و قسە و قسەڵۆک سەبارەت بە کارەکەی فووکۆ لە ڕۆژنامە فەڕەنسییەکاندا دەست پێ دەکا. "لونوڤێل ئۆبسێرڤاتۆر" نامەی

خوێنەرێکی ژنی ئێرانی بڵاو دەکاتەوە کە لەودا ئەو خوێنەرە ئێرانییە بێزاریی خۆی لە وتاری رۆژی ١٦ ی ئۆکتۆبری فووکۆ بە سەردێڕی "ئێرانییەکان خەون بە چیەوە دەبینن؟" دەردەبڕێ. ئەو خوێنەرە لە نامەکەیدا بێهیوابوونی خۆی لە بەرامبەر فکری "حکومەتێکی ئیسلامی" کە خۆپێشاندەران هاواری بۆ دەکەن نیشان دەدا. ئەو هەروەها رەخنە لەو گەڕانەوە بۆ رەگ و ریشە خەڵکی‌یەکان و مەعنەویاتی ئیسلامی دەگرێ و ئاماژە بە بارودۆخی عەرەبستانی سعوودی دەکا کە لەوێ دەستی دزەکان دەبڕنەوە و سەری دڵدارەکان دەپەڕێنن. خوێنەرە ئێرانییەکە لەوە بەداخە کە فووکۆ نووسیویەتی "لە بەرامبەر ئەو مەعنەویاتە موسڵمانییە کە خەریکە جێی دیکتاتۆڕیی بێروحمی مافیایی روو لە زەواڵ دەگرێتەوە، هەژاوە". فووکۆ لە وەڵامی ئەم خوێنەرە ژنەدا دەنووسێ:"مادام لە ئێران کەسانێک خۆپێشاندانیان کردووە و بەدەم هاواری "بژی حکومەتی ئیسلامی"یەوە کوژراون، سەرەتاییترین ئەرکمان ئەوە بوو کە ئەو پرسیارە بێنینە گۆڕێ کە چ ناوەرۆکێک لەپشت ئەم دەستەواژەیەوەیە و چ هێزێک ئەم بزوتنەوەیەی وەڕێ خستووە. ئەمن تەنانەت چەندین توخمی ئەو حکومەتە ئیسلامی‌یەم باس کردووە کە هیچیان زۆر دڵخۆشکەر نین". فووکۆ بەدوای ئەوەوە بووە بزانێ چ شتێک لەپشت فکرەی حکومەتی ئیسلامییەوەیە و بۆچی ئەوەندە بەهێزە کە خەڵکێك ئامادەن تەنانەت ریسکی لەدەستدانی گیانی خۆیانی بۆ بکەن. وەک رۆژنامەوانێك فووکۆ دەیەوێ لە هەموو ئەو پاڵنەرە جۆراوجۆرانە تێبگا کە ئەو فکرەیە بە قازانجی خۆی کۆی کردوونەوە. هەوڵی فووکۆ بۆ ئەوەیە حاڵی بێ کە چ شتێک وا دەکا کە خەڵکانی ئەوەندە جیاواز لەپشت ئەم بانگەوازە ئیسلامییە کۆ ببنەوە. وڵامێکیش کە ئەو پێی دەگا ئەوەیە کە ئەگەرچی تاکەکانی کۆمەڵگای ئێران روانینی زۆر نالێک و جیاوازیان بۆ چۆنیەتیی وەدیهێنانی

ئیدەئالێکی تری سیاسی هەیە، بەڵام لە ریشەدا و سەبارەت بە خاڵی دەسپێکی بزوتنەوەکە کە بریتییە لە دژایەتیی حکومەتی شا هەموویان بەگشتی لەگەڵ یەکتر کۆکن، هەربۆیەشە گوتوویەتی راپەڕینی ئێران بەرهەمی ئیرادەیەکی بەکۆمەڵە.

چەند مانگێک دواتر، رۆژی ١ی فێوریەی ١٩٧٩، فڕۆکەکەی ئایەتوڵڵا خومەینی بەرەو ئێران دەفڕێ. فووکۆ لەو وەختەدا لە فڕۆکەخانەیە. رۆژی ١٣ی فێوریە ئەو وتارێکی تازە لە "کۆریەر دێلا سێرا"دا بڵاو دەکاتەوە. ئەو لەو وتارەدا سەبارەت بە ئایندەی ئێران پرسیار لە خۆی دەکا. بۆ ئەو مەبەستەش دەیەوێ "ئەو شتە بگرێ کە خەریکی روودانە" نەك ئەوە کە "مێژووی داهاتوو" بنووسێتەوە، نە ئەوەش کە "پێشبینیی رابردوو" بکا. وتارەکانی فووکۆ بارودۆخێک دەکێشنەوە. ئەو وتارانە بۆ ئەوە نین کە پێشبینیی داهاتوو بکەن. هەروەک "د. ئێریبۆن" لە ئۆتۆبیۆگرافییەکەیدا باسی کردووە، فووکۆ سەرسووڕماوی ئینقلابی ئێران ببوو، بەڵام خۆ هەموو چاوەدێرەکانی دیکەش هەر ئاوا بوون. "زۆر کەس باسی لایەنگریی فووکۆ لە ئێرانیان کردووە. بەڵام زۆر کەمن ئەو کەسانەی هەموو نووسراوەکانی ناوبراویان خوێندۆتەوە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە نووسراوەکانی لەو پێوەندییەدا وەرنەگێڕدراونەوە". ئەو قسەیە لانیکەم تا ساڵی ١٩٩٤ کە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی "گالیمار" گوتراو و نووسراوەکانی فووکۆی کۆ کردەوە و چاپی کردن، راستە. بە خوێندنەوەیەکی ئەو نووسینانە دەبینین کە فووکۆ، لەگەڵ ئەوەدا کە دیارە رێژیمی شاهەنشاهیی ئێران جێگایەکی لە دڵی ویدا نیە، بەڵام لەوەش ناڕەحەت و بێئومێدە کە پاش تەواو بوونی ئینقلاب، ئێران جارێکی دیکە جیایی دین و سیاسەت بە خۆیەوە نابینێتەوە. شکی تێدا نیە کە فووکۆ سەرسووڕماوی ئینقلابی ئێران بووە، بەڵام ئەوە بە مانای کوێر بوونی وی نەبووە. هەروەک "دانیەل دێفێر"ی هاوڕێی جەختی لەسەر کردووە، ئەو

شتەی هێندێك كەس لە كارەكەی فووكۆدا پێی تووڕەن ڕاست ئەوەیە كەفووكۆ "دەری خستووە كە لەپشت ئەو سەروژێركردنە سیاسییەوە بزوتنەوەیەكی قووڵی ئایینی خۆی حەشار داوە". "ئێریبۆن"یش ئەوە زیاد دەكا كە فووكۆ كارێكی نەكردووە جگە لە شایەتیدان و گێڕانەوەی هاوكات لەگەڵ ئارەزووی داهاتوویەكی جیاواز بۆ ئێران.

ڕەنگە پێویست بێ لە شوێنێكی دیكەش بەدووی هۆكاری ئەو جەنجاڵەدا بگەڕێین كە لە وتارەكانی فووكۆ كەوتەوە. فووكۆ ویستبووی لە كارەكەیدا هەم وەك ڕۆژنامەوان و هەم وەك فەیلەسوف بجوڵێتەوە. ئەگەر دەكرێ لە ڕۆژنامەوانێک قبووڵ بكەین كە بۆ ماوەیەك سەرسووڕماوی ڕووداوەكان بێ و ئارەزووی داهاتوویەكی باشتر بكا، ئەو مەودانەگرتن و ڕوون نەبینییە بۆ فەیلەسووفێک بۆ لێخۆشبوون و بەسەرەوەچوون نابێ. دوو ڕۆژنامەوان بە ناوەكانی "كلۆدی و ژاک برۆیەل" لە بابەتێكدا بەناوی "فەیلەسووفەكان بیر لە چی دەكەنەوە؟" ئەو شتەیان بەشێوازێكی توند وەبیر فووكۆ خستۆتەوە. ئەوان بە پێچەوانەكردنەوەی وتارەكەی فووكۆ لەژێر سەردێری "ئێرانییەكان خەون بە چیەوە دەبینن؟"، نووسینەكەیان بە باسی خۆپێشاندانی ڕۆژی ٨ ی مارسی ١٩٧٩ ی ژنان لە تاران دەست پێ دەكەن كە لەودا هاوار كراوە "بڕووخێ خومەینی". ئەو ژنانە ئەو كاتە ناڕەزایەتیی خۆیان بەدژی پۆشینی زۆرەملێی حیجاب و یەكەمین ئێعدامی موخالفان بەدەست گرووپە مەیلەو نیزامییە ئیسلامییەكان دەردەبڕن. لەو وتارەدا كە كارەكەی فووكۆ بە لایەنگریی ڕووناكبیرانی چەپ لە ڕێژیمە كۆمۆنیستەكان شوبهێندراوە، ئەو یەكەمین توندوتیژییانەی حكومەتی خومەینی وەک ئامرازێک بۆ تۆمەتباركردنی فووكۆ بەوە كە زۆر زوو و كوێركوێرانە پشتیوانیی لە خومەینی كردووە بەكار براوە.

فووکۆ قەت حازر نابێ وڵامی ئەو رۆژنامەنووسانە بداتەوە. بە دوو هۆ" یەکەم، لەبەر ئەوەی وەك بۆخۆی دەڵێ "لە ژیانمدا قەت نەچوومە نێو هیچ دەمەتەقێیەکەوە و بەنیاز نیم تازە دەست پێ بکەم". دووەم، لەبەر ئەوەی "لەسەری فەرز دەکەن کە دان بە هەڵەکانی دابنێ". ئەوەش بە باوەڕی وی، زۆرتر وەک مێتۆدەکانی پشکنینی بیروباوەڕ دەچێ کە لەودا ئامانج، تێگەیشتن نیە، بەڵکوو ناچارکردنی کەسی تاوانبار بۆ دانپێدانان بەمەبەستی مەحکوم کردنی.

دوای ئەوە فووکۆ نامەیەکی سەرئاوەڵا بۆ سەرۆک وەزیرانی "حکومەتی ئیسلامی" مێهدی بازرگان دەنووسێ و لەو نامەیەدا گفتگۆیەکی خۆی و ناوبراوی وەبیر دێنێتەوە. فووکۆ لەوێدا لەبیریەتی کە سەرۆک وەزیران هیوای خواستبوو ئیسلام ببێتە گەرەنتییەکی راستەقینە بۆ مافەکانی مرۆڤ نەک تەنیا پاساوێک بۆ سەرکوتی زیاتری تاکەکان.

پۆلێمیکی فووکۆ و ئینقلابی ئێران سەرەنجام بە وتارێکی درێژی ناوبراو کە رۆژی ۱۱ی مای ۱۹۷۹ لەژێر سەردێڕی "راپەڕین بێ کەلکە" لە رۆژنامەی "لومۆند"دا بڵاوی دەکاتەوە، کۆتایی پێ دێ. فووکۆ لەوێدا رۆڵی رووناکبیر وەک پێچەوانەی رۆڵی ستراتژی دارێژ واتە کەسێك کە لەپێناوی گەیشتن بە ئامانجدا هەموو ئامرازێک پاساو دەدا، پێناسە دەکا. خاڵی دەسپێکی فووکۆ ئامرازەکان، شێوازەکان و فکرەکان لە رەهەندی کۆنکرێت و فرەچەشن و تایبەتمەندی خۆیاندان. لەو کارەدا رەنگە دابڕانە مێژوویی‌یەکان و بەربەستە سیاسییەکان نادیدە بگیرێن، بەڵام گرینگ ئەوەیە کە لەسەر بنەمای ئەو خانەبەندییەی کەسێک خۆی تێدا دەبینێتەوە، پێشداوەری نەکرێ.

ئەو، کارەکەی خۆی بەم جۆرە پاساو دەدا :"ئەمن رووناکبیرم. ئەگەر لێم بپرسن چۆن دەڕوانمە ئەو شتەی دەیکەم، لە وڵامدا دەڵێم: ئەگەر ستراتێژی داڕێژ ئەو مرۆڤە بێ کە دەڵێ گرینگ نیە خەڵک بکوژرێ، گرینگ نیە هاوارێک هەستێ، گرینگ نیە راپەڕینێک روو بدا، بەڵکووگرینگ پێویستی‌یە گەورەکەیە یان دەڵێ گرینگ نیە پرەنسیپە گشتی‌یەکەمان چیە بەڵکوو گرینگ ئەو دۆخە تایبەتی‌یەیە کە تێیداین، ئەودەم بۆ من هیچ جیاوازی‌یەک نیە لەنێوان ئەوەدا کە ستراتێژی داڕێژەکە سیاسەتمەدار بێ، مێژووناس بێ، ئینقلابی بێ، لایەنگری شا بێ یان هی ئایەتوڵلا، ئەودەم ئەخلاقی تیئۆریی خۆم بەپێچەوانە دەکەمەوە. ئەخلاقی تیئۆریی من دژە ستراتێژییە: واتە ئەوە کە لە هەر حاڵەتێکدا دەبێ رێز لە تاک تاکی ئەوانە بگرین کە رادەپەڕن، و نابێ لەگەڵ ئەوانەش کە بەها و پرەنسیپێکی گشتگیر و گەردوونی پێشێل دەکەن نابێ حازر بە سازان بین. ئەمە هەڵبژاردنێکی ئاسان بەڵام بنیاتنانێکی دژوارە : چونکە هاوکات دەبێ چاومان هەم لەوە بێ کە لەژێرەوەی مێژوودا مێژوو دەپچڕێنێ و دەیلەرزێنێ، هەم کەمێک لە پشتەوەی سیاسەتەوە ئەو شتە ببینین کە دەبێ سنوورێکی ئیجباری بۆ سیاسەت دابنێ. هەرچۆنێک بێ کاری من ئاوایە، ئەمن نە یەکەم کەس و نە تەنیا کەسم کە کارێکی وا بکەم. بۆخۆم ئەو کارەم هەڵبژاردووە".

بەسەرهاتی رۆژنامەوانییانەی فووکۆ بەم جۆرە کۆتایی پێ دێ. دواتر فووکۆ جگە لە یەك دوو حاڵەت خۆ لە دووپاتکردنەوەی ئەو ئەزموونە دەبوێرێ. ژوورنالیسم جێگایەک بۆ پەژیوانی ناهێڵێتەوە و فووکۆ لە تێکستێکیدا بەناوی "لەپێناوی ئەخلاقێکی سەختگیردا" ستایشی ئەو کەسانە دەکا کە لە ئێشێك شارەزان کە بریتی‌یە لە بردنەژێر پرسیاری دڵنیایی‌یەکان بەبێ ئەوەی واز لە باوەڕەکانیان بێنن.

**ب. سەفەری یەکەم: لە ١٦ تا ٢٤ی سێپتامبر**

لە مانگی ئووتی ١٩٧٨ بەولاوە لەگەڵ سووتانی سینەما ڕێکسی ئابادان سەرنجی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەچێتە سەر ڕووداوەکانی نێوخۆی ئێران. فووکۆ پێش چوونی بۆ ئێران، لە ڕێگای خوێندنەوەی کتێبەکانی هێنری کۆربینەوە لەگەڵ بارودۆخی ئێران ئاشنا ببوو. ئەو بەمجۆرە ئاگاداری ڕەفتاری درندانەی ساواک ببوو و هەربۆیەش چەند جارێک داکۆکیی لە نەیارانی ڕێژیم کردبوو. کەوابوو فووکۆ کەسێک نیە کە سەبارەت بە بارودۆخی ئێران بێئاگا و نەشارەزا بێ.

ئەو ڕێک پاش ڕووداوەکانی هەینیی ڕەش کە لەودا ئەرتەش تەقەی لە ئاپۆرای خەڵک لە مەیدانی ژاڵە کردبوو و هەزاران کەسی لێ کوشتبوون، گەیشتە ئێران. کۆتایی سێپتامبر و سەرەتای نۆڤامبر دەسەڵات ١٢٠٠ زیندانیی سیاسیی ئازاد کرد لەکاتێکدا زانکۆی تاران لەلایەن خوێندکارانەوە دەستی بەسەردا گیرابوو. لەوکاتەدا ڕاپەڕین و تەق و تۆق لە گۆشە و کەناری وڵاتیش ڕوو دەدەن.

یەکەمین وتار کە فووکۆ سەبارەت بە ئینقلابی ئێران دەینووسێ لەژێر سەردێڕی "ئەرتەش، کاتێك عەرز دەلەرزێ" بڵاو دەبێتەوە. ئەم وتارە بە پارادۆکسێك دەست پێ دەکا : پاش بوومەلەرزەی ساڵی ١٩٦٨ و وێرانبوونی تەواوی شاری فیردەوس، شارەکە لە دوو شوێنی زۆر جیاواز دروست کرابۆوە: لەلایەک ئیدارەی دەوڵەت بەرنامەی ئاوەدانکردنەوەی هێندێک بەشی دارشتبوو، لەلایەکی دیکەشەوە بازاڕی و خاوەن مەزراکان بە یارمەتیی پیاوێکی ئایینی گوندەکەیان دروست کردبۆوە. ناویشیان نابوو ئیسلامییە.

ئەمە نموونەیەکی باشی درزی سیاسی بوو لەنێوان بژاردەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و خەڵکی ئاسایی کە ئارەزووەکانیان بەتەواوی لەلایەن دەسەڵاتەوە

پشتگوێ خرابوون. فووکۆ ئەم بوومەلەرزەیە بە کارەساتی هەینیی ڕەش دەشوبهێنێ کاتێك "عەرزی تاران لەژێر زنجیری تانکەکاندا لەرزیوە". ئەو دەنووسێ :"زەوی کە دەلەرزێ و هەموو شتێک وێران دەکا دەتوانێ مرۆڤەکان پێکەوە کۆ بکاتەوە، زەوی سیاسییەکان دابەش دەکا و زیاتر لە هەر کاتێک نەیارییەکان زەق دەکاتەوە. لەحاڵەتێکی وادا دەبێ چاوەڕوانی چی بین؟ دەبێ چاوەڕوانی هەڵچوونی زیاتری گرژییەکان بین. دەسەڵات پێی وایە کە دەتوانێ رق و تووڕەیی و سەرسووڕماویی خەڵک بەهۆی قەتڵوعامی هەینیی ڕەشەوە لە ئەگەر و ئەمماکانی سروشتدا بەلاڕێ دا ببا و لەبیریان بەرێتەوە، بەڵام لەو کارەیدا سەرکەوتوو نابێ".

هێندێك ئەولاتر، فووکۆ ئاڵۆزیی ئەو بارودۆخە باس دەکا کە شا خۆی تێدا گیر کردووە. ئەو ئەرتەشەی ئەو پشتی پێ دەبەستێ پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی یەکدەستی نیە و یارمەتی بە گەشەسەندنی ئابووریی وڵاتیش ناکا: "لە وڵاتدا پێکهاتەیەکی ئابووری و سەربازیی پتەو وجوودی نیە". لەوەش زیاتر ئەو ئەفسەرە پلەبەرزانەی نێو ئۆپۆزیسیۆن کە فووکۆ چاوی پێ کەوتوون باسی ئەوە دەکەن کە زۆر زەحمەتە سەربازی ئێرانی رازی بکەی تەقە لە خەڵک بکا. ئەرتەش هەرچەند دژە مارکسیستیش بێ زۆر باش دەزانێ ئەو خەڵکەی لەسەری فەرز کراوە تەقەی لێ بکا "برا"ی خۆنی، بازاڕی و کارمەند و کەسانی بێکارن. چەند کەس لەو سەربازانەی لە هەینیی ڕەشدا تەقەیان لە خەڵک کردبوو، دوای ئەو کارە خۆیان کوشتبوو.

ڕاپەڕینی خەڵک بە ناوی ئیسلامەوە بەڕێوە دەچێ. ئەرتەشیش هەر لەو مەزهەبەیە. بەم جۆرە "سەرباز و ئەفسەرەکان بۆیان دەردەکەوێ کە ئەوان لەگەڵ دژمنێک بەرەوڕوو نین، بەڵکوو لەگەڵ کۆمەڵێک ڕێبەری ڕووحانی کە جێگای ڕێزی خەڵکن". دیارە ئەوە بەو مانایە نیە کە ئەرتەش دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێ. فووکۆ بە دروستی ئیشارە بەوە دەکا کە ئەرتەش لەڕادەبەدەر

دابەش و لەرزۆکە :"ئەرتەش لە خۆیدا هیچ هێزێکی دەستێوەردانی سیاسیی نیە. (...) ئەرتەش تەنیا دەتوانێ رێگا بۆ چارەسەرێک خۆش بکا، یان بەپێچەوانەوە رێگا لە چارەسەرێکی دیاریکراو بگرێ. ئەرتەش ناتوانێ رێگاچارەی تایبەت بە خۆی پێشنیار بکا یا بیسەپێنێ". فووکۆ ئاکامگیری دەکا کە لەنێوان ئەو دوو کلیلەدا کە ئیدیعا دەکەن دەتوانن دەرگای ئەرتەش بکەنەوە، کلیلی هەرە لەبار و گونجاو کلیلی ئەمریکایی نیە بەڵکوو کلیلی ئیسلامیی راپەڕینی خەڵکە.

هەر لە یەکەم وتاریەوە دەبینین کە ئەوەی بۆ فووکۆ گرینگە سەرنجدان بە چەمکی دەسەڵات و وەك ئۆلیڤییە رووا جەختی لەسەر کردبوو، چۆنیەتیی ئەو پرۆسەیەیە کە لەودا تاکەکان لە کاتێکی دیاریکراودا راپەڕین هەڵدەبژێرن. لە بەرامبەردا دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێ کە فووکۆ شرۆڤەی نیهادگەرایانەی بە هەوێن مارکسیستی پشت گوێ ناخا، چونکە مادام فووکۆ لە جێگە و پێگەی ئەرتەش لەنێو نیهادە سیاسییەکان دەکۆڵێتەوە، ئەوە بە مانای ئەوەیە کە هەوڵ دەدا بزانێ ئەو ئەکتەرانەی قورسایی دەخەنە سەر رەوتی کێشەکان کامانەن. ئەوەندەی هەیە کە لەم حاڵەتە تایبەتییەدا فووکۆ زۆرتر سەرنج دەداتە جێگە و پێگەی ئیسلام کە پێی وایە ئەو هێزەی کاریگەریی هەرە گەورەی هەیە ئیسلامە.

وتاری دووەمی فووکۆ لەژێر سەردێری "شا سەت ساڵ لەدوایە" بڵاو دەبێتەوە. ئەو بە پێشداوەرییە هەمیشەییەکانی رۆژئاوایی سەبارەت بە ئێران دەست پێ دەکا : لە رۆژئاوا قەیرانی ئەم وڵاتە هەمیشە وەک "قەیرانی مۆدێرنیزاسیۆن" چاو لێ کراوە، واتە کۆمەڵگایەکی نەریتی کە ناتوانێ خۆی لەگەڵ پێویستییەکانی بە مۆدێرن بوون بگونجێنێ و لەگەڵی بروا، ئەمەش ناچاری دەکا کە خۆی بە رابردووەکەی و بە بیروباوەڕی کۆنەپەرستانە ببەستێتەوە.

فووکۆ سەبارەت بەم کلێشەیە پرسیار لە ئێرانییەکان دەکا بۆ ئەوەی بزانێ خەڵك لەو بارەوە چۆن بیر دەکاتەوە. لەڕاستیدا ئەوەی خەڵکی ئێران لەدژی راپەڕیون، رێژیمی ئیمپریالی شایە، رێژیمێک کە بە سێ تایبەتمەندیی پێکەوە گرێدراو

دەناسرێتەوە : مۆدێرنیزاسیۆن، سەرەڕۆیی و گەندەڵی. فووکۆ لە لێکۆڵینەوەکەیدا شتێکی گرینگ دەدۆزێتەوە : ئەوەی لە ئێران لە ئارادایە ڕەتکردنەوەی مۆدێرنیتەی لەپڕ و ڕەق لەلایەن هێندێک گرووپی پاشکەوتووەوە نیە، بەڵکوو "ڕەتکردنەوەی مۆدێرنیتەیەکە کە بۆخۆی بۆدواوەگەڕانەوەیە لەلایەن تەواوی گەل و فەرهەنگی وڵاتەوە". فووکۆ لە هەمان شوێن لە درێژەدا دەنووسێ :"مۆدێرنیزاسیۆن وەک پرۆژەی سیاسی و وەک پرەنسیپێک بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە ئێرانی ئەمڕۆدا وەک شتێکی بەسەرچوو چاو لێ دەکرێ".

لە ئینقلابە کلاسیکەکاندا، ئێمە شایەتی بەرەوڕووبوونەوەی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکانین. بەڵام لە ئێراندا وا نیە. بۆ ئەوەی لە ئینقلاب تێ بگەین ناتوانین بە شرۆڤەیەکی کۆمەڵناسانە قەناعەت بکەین، چونکە ئینقلابی ئێران لەڕاستیدا دەربڕینی ویستی سەرجەم گەل و سەرجەم فەرهەنگی خەڵکی ئەو وڵاتەیە. ڕێژیمی شا کارێکی کردووە کە تەواوی چین و توێژەکانی وڵات لێی ناڕازی بن، لە گەورە ملکدارەکانەوە بگرە تا بازاڕی و وەستاکارەکان، لە چینی هەرە دەوڵەمەندەوە بگرە تا چینی هەرە بێدەرەتان. فووکۆ شرۆڤەکەی خۆی دەخاتە ئاستێکی فەرهەنگی. شکستی شا لەڕاستیدا شکستی مۆدێلێکە کە بریتییە لە بە مۆدێرن کردنی ئورووپاییانەی وڵاتێکی ئیسلامی. ئەو ناسیۆنالیزمەی ڕێژیم پەرەی پێ داوە و لەسەر بەئەفسانەکردنی پاکیی ڕەگەزی ئاریایی ڕاوەستاوە، تەنیا لەپێناو پەرەپێدان بە شان و شکۆی پاشایەتیدا کار دەکا، نەك بۆ خەڵک. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر سێکۆلاریزمیش، ئەویش لە بەرامبەر ئەو ڕاستییەدا گیر دەکا کە پرەنسیپی ڕاستەقینەی ویژدانیی میللی لە ئێران مەزهەبی شیعەیە. بەم چەشنە، ئەو سێ پرەنسیپە کە ڕێژیمی شا داکۆکییان لێ دەکا واتە مۆدێرنیزاسیۆن و ناسیۆنالیزم و سێکۆلاریزم لەڕاستیدا تەنیا ئامرازی وەدیهێنانی خەونە سیاسییەکانی بنەماڵەی دەسەڵاتدارن و لە خزمەت خەڵکدا نین.

ئەم خانەوادەیە لە تاقمێکی زۆر بچووکی قازانجپەرەست پێکهاتووە کە وڵات بۆ دەوڵەمەند بوونی خۆی بەکار دەبا. ئەو تاقمە پۆلیس و ئەرتەشی وڵاتی خستۆتە دەستی خۆیەوە و لەگەڵ رۆژئاواییەکان گرێبەست واژۆ دەکا. لە بنەڕەت ڕا شا لە سایەی پشتیوانیی بێگانەوە توانیبووی لەسەر کورسیی دەسەڵات جێگیر بێ. فووکۆ لەو باوەڕەدایە کە خەڵکی ئێران هەقیانە کە ڕێژیمی پەهلەوی وەک ڕێژیمێکی داگیرکەر چاو لێ بکەن، "ڕێژیمێك کە هەمان فۆرم و هەمان تەمەنی ئەو ڕێژیمە ئیستعمارییانەی هەیە کە لە سەرەتای سەدەوە تا ئێستا ئێرانیان کردۆتە ژێردەستەی خۆیان". هەربۆیە فووکۆ پرۆژەی بە مۆدێرنکردنی ئێران وەك شتێکی بەسەرچوو دەزانێ چونکە ئەو پرۆژەیە شتێک نیە جگە لە خەونی خرفاوانەی کرانەوەی ئەم وڵاتە بەڕووی دنیادا لە ڕێگای سێکۆلاریزم و پیشەسازییەوە، واتە هەمان خەونی کۆلۆنیالی. دیارە ئەم جۆرە دەربڕینەی فووکۆ زۆر زوو دەکرێ خراپ لێک بدرێتەوە. بەڵام فووکۆ قەت ناڵێ پێویستە واز لە مۆدێرنیزاسیۆن و سێکۆلاریزم بێنین، بەڵکوو دەڵێ کە دەبێ واز لەوە بێنین کە بە شێوەی بەسەرچوو و توندی ئیستعمارییانە، وڵاتێک یا گەلێک بەمۆدێرن یا بە سێکولار بکەین.

"تاران: ئیمانی خەڵک دژی شایە" سەردێڕی سێهەمین وتاری فووکۆیە. فووکۆ بۆخۆی دەیویست ئەم وتارە لەژێر سەردێڕی "لە چاوەڕوانیی ئیمامدا" بڵاو بکاتەوە. ئەو مەبەستی دوازدەهەمین ئیمامی شیعەکان بوو. ئەم وتارە کاریگەریی دیدارێکی فووکۆ لەگەڵ ئایەتوڵڵا شەریعەتمەداریی لەسەرە کە ڕۆژی ٢٠ی سپتامبری ١٩٧٨ لە قوم بەڕێوە چووە. شەریعەتمەداری رووحانییەکی گەورەی شیعە و فەیلەسووفێک کە ئەودەم تەمەنی هەشتا ساڵ بوو، لایەنگری روانگەیەکی سیرفەن رووحی بۆ شیعە گەرایی بوو و پێی وابوو کە رووحانیەتی شیعە نابێ دەسەڵاتی دنیایی بۆخۆی قۆرغ بکا. ئەم گفتگۆیە فووکۆی بەو قەناعەتە گەیاندبوو کە دەسەڵاتی نوێ لە ئێراندا ناتوانێ دەسەڵاتێکی تیئۆکراتی بێ.

دواتر له مانگی فێوریەی ١٩٧٩دا شەریعەتمەداری لە بەرامبەر خومەینیدا ڕاوەستا. هەربۆیە دوایین ڕۆژەکانی ژیانی بە دەستبەسەری لە ماڵەکەی خۆی تێپەڕاند.

وتارەکە بە ئاماژە بە گرینگیی شارسازی و فراوانبوونەوەی شارەکان لە ساڵانی دواییدا دەست پێ دەکا: لە ماوەی دە ساڵدا دانیشتووانی شار لە ئێران لە نۆ میلیۆن کەسەوە بۆ حەڤدە میلیۆن کەس زیادی کردبوو. ئەم بەشاری بوونە بەشێکی بەرچاوی ئێرانییەکانی کە زۆربەشیان هەژار بوون ناچار کردبوو کە بەشێوەی رادیکاڵ مۆدی ژیانی خۆیان بگۆڕن. دەوڵەت ئەمانەی لەپڕێکلە ژیانی نەریتیی خۆیان دابڕاندبوو. هەربۆیە ئیسلام ببووە ئامرازێک بۆ دۆزینەوەی ناسنامەیەکی ونبوو. ئیسلام ریشەی قووڵی لە کۆمەڵگای ئێرانیدا هەیە: چەندین سەدەیە  کە ئیسلام یاسا و رێساکانی ژیانی رۆژانە و پێوەندییەکانی خانەوادە لە ئێراندا دیاری دەکا. بە وتەی کۆمەڵناسێکی ئێرانی کە فووکۆ لە وتارەکەیدا ناوی دەبا، ئیسلام "بایەخێکە کە خەڵك پەنای بۆ دەبا".

دوای هەینیی رەش، کۆمەڵێك رێوڕەسمی ئایینی بەڕێوە چوون. ئەم جۆرە بۆنانە کاتی یەکگرتنی گرووپەکان لە دەوری ئیسلامن.  بە درێژایی ساڵی ١٩٧٩، زنجیرەیەکی بێ پسانەوەی توندوتیژی و پرسە و ڕێوڕەسم و پاشان سەرلەنوێ راپەڕین و خۆپێشاندان لە ئارادا بوو. لە بەرامبەر ئەم توندوتیژییە سیاسییەی رێژیمدا، خەڵکی ئێران خۆیان لە ئاییندا دەبیننەوە و بەشێوەی تەقریبەن سروشتی داوای "حکومەتێکی ئیسلامی" دەکەن، چونکە خەڵک بژارێکی دیکە لەپێش خۆی نابینێ.

لەم پرۆسەیەدا مزگەوتەکان رۆڵی گرینگی رایەڵە دەگێڕن. مەلاکان لە خوتبەکانیاندا بە تووڕەییەوە لەدژی شا و ئەمریکا و رۆژئاوا قسە دەکەن. ئەوان داوا لە خەڵک دەکەن کە بەدژی ئەم رێژیمە خەبات بکەن. بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم

بانگەوازەش لە شەقامەکان بڵیندگۆ بەکار دەبەن. ئەوان هەروەها کاسێتی خوتبەکانیان لە تەواوی وڵاتدا بڵاو دەکەنەوە.

٩٠٪ی خەڵکی ئێران شیعەن. بەپێی باوەڕی ئیمامەت، ئەوان چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئیمامێکن کە نەزمی عادڵ زاڵ بکا. بەڵام تا ئەودەم دەتوانن بۆ حکومەتێکی باش خەبات بکەن. شیعەگەرایی لەرێگای مەزهەبە گوڕوتینی سیاسی دەداتە ئێرانییەکان. ئەوان دەبێ لە بەرامبەر دەسەڵاتدا داکۆکی لە مەزهەب بکەن. رووحانییەکان لەڕاستیدا تووڕەیی و ئارەزووکانی خەڵکی خۆیان دەگوازنەوە بۆ بەستێنی گشتی. رێکخستنێکی پلەبەندانەی دەسەڵاتی ئایینی وجوودی نیە، بەڵام کاتێك رووحانییەکان ناعەداڵەتی لەقاو دەدەن، خەڵك گوێیان لێ دەگرێ.

ئەوە بەڵام بەو مانایە نیە کە مەلاکان ئینقلابی بن. شیعەگەرایی ئیدئۆلۆژییەك نیە کەتەنیا زمانێک بۆ فۆرمووولەکردنی داواکارییە سیاسییەکان بێ، بەڵکوو "فۆرمێکە بۆ خەباتی سیاسی بە پشتبەستن بە توانای رێکخستنی چینە هەژارەکان". بە بڕوای فووکۆ ئەم ئیدئۆلۆژییە هێزێک و فۆرمێکی دەربڕین و شێوازێکی پێکەوە بوون و گوێ گرتن و قسە کردنە: شتێکە کە دەبێتە هۆی ئەوەی گوێت لێ بگرن. بە واتایەکی تر، ئیسلام ئایینێکە کە هێزەکەی زۆر فراوانتر لە بەستێنی دەسەڵات و دەوڵەتە. بوارێکی سەربەخۆ و جیاواز لە بەستێنی دنیایی هەیە. هەربۆیە بە ئاسانی دەتوانێ ببێتە هەڵگر و رێکخەری بێزارییەکانی خەڵک.

چوارەمین وتاری فووکۆ لەژێر سەردێڕی "گەڕانەوە بۆ پێغەمبەر" چاپ دەبێ. ئەو وتارە دواتر هێندێک بەشی پێوە زیاد دەکرێ و لە گۆڤاری "لونوڤێل ئۆبسێرڤاتۆر"دا لەژێر ناوی "خەڵکی ئێران خەون بە چیەوە دەبینن؟" سەرلەنوێ چاپ دەکرێتەوە. فووکۆ لەو وتارەدا دەگەڕێتەوە سەر ئەو پرسە ستراتژییانەی لە گرەوی ئینقلابی ئێراندان: ئێران بەهۆی ئەو هەمووە نەوتەی کە

له عەرزەکەیدایە بۆ ئەمریکاییەکان گرینگییەکی یەکجار زۆری هەیە. لەلایەکی دیکەوە، بەهۆی شەڕی سارد ترس لە سۆڤیەتیش لە ئارادایە.

فووکۆ ئینجا باسی دیداری خۆی و خومەینی لە مانگی ئۆکتۆبر لە فەڕانسە دەکا. بێگومان فووکۆ بە کەسایەتیی شا سەرسووڕماو ببوو [چونکە شا و خومەینی پێکەوە دەگرێ]. ئەو لەو بارەوە دەنووسێ:"هەتا دوێنێ خومەینی پەنای بۆ پاریس بردبوو و سەرباری هەموو فشارەکان سەرەنجام دەرگای پەناگاکەی شکاند و لێی هاتە دەر". ئەو هەروەها باسی ئەوە دەکا کە ئەو ململانێیە لەڕاستیدا ململانەی نێوان دوو کەسایەتیشە، واتە پاشا و شێخی "پیاوچاک". لە روانگەی بیروڕای گشتیی نێونەتەوەییەوە، خومەینی بۆتە ئالاهەڵگری ئینقلاب. بەڵام فووکۆ تێ دەگا کە مەسەلەکە هەر ئەوەندە نیە : هەموو ئەو هاتوچۆ و سەردانانە بۆ لای ئایەتوڵڵا نیشانی دەدا کە لەپشت بابەتی ئایینی لەڕاستیدا کۆمەڵێک پرسی گرینگی سیاسی لە گرەودان.

بۆ زۆر لە چاوەدێران ئینقلابی ئێران ئەو ئاکامەی نەبوو کە خەڵکی ئێران لەدوای رووخانی رێژیم چاوەڕوانی بوون. بەڵام فووکۆ بەدەم سووڕانەوە بەنێو شەقامەکانی تاران و قومو قسەکردن لەگەڵ خوێندکاران و رووناکبیران و پیاوانی ئایینی سەرنج دەدا کە ئەوەی خەڵکی ئێران دەیانەوێ ئەوەندەی "حکومەتێکی ئیسلامی"یە، ئەوەندە ئینقلاب نیە. ئەوەش بە رێکەوت نیە، چونکە ئەوە راست ئەو شتەیە کە ئایەتوڵڵا خومەینی داوای دەکرد. ئیسلامی شیعە زۆر تایبەتە. ئێران نە عەرەبە نە سوننە. کەواتە وڵاتێکە کە لە بنەڕەت ڕا نەدەبوو بکەوێتە بەر رکێفی ئیسلامیزم یان پان-عەرەبیزم. هەربۆیە چەمکی "حکومەتی ئیسلامی" سەرچاوەی کێشەیە. فووکۆ ئیدیعا دەکا کە "لە ئێران، هیچ کەس مەبەستی لە حکومەتی ئیسلامی رێژیمێکی سیاسی نیە کە لەودا رووحانییەکان رۆڵی بەڕێوەبردن و چوارچێوەدانانیان هەبێ". بەڵام زۆر زوو دەردەکەوێ کە ئەم روانینە بۆ جیایی و سەربەخۆیی بوارەکانی رووحی و دنیایی

روانینێکی بەپەلە و خۆشبینانە بووە، روانینێك کە وەک باسمان کرد بەرهەمی گفتگۆ لەگەڵ ئایەتوڵڵا شەریعەتمەداری بوو کە پێی وا بوو نە بواری رووحی و نە بواری دنیایی بە قازانجیان نیە کە لە ئێراندا دەست لە کاروباری یەکتر وەربدەن، بەڵام دەکرێ رووحانییەکان ئەرکی رەخنەگرتن لە کاری سیاسییەکانیان هەبێ.

بەپێی فووکۆ مەبەست لە چەمکی "حکومەتی ئیسلامی" دوو شتە:

- ئیدەئالێک: گەڕانەوە بۆ ئیسلامی سەردەمی پێغەمبەر، هاوکات هەنگاونان بەرەو نوختەیەکی رووناکی کە لەودا ملکەچیی خەڵک لەرێگای وەفاداری بە قورئانەوە وەدی دێ. ئەمەش پێویستیی بە جۆرێک بێمتمانەیی لە بەرامبەر نەزمی قانوونیی مەوجوود و ئیمان بە خەللاقیەتی ئیسلام هەیە؛
- ئیرادەیەکی سیاسی: بە سیاسی کردنی پێکهاتە کۆمەڵایەتی و ئایینییە لێکدانەبڕاوەکان و کرانەوەی بواری سیاسی بۆ رەهەندێکی رووحی و مەزهەبی.

"حکومەتی ئیسلامی" وەک ئیدەئال لەڕاستیدا سیغەی ئێکەتیڤی ئەمچەمکانەیە. ئەم حکومەتی ئیسلامییە ئیدەئالەکانی دێموکراسیی بۆرژوازیی فەیلەسوفەکانی رۆشنگەریی ئینقلابی فەڕانسە لە خۆ دەگرێ: بەرزنرخاندنی کار، رێزگرتن لە ئازادییەکان، بڕیاردانی سیاسی بەپێی زۆرایەتی، ئازادیی رەخنەگرتن لە حکومەت. فووکۆ ئیدەئالەکانی رۆشنگەری بەکەم ناگرێ، بەڵام دەزانێ کە رۆژئاواش هەر بەبیانووی ئەم پرەنیسپانە وڵاتانی دیکەی کۆلۆنی کرد و خەڵکی شکەنجە کرد و کوشت. فووکۆ دەنووسێ: "زۆر جار دەڵێن کە پێناسەکانی حکومەتی ئیسلامی ناڕوونن. بەپێچەوانەوە، بۆم دەرکەوتووە پێوەرەکانی حکومەتی ئیسلامی ئەوەندە روونن کە هەموو کەس لێی تێ دەگا و زۆریش جێی نیگەرانین". فووکۆ هیچ لەوە خۆشحاڵ نیە کە بزوتنەوەیەک وەڕێ کەوتووە کە دەیەوێ رۆڵێکی دائیمی لە ژیانی سیاسیی ئێراندا بداتە پێکهاتە نەریتییەکانی

کۆمەڵگای ئیسلامی، بزوتنەوەیەک کە زۆر پێش گەیشتنەوەی خومەینی بۆ ئێران وەڕێ کەوتبوو. ئەم ئیدەئالە لەڕاستیدا ئامرازێک بوو بۆ ئەوەی ئەو ئاگردانە سیاسییانەی لەنێو کۆمەڵگا دینییەکانی ئێران بۆ موقاومەت لە بەرامبەر شادا هەڵگیرسابوون، بە گەشاوەیی بمێننەوە. فووکۆ دەڵێ ئەمە پرەنسیپێکی داهێنانی سیاسییە. بەداخەوە ئاینده دەری دەخا کە قسەکەی وەڕاست گەڕا. ئەوە کە خومەینی لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا چەمکی ویلایەتی فەقیهی تۆمار کرد، ڕێک داهێنانێکی سیاسی بوو.

لە بەرامبەردا، فووکۆ ئیرادەی سیاسی کە لەپشت ئەو چەمکەیەوە پێی خراپ نیە. ئەمەش ئاماژە بە هێنانە ناوەوەی "ڕەهەندێکی رووحی" بۆ نێو ژیانی سیاسی دەکا، واتە "کارێک بکرێ کە ژیانی سیاسی وەک هەمیشە ڕێگر نەبێ لە باوەڕ و رووحانیەت بەڵکوو بەپێچەوانەوە شوێنێک و دەرفەتێک و هەوێنێک بۆ ڕاکێشان و کەڵك لێ وەرگرتنی". لێرە فووکۆ لە شەریعەتی نزیکە نەك لە خومەینی، شەریعەتییەك کە دەرسی لە ئورووپا خوێندبوو و بزاڤە مەسیحییەکانی چەپی دەناسین. بە بڕوای ئەو، مانای ڕاستەقینەی شیعەگەری لە ژینگەی نیهادیی رووحانیەتی شیعەدا نیە، بەڵکوو " لە وانەیەک بۆ عەداڵەت و یەکسانیی کۆمەڵایەتی کە ئیمامی یەکەم ئامۆژگاریی کردووە". فووکۆ لە درێژەدا دەنووسێ:"بۆ من سەختە وەک بیر و تەنانەت وەک ئیدەئالێک چاو لە حکومەتی ئیسلامی بکەم. بەڵام وەک "ئیرادەی سیاسی" سەرسووڕماوی کردووم". ئەوەی سەرنجی فووکۆی ڕاکێشاوە توانای ئیسلامە بۆ بەسیاسی کردنی گیروگرفتەکانی سەردەمی ئەمڕۆ و ئەو کراوەییەی بەرەو ڕەهەندی رووحی دروستی دەکا. دەنا فووکۆ هیچ پێی وا نیە کە ئیسلام توانای پێشنیارکردنی ئیدەئالێکی سیاسیی هەبێ، بەڵکوو توانای ئەوەی هەیە کە دەسەڵاتی وەخت لە ڕەهەندە سەرکوتکەرەکەیدا لەقاو بدا.

بەڵام ئەو ئیرادە سیاسییەش بۆخۆی سەرچاوەی دوو کێشەیە. کێشەی یەکەم بڕ و ڕادەکەیەتی: ئایا ئەم ئیرادەیە دەتوانێ ببێتە هۆی ئینقلابێکی راستەقینە؟ کێشەی دووەم، بریتییە لە ڕیشەداربوونی: ئایا ئەم ئیرادەیە دەتوانێ وەک پرەنسیپێکی دائیمی بۆ راوەستان لە بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسیدا بمێنێتەوە؟ فووکۆ دەڵێ ئەو (وەک فەیلەسووفێک) زۆرتر نیگەرانی دوو کێشەیە. یەکەمئەوە کە چۆن لەو ئیرادەیە بۆ حکومەتێکی ئیسلامی بڕوانین: ئایا ئەمە ئاشتکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت و ئایینە یان شیپانەی شتێکی نوێ و گۆڕان بەرەو شتێکی پێشتر نەدیتراو؟ دووەم ئەوە کە ئایا گەڕان بەدوای رووحیگەرایی سیاسی لەلایەن کەسانێکەوە کە لەو پێناوەدا گیانی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە چ مانایەکی هەیە؟ گەڕانێك کە لەدوای ڕێنێسانس و قەیرانە گەورەکانی دنیای مەسیحیەتەوە نموونەمان نەدیتبۆوە. فووکۆ وتارەکەی بە رستەیەک کۆتایی دێنێ کە ئەمڕۆ وەك گاڵتەجاڕێک دێتە بەرچاو : " لە ئێستاوە گوێم لێیە فەڕانسەوییەکان پێ دەکەنن، بەڵام دەزانم کە لە هەڵەدان".

وتاری پێنجەم پاش سەفەری یەکەمی فووکۆ بۆ ئێران لەژێر سەردێڕی "ئینقلابێک بە دەستی بەتاڵ" بڵاو دەبێتەوە. ئەم وتارە بەشی یەکەمی زنجیرەیەکی چوار بەشییە کە لەسەر داوای رۆژنامەی "کۆریەر دێلا سێرا" نووسراون. وتارەکە بە روونکردنەوەی تایبەتمەندیی مێژوویی و جوغرافیایی ئەوەی لە ئێران روو دەدا دەست پێ دەکا. لەڕووی مێژووییەوە، لەبەر ئەوەی سەدەی بیستەمە و بۆ رووخاندنی ڕێژیمێک چەک و چۆڵ و ڕێکخستنێکی زۆر و ئامادەکارییەکی ورد پێویستە. لەڕووی جوغرافیشەوە، لەبەر ئەوەی لە هیچ شوێنێکی دنیا نەبووە جگە لە ئێران کە ئینقلابێک تەنیا لەلایەن خەڵکەوە بەڕێوە بچێ بەبێ هیچ دەزگایەکی نیزامی، بەبێ پێشەنگ و بەبێ حیزبی سیاسی. تەنانەت ساڵی ١٩٦٨ یش [لە فەڕانسە] شتێکی هاوشێوە نەدیتراوە: لێرە خەڵک ئامانجێکی سیاسیی یەکسەرەی هەیە کە بریتییە لە رووخانی ڕێژیمی شا.

فووكۆ ئینجا جەخت لەسەر خێرایی رەوتی رووداوەکان دەکا. بە باوەڕی وی خێرایی بزوتنەوەکە بۆ سێ هۆکاری سەیر و هاودژ دەگەڕێتەوە:

- خەڵك بە دەستی بەتاڵ بەرەورووی ئەرتەشێک دەبنەوە کە یەکێک لە تەیارترین ئەرتەشەکانی جیهانە و لە بەرامبەر پۆلیسێکدا رادەوەستن کە یەکێک لە ترسناکترین پۆلیسەکانی دنیایە، ئەمەش فووکۆ بەو ئەنجامە دەگەیەنێ کە "هەتا قەیرانی یەکلاکەرەوە نزیکتر بێتەوە، دەسەڵات کەمتر دەتوانێ پەنا بۆ سەرکوتی خوێناوی ببا. مادام تەواوی گەل بەدژی دەسەڵات راپەڕیون، دەرەتانی شەڕی ناوخۆ نیە و سەربازەکان چیدیکە ناوێرن تەقە لە خەڵک بکەن؛
- راپەڕینەکە بەرفراوان بۆتەوە بەبێ ئەوەی کێشە و گرژی لەنێوان نەیارانی رێژیمدا دروست بێ و چین و توێژە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان هەروا یەکگرتوون؛
- نەبوونی ئامانجێکی درێژخایەن نەک هەر خاڵی لاواز نیە بەڵکوو بەپێچەوانەوە: "ئەوە کە هیچ پرۆگرامێک بۆ حکومەتی ئاینده لە ئارادا نیە و دەستوور و دروشمەکان کورتن هۆکارێکە بۆ ئەوەی ئیرادەی خەڵک روون، پێداگر و یەکدەنگ بێ".

بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی لە ئێراندا لە ئارادایە "چەشنێک مانگرتن لە بەرامبەر سیاسەتدایە". ئەمەش بە دوو مانایە: فەلەجکردنی سیستمی مەوجوود، و خۆبواردن لە گفتگۆ سەبارەت بە یاسای بنەڕەتیی ئاینده. دەتوانین ئەمە ناو بنێین تەکنیکی ژشک : هەموو چەقڵەکان روو بە دەرەوە. هەموو هەوڵێک دەدرێ بۆ ئەوەی پرسیارە سیاسییەکان نەبنە هەوێنێك بۆ بابەتیی سیاسیی کێشەلەسەر: ئیرادەی سیاسیی گەلی ئێران ئەوەیە کە چیدی چارەنووسی خۆی نەداتە دەست سیاسەت و سیاسییەکان.

فووکۆ لەمەڕا "یاسایەکی مێژوو" دادەڕێژێ:" هەتا ئیرادەی گەلێک سادەتر بێ، کاری پیاوانی سیاسی سەختتر دەبێ". سیاسەت ئیدیعا دەکا کە دەربڕدراوی ئیرادەی بەکۆمەڵە، بەڵام ئەمجارە لە ئێران وا نیە. سیاسەت کار ناکا مەگەر لەو شوێنە کە ئیرادە و خواستی فرەچەشن، دوودڵ یا ناڕوون هەبن.

لە کاتی نووسینی ئەم وتارەی فووکۆدا، ئێران دوو ڕێگای لەپێشە. ڕێگاچارەی یەکەم هی عەلی ئەمینی سەرۆک وەزیری شایە کە پێشنیاری سازانێک دەکا: شا بەشێوەیەکی کاتی لە دەسەڵات بکشێتەوە و بوار بۆ سیاسەت و حکومەت بێڵێتەوە. ڕێگاچارەکەی دیکە هی کەریم سەنجابی ڕێبەری جەبهەی میللییە کە یەکێک لە پارتەکانی ئۆپۆزیسیۆنە: ئەو پێشنیار دەکا ریفراندۆمێک بۆ ڕەتکردنەوەی سیستمی شاهەنشاهی ڕێک بخرێ. بەڵام کێشەکە ئەوەیە ڕێگایەکی سێهەمیش هەیە: ئەوەی خومەینی و رووحانییەکانی پەیڕەوی ناوبراو. ئەوان کە پشتیوانییان لە ئیرادەیەکی گشتی و بەکۆمەڵ کردووە نایانەوێ ئەم ئیرادەیە هاوپەیمانییەکی سیاسیی لێ بکەوێتەوە. هەربۆیە خومەینی پێشنیاری ڕێفراندۆمێك دەکا بۆ پەسندکردنی حکومەتێکی ئیسلامی. مەبەستی خومەینیش لەم ستراتژییە ئەوەیە کە ڕێ لەوە بگیرێ کە سیاسییەکان لە بەرامبەر دین ڕاوەستن بەتایبەت کە ئیسلام کۆڵەکەی ڕاپەڕینەکەیە. مەبەست هەروەها ئەوەیە کە بەشێوەی پێشوەخت یاریی سیاسی لە ڕێگای حکومەتێکی ملکەچ بە بەستێنی دین، سنووردار بکەن.

فووکۆ سەرنج دەدا کە بەهەرحاڵ ئێمە لە کات و ساتێکی چارەنووسسازی ئینقلابداین: پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئایا بە چ شێوازێک ئیرادەی بەکۆمەڵ جێگای خۆی دەدا بە سیاسەت. "ئەمە کێشەی بەکردەوەی هەموو ئینقلابەکانە. ئەمە کێشەی تیئۆریکی هەموو فەلسەفە سیاسییەکانە".

دوایین وتاری پێوەندیدار بە سەفەری یەکەمی فووکۆ بۆ ئێران بە تایتڵی "بە چالێنج [چالش] کێشانی ئۆپۆزیسیۆن" بڵاو دەبێتەوە. فووکۆ بۆخۆی دوو

سەردێڕی دیکەی پێشنیار کردبوو: "نەزم مەترسیی خۆی هەیە" و "کۆتایی هەفتەی تاران". مەبەستی شەممە ٤ و یەکشەممە ٥ ی نۆڤامبرە کە لەودا خوێندکاران هەرچی هێمای پێوەندیدار بە شاهەنشاهی پەهلەوی و رۆژئاوایان شکاندبوو و سووتاندبوو.

به بڕوای فووکۆ، دوو رووداو ئەم کۆتایی هەفتەیەیان لێ کەوتۆتەوە:

- ئۆپۆزیسیۆن لەپشت ئایەتوڵڵا خومەینی کۆ بۆوە: دوایین ڕێگری ئەم کارە، کەریم سەنجابی رێبەری جەبهەی میللی، سەرەنجام قبووڵی کرد کە رابگەیەنێ دەسەڵاتی شا نامەشرووع و ناقاوونییە، و بەمجۆرە شا هیچ پشتیوانێکی لەنێو ئۆپۆزیسیۆندا نەما؛
- رۆژنامە نارەسمییەکانی سەر بە شوورەوی نووسیان کە خواستی حکومەتێکی ئیسلامی خواستێکی "مەترسیدارە"، ئەمەش ئۆپۆزیسیۆن لە پشتیوانیی سۆڤیەت بێبەش دەکا و ئیعتبارێکی زیاتریش بە خومەینی دەبەخشێ.

لەو وتارەدا فووکۆ هەوڵ دەدا دەستی پشتی پەردەی ئەم کارە دیاری بکا. بە باوەڕی ئەو، ئەو کارە لەبن سەری شا و ئەمریکاییەکانە. ئەوان پێیان وا بوو بە بڵاوکردنەوەی نیگەرانی لە حکومەتێکی ئیسلامی، بەشە میانەڕەوەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە ئاقاری توندڕەوانەی ئینقلاب دەترسن و بەم جۆرە هەست بە پێویستیی گەڕاندنەوەی نەزم دەکەن. بۆ ئەمەش، یاریی رکابەری لەنێوان گرووپە خوێندکارییە هەرە بەسیاسی بووەکان و گرووپە خوێندکارییە هەرە ئایینگەراکانیان وەڕێ خست بۆ ئەوەی کێشەکە ببێتە کێشەی ململانەی نێوان رادیکالیزمی ئینقلابی و رادیکالیزمی ئیسلامی. هەربەو هۆیە و سەرەڕای توندوتیژیی خۆپێشاندانەکان، ئەمجارە ئەرتەش بۆ سەرکوتی ئۆپۆزیسیۆن نەهاتە مەیدان. بەمجۆرە شا وەک بێلایەن و بڕیار بەدەستی دۆخەکە وەدەرکەوت، کەمێک وەک

ئەو کاتە کە دوگۆل لە کاتی خۆپێشاندانەکانی فەڕانسە لە مانگی مای ١٩٦٨ هەڵاتە "بادن بادن" بۆ ئەوەی خەڵك هەست بە بۆشایی دەسەڵات بکا.

بەداخەوە لە بەرامبەر شادا رووحانییەکان، مەلاکان و ئایەتوڵڵا خومەینی هەبوون کە سەرچاوە و ئامرازێکی زۆریان بۆ جوڵاندن و رێکخستنی خەڵک بەدەستەوە بوو. شا دەیتوانی نەزم لە جادەدا را بگرێ، بەڵام نەیدەتوانی نەزم لە کۆمەڵگادا بپارێزێ. فووکۆ بەو ئەنجامە دەگا کە "بزوتنەوەی دینی کە سەرەنجام هەموو ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی خستۆتە ژێر رکێفی خۆی ئاخیرەکەی دەتوانێ یەکێتیی رواڵەتیی ئەرتەش بشکێنێ و لەگەڵ هێندێک بەشی ئەو ئەرتەش بسازێ. نەزم ئەو مەترسییانەشی لێ دەکەویتەوە". سەرەنجامیش هەر ئەوە روو دەدا کە ئەو پێشبینیی کردبوو.

**ج. سەفەری دووەم: ٩ تا ١٥ ی نۆڤامبر**

"ئینقلابی ئێران لەسەر نەواری کاسێتەکان بڵاو دەبێتەوە" سەردێڕی وتارێکە کە فووکۆ لەکاتی سەردانی دووەمی بۆ ئێراندا دەینووسێ. رۆژنامەوانە بیانییەکان لەو کاتەدا چووبوونە ئابادان هەتا لە نزیکەوە چاویان بە کرێکارانی رێکخراو بکەوێ. لەدوای ئەرتەش کە رۆژئاوا چاوەڕوان یا نیگەرانی هەڵوێستی بوو، ئەمجارە ئەوە چینی کرێکار بوو کە دەیتوانی کاریگەریی لەسەر ئاقاری رووداو و بڕیارەکان هەبێ.

فووکۆ لە سەرەتای وتارەکەیدا قامک لەسەر گرینگیی جەژنەکانی موحەرەم دادەنێ کە رۆژی ٢ی دێسامبر دەستیان پێ دەکرد. هەروەک باسمان کرد، لەم جەژنانەدا شەهید و شەهادەت بەرز دەنرخێندرێ و لەو کاتەدا دەبێ چاوەڕوانی دەستپێکردنەوەی توندوتیژی بین چونکە ئێستایە کە "کۆمەڵانی خەڵك لە مەستیی فەرهەنگی خۆفیداکردندا حازرن بەرەو پیلی مەرگەوە بچن".

بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم بۆنانە، ڕێگای توندترکردن گیرایە بەر و ڕۆژی ٥ ی نۆڤامبر نیزامییەکان دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت. ئەرتەش لە دۆخێکی ناسکدا بوو و ناچار بوو هێزەکانی خۆی بەتەواوی وڵاتدا بڵاو بکاتەوە بۆ ئەوەی دەرەنجامەکانی موحەڕڕەم سنووردار بکا، بەڵام هاوکات دەبوو دەستیش لە خەڵك بپارێزێ بۆ ئەوەی نائومێدیی خەڵک نەتەقێتەوە. ئەم ئاقار گۆڕینە لەلایەن گرووپێکی بچووکی لابی پێکهاتوو لە ژەنەراڵێک و چەند کەسی سیاسی و بواری پیشەسازی پێشنیار کرابوو، چونکە نەک تەنیا موحەڕڕەم بەڕێوە بوو، بەڵکوو مانگرتنی گشتییش خەریک بوو تەواوی وڵاتی دەگرتەوە.

فووکۆ لەروانگەیەکی کۆمەڵناسانەوە لەم مانگرتنانە دەکۆڵێتەوە، بۆ ئەوەش بزوتنەوەی مانگرتنی چینە دەستڕۆیشتووەکان وەک کارمەندانی ئێران ئەیر لەگەڵ ئەوەی کرێکارانی ئابادان پێکەوە بەراورد دەکا بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا نیشانی بدا کە ئەم شێوازە لە شرۆڤەی رووداو و دیاردەکان گونجاو نیە. ئەو دەبینێ کە لەڕاستیدا کێشەکە کێشەی پووڵ و داهات نیە. بەدرێژایی ئەم ساڵە کرێکارانی پاڵاوگەی ئابادان چەندین جار زیادەی مووچە و پاداشیان پێ دەدرێ. فڕۆکەوانەکانی ئێران ئەیریش ناهەقن ئەگەر سەبارەت بە مووچەکەیان گلەیی بکەن. بە باوەڕی فووکۆ ئەو فڕۆکەوانانە ناوێرن بە ئاشکرا داوای رۆیشتنی شا بکەن، بەڵام ئەوە ئارەزووی هەموویانە. ئەوەی ئەوان داوای دەکەن "نەهێشتنی حکومەت نیزامی و حاڵەتی پۆلیسی و ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی و هەڵوەشانی ساواک و دادگایی کردنی ئەو کەسانەیە کە دزییان کردووە یان خەڵکیان شکەنجە داوە". ئەوان پێیان وایە کە داوای کۆتایی هێنان بە رێژیمی شاهەنشاهی کاری وان نیە و ئەمە کاری "گەل لە تەواوەتیی خۆیدایە کە دەبێ بیڵێ". کەوابوو رووخاندنی رێژیمی شا داوایەکی سینفی نیە، بەڵکوو داوایەکی جەماوەری و میللی‌یە :"مانگرتن میللی نیە، بەڵام هەموو تاکێک لە هەر چین و توێژێک ئەرکێکی میللی‌یش دەخاتە سەر شانی خۆی". مانگرتنی ئەوان ئەوەندەی بۆ داکۆکی لە

وڵاتەکەیانە، ئەوەندە بۆ فەلەجکردنی وڵات نیە. سەرەنجام داوای کۆتایی رووخاندنی رێژیم لەلایەن مانگرتووەکانەوە بەرز نابێتەوە و ئەو کارە بە ئایەتوڵڵا دەسپێردرێ:"جارێ هەر ئەوەندە بەسە کە شێخی پیر کە پەنای بۆ پاریس بردووە لەجیاتی خەڵك ئەم داوایە بکا و لەسەریشی سوور بێ". ئەم وەکالەتە کە بە خومەینی سپێردراوە و ئەم ناسیۆنالیزمە بە جۆرێك دەبێتە هۆی هاوپێوەندیی نێوان تاکەکان و دەرفەت پێک دێنن بۆ ئەوەی هەموو خەڵک بەبێ وەبەرچاوگرتنی جیاوازی و نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوانیان لەپشت یەک کەس و لەنێو یەک میللەتدا یەک بگرن. هەر ئەم ناسیۆنالیزمەشە کە دەبێتە هۆی پەرەگرتنی هەستی دژی بێگانە لەنێو گرووپە نارازییەکاندا.

گوڕ و تینی بزوتنەوەکە بۆ دوو شت دەگەڕێتەوە : یەکەم رۆڵی رێکخراوە محەللییە نهێنییەکان و دووەم خودی خومەینی کە هەم لە ئاستی دەرەوەی وڵات و هەم لە یارییە سیاسییەکانی نێوخۆی ئێراندا بۆتە نوختەیەکی یەکخەر و کۆکەرەوە. لەو کاتەدا خەڵک، جا کرێکارەکانی ئابادان بن یان فرۆکەوانەکانی ئێران ئەیر، متمانە بە پیاوێك و تەنیا بەو پیاوە دەکەن، ئەویش خومەینییە. کاریزمای ئەو رابەرە ئایینییە کە بەبێ سازان داوای رۆیشتنی شا دەکا هۆکارێکە کە "خەڵك خۆشیان بوێ"!

توندبوونەوەی هەڵوێستی حکومەت بەهۆی هاتنە سەرکاری نیزامییەکان تەنیا بووە هۆی پەرەئەستاندنی زیاتری نارەزایەتییەکان. ساواک کە هەوڵ دەدا لێگەڕێ خۆپێشاندان بکرێ بۆ ئەوەی دواتر شکان و سووتانی شوێنە گشتییەکان و توندوتیژییەکان بەسەر خۆپێشاندەراندا بێنێ، دەبێتە هۆی گەشانەوەی پۆلووی ئیعترازەکان و گڕگرتنەوەی رقی خەڵك، هەروەک رووداوەکانی کۆتایی حەوتوو لە تاران دەری خست. ئەرتەش ناچارە بۆخۆی بێتە مەیدان بۆ ئەوەی بە زۆری کرێکارەکان ببا بۆ کارخانە، بەڵام لەوێ ناتوانێ زۆریان لێ بکا کارەکە بکەن. دەوڵەت سانسۆر دادەنێتەوە هەربۆیە رایەڵەیەك لە بەرامبەر

خەفەقانی دەوڵەتی بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری لەنێو خەڵکدا دادەمەزرێ. کۆڕی رووناکبیران، تەلەفۆنەکان، ئۆفیسی پارێزەرەکان، و لە هەمووی گرینگتر ئەو کاسێتانەی خوتبەکانیان لەسەر تۆمار کراوە و فڕێیان داوێنە بەر هەیوانی ماڵەکان، کۆی ئەمە وەك تۆڕێک لە ئامرازی دژە دەسەڵات رۆڵ دەگێڕێ.

کاسێتەکان بەشی هەرە گرینگی ئەم رایەڵەی گەیاندنی زانیاری پێک دێنن: لەلایەکەوە، مەلاکان لەبەردەم رۆژنامەوانەکان هەقیقەتێکی نێونەتەوەیی بۆ مانگرتنەکان دروست دەکەن کە بریتییە لە پێداگری لەسەر داواکاریی ئابووری؛ لەولاشەوە، هەقیقەتێکی ئێرانی تۆمار دەکەن کە لەودا هەموو پاڵنەرەکان تەنیا و تەنیا سیاسیین. بەباوەڕی فووکۆ، "ئەم کاسێتانە باشترین ئامرازی دژە زانیارییین". کاسێتەکان بە ئاسانی لە سەرتاسەری وڵات وەدەست دەکەون. منداڵان لە کۆڵانەکان بە دەزگایەکی زەبتی دەنگەوە دەسووڕێنەوە کە لەودا دەنگی مەلاکان دەگوڕڕێنێ.

ئەڵقەی کۆتایی دووهەم زنجیرە وتار کە فووکۆ داوای لێ کراوە بینووسێ لەژێر سەردێڕی "رابەری ئەفسانەیی شۆڕشی ئێران" بڵاو دەبێتەوە. فووکۆ پێشدا دەیویست ناوی وتارەکەی بنێ "شێتیی ئێران". وتارەکە بە سەرنجێک دەست پێ دەکا، ئەویش ئەوە کە قەیران تەواوی وڵاتی گرتۆتەوە. ئێستا ئیدی تەواوی خەڵک رێژیمی شا رەت دەکەنەوە و هەموو شتێکی ئەو رێژیمە چۆتە ژێر پرسیار: لە گەشەسەندنی ئابووری و باڵادەستیی بێگانەکان و سیستمی شاهەنشاهییەوە بگرە تا ژیانی رۆژانە و داب و نەریت و مۆدی ژیانی خەڵک. ئێران هەرگیز موستەعمەرە نەبووە، بەڵام هەمیشە مەیدانێك بووە بۆ دەستێوەردانی دەرەکی بەتایبەتی لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە. حیزبە سیاسییەکانیش زۆرتر بەستراوە بە دەرەوە بوون: حیزبی توودە بە شوورەوی بەستراوەتەوە، جەبهەی میللییش هیچ شتێک بەبێ رەزایەتی ئەمریکاییەکان ناکا. ئەوەش وا لە فووکۆ دەکا بڵێ :"رێژیمی شا حیزبە سیاسییەکانیشی وەك خۆی

فێری بەستراوەیی بە بێگانە کردووە". ڕاستە هیچ دەسەڵاتێکی بیانی ئێرانی نەکردۆتە موستەعمەرە، بەڵام ئەرتەشێکی میللی و پۆلیسێکی بەهێز هەبوون کە توانیبوویان پێش بە چالاکی و ڕادەربڕینی ئەو گرووپە سیاسی و نیزامییانە بگرن کە دژی بەستراوەیی ئێران بە بێگانە بوون. هەربۆیەشە "ڕەتکردنەوەی ڕێژیمی شا وەك دیاردەیەکی بەربڵاوی کۆمەڵایەتیی لێ هاتووە". ئەم ڕەتکردنەوەیەش داوایەکی ڕوون و بێئەملاوئەولایە و هێز و توانای بڵاوبووونەوەشی لەنێو سەرجەم چین و توێژەکانی وڵاتدا هەر لەو خیسڵەتەیەوە سەرچاوە دەگرێ. بەمجۆرە "هیچ حیزبێک، هیچ کەس، هیچ ئیدئۆلۆژییەکی سیاسی جارێ ناتوانن ئیدیعا بکەن کە نوێنەری ئەو بزوتنەوەیەن. هیچ کەس ناتوانێ ئیدیعا بکا سەرکردایەتییەکەی بگرێتە دەست. ئەم بزوتنەوەیە لە نەزمی سیاسیی تا ئەودەمی ئێراندا هیچ هاوشان و هیچ نوێنگەیەکی نیە". ئەم بزوتنەوەیە، بزوتنەوەیەکە لەلایەن هێزە سیاسییەکانی مەوجوودەوە بە مانا حیزبییەکەی بە سیاسی ناکرێ، یا لانیکەم جارێ ئیمکانی شتی وا نیە.

هەرلەوکاتەدا بەڵام "پارادۆکسەکە لەوەدایە کە ئەم بزوتنەوەیە ئیرادەیەکی بەکۆمەڵی تەواو یەکگرتووی لەپشتە". لەگەڵ ئەوەدا کە ئێران لەڕووی جوغرافیەوە زۆر بەربڵاو و نالێکە بەتایبەتی بەهۆی بوونی کەویرەکان، "یەکێتیەکی زۆر باش" لەپشت ئیعترازەکانەوەیە. ئەم ئیرادە بەکۆمەڵە بەسەر جیاوازی و سنووربەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا باز دەدا. تەنیا یەک شتی دەوێ: ڕۆیشتنی شا. بەڵام ئەو تاقە یەک شتە بە مانای هەموو شتێکیشە، ڕۆیشتنی شا واتە کۆتایی بەستراوەیی بە بێگانە و ساواک و گەندەڵی، بووژانەوەی ئیسلام و دابەشکردنەوەی داهاتە نەوتییەکان و پێناسەکردنەوەی پێوەندییەکان لەگەڵ ڕۆژئاوا، و بە کورتی شێوازێکی دیکەی ژیان. ئەم ئیرادە بەکۆمەڵە کاتێک یەکگرتووییەکەی لەدەست دەدا و جیاوازیی تێ دەکەوێ کە قسە لە سیاسەت و

پێناسەی ئەلتێرناتیف بێ، تا کاتێک تەنیا لە ڕادەی سەرهەڵدانێکی سادەی گشتیدا بمێنێتەوە، هەروا بە یەکدەستی دەمێنێتەوە.

فووکۆ ئینجا ئینقلابی ئێران لەگەڵ بزوتنەوە ئیعترازییەکەی فەڕانسە لە مانگی مای ١٩٦٨ بەراورد دەکا و دەڵێ خەڵکی ئێران هەموو شتێکیان دەوێ. بەڵام ئەگەر لە مای ١٩٦٨ لە فەڕانسە داوای ئازادیی جینسی دەکرا، لە دێسامبری ١٩٧٨ لە ئێران خەڵک داوای رزگاری لە ژێردەستیی هێز و نفووزە جیهانییەکانیان دەکرد. ئەم ئارەزووی رزگارییەش شتێکی سیاسی نیە بە مانا حیزبییەکەی: لە ئێرانی ئەو کاتەدا پارت و کەسایەتییە سیاسییەکان جا مارکسیست بان یان لیبرال وەك ملکەچ و بەستراوە بە یەکێک لە هێزە جیهانییەکان دەردەکەوتن، هەربۆیە داواکە داوای رزگاریی کۆی سیاسەتە لەم باڵادەستییە دەرەکییانە.

ڕۆڵی ئەفسانەیی خومەینییش هەر بۆ ئەم خەتی سێهەمە دەگەڕێتەوە کە لە ئێران خەڵک ئارەزوویەتی. خومەینی ڕێبەرێکی ئایینی بوو کە بەهۆی هۆگریی زۆری پەیڕەوانی بۆ کەسایەتییەکەی قورساییەکی سیاسیی راستەقینەشی هەبوو. بە باوەڕی فووکۆ پێوەندیی خومەینی و خەڵک لە سێ شتدا خۆی دەدیتەوە:

- ئەو جارێ لە وڵات نیە؛ پازدە ساڵە ئاوارەی دەرەوەیە و هەتا شا نەڕوا، حازر نیە بگەڕێتەوە ئێران؛
- ئەو جارێ هیچ ناڵێ جگە لە "نا" بۆ شا و بۆ نا بۆ ڕێژیم و نا بۆ بەستراوەیی؛
- ئەو پیاوێکی سیاسی نیە: "نە حیزبی خومەینیمان دەبێ و نە حکومەتی خومەینی".

هەروەك دواتر دیتمان لە خاڵی دواییدا فووکۆ بە هەڵە چووبوو، چونکە پاش ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی ئەوەی هاتە سەر کار ڕاست حکومەتی خومەینی بوو. هەڵەی فووکۆ لەوەدایە کە پێی وا نەبوو خومەینی بەپشت بەستن

به نفووزی مەزهەبی خۆی کەڵکی خراپ لە دەسەڵاتی سیاسی وەردەگرێ. فووکۆ لەو کاتەدا دڵنیا بوو کە بوارێکی رووحانیی سەربەخۆ هەیە کە بە قازانجی خۆی نازانێ خۆی لە کاروباری سیاسی هەڵقورتێنێ. ئەمەش بەرهەمی دیداری فووکۆ لەگەڵ شەریعەتی‌یە. دەتوانین شکی ئەوەش لە فووکۆ بکەین کە کریستۆسەنتەریستە [کریستۆسەنتریسم چەمکێکی دۆکترینی مەسیحییەتە کە باوەڕی بەوە هەیە کە دەبێ عیسا بخرێتە ناوەندی باوەڕمەندی و تیئۆلۆژی – وەرگێڕ] : واتە فووکۆ فریوی تێگەیشتنێکی رۆژئاواییانە بۆ دەسەڵاتی دینیی خواردبوو، تێگەیشتنێک کە بواری مەزهەبی و بواری دنیایی لێک جیا دەکاتەوە، لەحاڵێکدا کە ئیسلام ئایینێکە کە پێش هەموو شتێک رەهەندێکی بەهێزی سیاسیی هەیە. هەر لە دەسپێکەوە، ئیسلام ئامانجێکی جگە لە فراوانخوازیی سیاسیی موسڵمانەکان نەبووە. لایەنی مەزهەبیی ئیسلام زۆر زوو لایەنێکی سیاسیشی پێوە زیاد بوو؛ هەتا سەرەتای سەردەمی مۆدێرن ئیسلام سروشتێکی هێرشبەرانە و ئیمپریالیستیی هەبوو. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەشەوە بەولاوە حاڵەتێکی دیفاعی و دژە ئیمپریالیستیی بەخۆیەوە گرت.

ئەم شرۆڤەیەی سەرکردەی کاریزما لە کتێبی "کۆمەڵگا دژی دەوڵەت"ی پیەر کلاستریش دا دەبینینەوە کە لەودا نووسەر نیشانی دەدا کە سەرکردەی کاریزمایی دەبێتە خاڵی نادیاری چڕبوونەوەی وێنەیەک کە کۆمەڵگایەکی "سەرەتایی" لە رەتکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسیی مەوجووددا لە خۆی دروست دەکا. هەروەک کلاستر، فووکۆش راپەڕینی کۆمەڵگایەك بەدژی دەوڵەت روون دەکاتەوە. خومەینی بە باشترین شێوە نوێنگەی ئەم سەرکردە نادیار و بێدەنگ و مەزهەبییەیە. بەڵام لە ئایینی شیعەدا دین و سیاسەت پێکەوە دێن: پێداگری لەسەر دین، شێوازێکە بۆ راگەیاندنی جۆرێک لە سیاسەت. ئەوە کە بمانەوێ هەناسەی ئایینیی ئیرادەیەکی بەکۆمەڵو ئیرادەیەکی سیاسیی تایبەتی لێک جیا بکەینەوە، تێگەیشتنێکی سەقەتی ئیسلامی شیعەیە. هەروەك چۆن ئەو شرۆڤە

کۆمەڵناسییەش هەر سەقەتە کە  حازر نیە رەهەندی زاتیی راپەڕینەکە ببینێ، شتێك کە فووکۆش رەتی دەکاتەوە.

فووکۆ لە کۆتایی وتارەکەیدا ئینقلاب بە مانا لەفزی و وشەناسییەکەی پێناسە دەکا، واتە "شێوەیەک بۆ هەستانە سەر پێ و قیت بوونەوە". بەباوەڕی وی، ئەوەی ئێران ئەمە نیە. بەڵکوو راپەڕینی کۆمەڵێک مرۆڤی بێ چەک کە دەیانەوێ وەزنەی نەزمی هەموو دنیا بەرز بکەنەوە و بە عەرزی دادەن.  لێرەدا فووکۆ روون بینییەکی سیاسیی زۆرتر لە خۆی نیشان دەدا چونکە رادەگەیەنێ "رەنگە ئەمە یەکەم شۆڕشی گەورە بەدژی سیستمە جیهانییەکان و فۆڕمی هەرە مۆدێڕن و هەر شێتانەی شۆڕشی خەڵك بێ". خەڵکی ئێران تەنیا داوای لابردنی شا ناکەن. بەڵکوو داوای شتێک زیاتر لەوە دەکەن، شتێک کە پیاوانی سیاسی تووشی ناموڕتاحی دەکا. ئەم بزوتنەوەیە گرفتێکی سیاسی دروست دەکا چونکە بە هەناسەی مەزهەبێک دم دراوە کە زۆر زیاتر لەوە کە نیگەرانی قیامەت بێ، بە "گۆڕینی جیهانی ئێستا"وە سەرقاڵە.

ئەگەر مەزهەب بیەوێ لەم جیهانەدا رۆڵ بگێڕێ، مانای ئەوەیە کە وڵامە سیاسییەکانی بۆ کێشەکانی ئەم دنیایەش پێیە. سەرنجڕاکێشە کە فووکۆ واقعبینیی دەرکی ئەو شتەی هەیە، کەچی ئاکامگیریی پێویست سەبارەت بە مەترسییە راستەقینەکانی مەزهەب لەسەر ریسالەتی سیاسەت ناکا. بەو حاڵەش دەتوانین ئەم سەرسووڕمانەی خۆمان بە دوو شت کەم بکەینەوە: لەلایەک، فووکۆ باسی فۆڕمێک لە شۆڕشی شێتانە دەکا کە بە موحاسباتی سیاسی کۆنتڕۆڵ ناکرێ بەڵکوو تابعی دینە. خەلکی ئێران چاوەڕوانی سیاسەت نیە، بەڵکوو چاوەڕوانی ئایینی سیاسییە: مەبەستی فووکۆش لە شێتی هەر ئەمەیە. لەلایەکی دیکەوە، فووکۆ وەك رۆژنامەنووسێك دەیەوێ ئەو شتە ببینێ کە لە حاڵی رووادنە. ئەو نایەوێ خۆی بکا بە پێغەمبەر و پێشگۆی ئەوە کە رەنگە دواتر روو بدا. تەنانەت کاری بەوەش نیە کە بە پشتبەستن بە رابردوو نیشانەکانی

مەترسیداربوونی ئەم شۆڕشە لەقاو بدا. ئەوە کە لە ئێران لە حاڵی روودانە، ڕێک ئارەزووی تەواوی گەل بۆ هەڵێنانەوەی وەزنەی نەزمێکی جیهانییە کە بەسەریاندا سەپێندراوە و لەژێریدا ڕەنج دەکێشن. فووکۆ دەیەوێ ئەم ئیرادە بەکۆمەڵە بە هەموو ناڕوونی و نادیاریی خۆی ببینێ و ڕێزی بگرێ. ئەو زۆرتر وێنەیەک لە کاتی ئێستا دەکێشێتەوە تا ئەوە کە مێژووی ئایندە بنووسێتەوە. هەربۆیەش پێداگری لەسەر مەترسییە چاوەڕوانکراوەکانی بزوتنەوەیەک ناکا کە هەناسەیەکی مەزهەبی بە بەر گیانیدا کراوە. فووکۆ لەو کاتەدا ئەم بزوتنەوەیە وەك هەیە وێنا دەکا، بەڵام نایەوێ لەڕوانگەی سیاسییەوە شرۆڤەی بکا: واقعیەتی ئەو بزوتنەوەیە ئەوەیە کە لەباری سیاسییەوە پێناسەنەکراو و ناڕوونە و بگرە سیاسەتیش رەت دەکاتەوە. بەهای هەقیقەتی ژوورنالیستیی رووداو و دیاردەکان هەقیقەتی مێژووییە: بۆ ئەوەی زەمانی ئێستا ببینین و لێی تێبگەین، پێویستە ئەوەی کە قەرارە دواتر روو بدا یان رەنگە دواتر روو بدا بخەینە لاوە و کارمان پێ نەبێ.

## د. پاش شۆڕشی ١١ی فێوریەی ١٩٧٩

لەدوای ئینقلابی ئێران لە رۆژی ١١ی فێوریەی ١٩٧٩، فووکۆ لە "کۆریەر دێلا سێرا"ی چاپی دوو رۆژ دواتردا وتارێک بڵاو دەکاتەوە بەناوی "بۆشکە باڕووتێک بەناوی ئیسلام".

فووکۆ لە سەرەتای وتارەکەیدا دەڵێ رووداوەکانی پێش رۆژی ١١ی فێوریەی ١٩٧٩ ناکرێ بخرێنە خانەی ئینقلابەوە. پێویست بوو چەندین رووداوی دیکەی وەك خەندەقسازی و تاڵانکردنی پادگانەکان و داگیرکردنی هەیئەتی وەزیران لەلایەن خەڵکەوە روو بدا بۆ ئەوەی مێژوو "لە خوارەوەی لاپەڕەکە ئەو مۆرە سوورە لێ بدا کە ئینقلابی پێ تەئید دەکرێ". بەمجۆرە

دیکۆڕەکە تەواو دەگۆڕێ، سیاسەت رۆڵی خۆی وەدەست دێنێتەوە و لەگەڵ ویش خەباتی چینە کۆمەڵایەتییەکان و رێکخستنی کۆمەڵانی خەڵک لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە دەست پێ دەکاتەوە.

فووکۆ ئینجا ئەنجامێک لە وتارەکانی وەردەگرێ: شا لەباری سیاسییەوە مردووە؛ ئەرتەش بە ئەندازەی پێویست یەکدەست نیە هەتا بتوانێ ببێتە فاکتەرێکی سیاسیی سەربەخۆ؛ مەزهەبیش نەك حازر بە هیچ چەشنە سازانێک نیە، بەڵکوو دەبێتە هێزێک بەدژی رێژیم و مۆدی ژیانی تا ئەو کات و تەنانەت نەزمی دنیا.

فووکۆ دەڵێ ئەوەی لەمەودوا شاهیدی سەرهەڵدانی دەبین "ستراتژیی بزوتنەوەی مەزهەبی"یە. مێژوو رەهەندێکی نوێ دەداتە رووداوەکان: خۆپێشاندانە یەک لەدوای یەک کە زۆر جار خوێناویشن هەر کامەیان بۆخۆی "کردەیەکی حقووقی و سیاسی" بوون. حیزبە سیاسییەکان، ئەمریکاییەکان و ئەرتەش سەرەنجام دەور درانەوە و بزوتنەوەکە بەبێ وەبەرچاوگرتنی ئەوان کاری خۆی کرد. درزێک کە کەوتە نێو ئەرتەش بووە هۆی ئەوە کە بەشێک لە ئەرتەش رەگەڵ ئایەتوڵڵا بکەوێ و چەک و چۆڵ بداتە خەڵک. دوای ئەمە بەریەککەوتنەکە خێرا بوو: لەحاڵێکدا کە مەترسیی شەڕی ناوخۆ هەبوو، ستادی گشتیی ئەرتەش تێگەیشت کە بەشێکی گرینگی یەکەکانی بە قسەی ناکەن و چەک و موهیماتێکی زۆریان لەبەر دەستدایە کە دەتوانن هەزاران کەسی مەدەنیی پێ چەکدار بکەن. هەربۆیە ئەرتەش بە خڕی رەگەڵ ئایەتوڵڵا کەوت. رێبەرانی ئایینی ئەمجارە داوایان کرد کە چەکەکان تەحویل بدرێنەوە.

لێرەڕایە کە مشت و مڕ و دانوستانە سیاسییەکان دەست پێ دەکەن. ئەرتەش رۆڵی سەرەکیی خۆی پەیدا کردەوە و رەوتە جۆربەجۆرەکانی لەسەر ئەوە کە کامەیان رۆڵی راگرتنی رێژیم وەئەستۆ بگرێ ململانەیان بوو. مارکسیست-

لینێنیستەکان بۆ ئەوەی بتوانن قورسایی خۆیان لەسەر کایەی سیاسی بپارێزن جاری نەیاندەویست چەکەکانیان تەحویل بدەن.

فووکۆ ئەو دەسکەوتە کە بزوتنەوەکە وەدەستی هێنابوو و لە سەدەی بیستەمدا کەموێنە بوو دەستنیشان دەکا: "گەلێک بەبێ چەک و لە تەواوەتیی خۆیدا هەڵدەستێتە سەر پێ و بەدەستی خۆی ڕێژیمێکی 'زۆر بەهێز' دەڕووخێنێ". وەک دەبینین، سەرەڕای دوایین ڕووداوەکان، فووکۆ هێشتا ڕاپەڕینی خەلک لە ناوەندی شرۆڤەی خۆی دادەنێ. ئەو بەبێ ئەوەی ئەم ڕاپەڕینە بکاتە شتێکی ئەفسانەیی، دان بە هێز و کاریگەریی ڕاستەقینەی دادەنێ. فووکۆ هەروەها ڕۆڵ و قورسایەکی واقیعی لەسەر سیاسەتی نێونەتەوەیی بۆ ئەم ڕاپەڕینە قایلە: ئەو پێی وایە کە ئەم ڕاپەڕینە "هاوکێشەی ستراتژیکی جیهانیی" لەرزاندووە. قووەتەکەی لە تایبەتمەند بوونیدایە. هەر ئەوەشە کە دەرەتانی ئەوەی دەداتێ کە بە وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشدا بڵاو بێتەوە. "وەك بزوتنەوەیەکی ئیسلامی، بزوتنەوەکەی ئێران دەتوانێ ئاگر لە هەموو ناوچە بەربدا، ڕێژیمە هەرە ناجێگیرەکان بڕووخێنێ و نیگەرانییش بۆ حکومەتە هەرە پتەوەکان دروست بکا". چونکە ئیسلام تەنیا مەزهەبێک نیە بەڵکوو "شێوازێکی ژیان و گرێدراویشە بە مێژوویەک و شارستانییەک". هەربۆیە ئیسلام "دەتوانێ ببێتە بۆشکە باڕووتێکی زەبەللاح  کە لە سەدان میلیۆن کەس پێک هاتووە. لە دوێنێوە [واتە لە ڕۆژێک پاش ئینقلابی ئێرانەوە] هەموو وڵاتیکی موسڵمانی دیکەش هەرچەند کە ڕواڵەتی سەردەمیانەشی بەخۆیەوە گرتبێ، دەتوانێ بە نۆرەی خۆی [لەژێر کاریگەریی ئینقلابی ئێراندا] مونقەلیب بێ". ئەو ئینقلابە نیشانی دا کە ئیسلام سەرچاوەی پێناسەکردنەوەی ڕادیکاڵی شێوازی ژیانە. لەو کاتەڕا فووکۆ بڕیار دەدا کە بە دەقە مەسیحییەکانی سەدەکانی سەرەتای مەسیحییەتدا بچێتەوە. ڕەنگە ئینقلابی ئێران هێندێک بیرۆکەی دابێتێ بۆ ئەوەی بەدوای ئەوەدا بچێ کە چلۆن ڕۆژئاواش بە

نۆرەی خۆی دەتوانێ لە دوای رۆژگارێک داب و نەریت و عادەتی سەردەمیانە و دنیایی، لە دەروونی خۆیدا تووشی گۆڕانی بنەڕەتی بێ.

ئاکامگیریی فووکۆ نیشانی دەدا کە ئیسلام هێزی رێکخستنی خەڵکە. ئەو گریمانەیەک دەکا، گریمانەیەک کە دواتر بە تەواوی وەڕاست گەڕا. ئەویش گریمانەی سەرهەڵدانی بزوتنەوەیەکی فەلەستینی کە تەنیا رەهەندی سیاسی و حقووقیی نەبێ (بەمەبەستی دیفاع لە مافەکانی گەلی فەلەستین)، بەڵکوو کەڵک لە "دینامیزمی بزوتنەوەیەکی ئیسلامی" وەربگرێ. کەمترین شت کە دەبێ بڵێین ئەوەیە کە ئەم جۆرە ئاکامگیری و پێشبینیە سەرەڕای ئەوەی واقعبینانە دەرچوو بەڵام مرۆڤ رادەچڵەکێنێ و کۆمەڵێک نیگەرانیی زۆر مەشرووع، لێرە زیاتر لە هەر شوێنێکی دیکە، بەدوای خۆیدا دێنێ.

## ٣/ دیفاع لە فووکۆ؟

### ئەلف. دەمەتەقێیەکی بێجێ

کاتێک نووسەرێک لەگەڵ جەماوەرێک قسە دەکا کە لەگەڵ ئەدەبیاتی تایبەت بە بوارێکی زانستی ئاشنا نیە، پێویستە هێندێک بە پارێز و وریاییەوە بجوڵێتەوە. لەگەڵ ئەوەدا کە لەو بارەوە فووکۆ پارێزی پێویستی نەکردوە، بەڵام لەو باوەڕەداین کە ئەو بە ناهەق لەسەر ئەو وتارانەی لەبارەی ئینقلابی ئێرانەوە نووسیونی، کەوتە بەر هێرش. لەگەڵ ئەوەدا کە هەروەک دیتمان، فووکۆ بەرووبی بەدژی جەریانی مەزهەبی هەڵوێستی نەگرتبوو، لەگەڵ ئەوەدا کە وتارەکانی فووکۆ لەو بارەوە زۆرتر تەوسیفی بوون و هیچ پێشنیار و رێکارێک نادەنە دەست (واتە کارێك کە لە فەیلەسووفێک چاوەڕوان دەکرێ، بەڵام ئەگەر کردباشی سەرکۆنەیان دەکرد کە وای کردوە)، بەڵام فووکۆ لەڕاستیدا کارێکی جیددیی رۆژنامەوانیی

کردبوو و ئەو وتارانەی بڵاوی کردنەوە پڕبوون لە زانیاری و زۆربەی جاریش تێگەیشتنێکی روون و واقعبینانەی دۆخی ئێرانیان تێدا بوو.

پێشتر ئاماژەمان بە جەنجاڵێک کرد کە پاش بڵاوبوونەوەی ئەو وتارانە سەبارەت بە شرۆڤەی فووکۆ لەسەر ئێران دروست بووە. راستییەکەی ئەوەیە کە فووکۆ بۆخۆی قەت حازر نەبوو بچێتە نێو ئەو جەنجاڵە مێدیاییەوە. ئەو زۆر رقی لەو تێکنیکانەی پشکنینی بیروباوەڕ بوو کە لەڕێگای فرتوفێڵکارانەوە نووسەرانیان پێ ناچار دەکرا دان بە هەڵەیەک دابنێن. تەنیا شتێکی فووکۆ لەو بارەوە ئامادە بوو بیکا ئەوە بوو کە زۆر بەکورتی وڵامی خوێنەرێکی ژنی ئێرانیی دایەوە بۆ ئەوەی ئیسلام و توندئاژۆیی مەزهەبی تێکەڵ نەکرێن.

لەو نێوەدا دەقێک بۆ تێگەیشتن هەم لە مێتۆدی فووکۆ و هەم لە چەند و چۆنیی ئەو رەخنانەی دواتر رووبەڕووی بۆوە، سەرنجڕاکێشە. ئەو دەقەش بریتییە لە وتووێژێکی "پییێر بلانشێ" و "کلێر بریەر" لەگەڵ فووکۆ کە لەژێر سەردێری "رووحی دنیایەکی بێ رووح"دا بڵاو بۆتەوە. رەخنەگر "بێرنارد ئوولمان" هێندێک چەمک و بۆچوون بە فووکۆ نیسبەت دەدا کە لەڕاستیدا هی کلێر بریەر و پیەر بلانشێن. ناوبراو لە وتارەکەیدا بەو ئاکامە دەگا کە "میشێل فووکۆ نە یەکەمین و نە دوایین رووناکبیری رۆژئاواییە کە سەبارەت بە ئینقلابێک تووشی خۆشخەیاڵی بووە، جا ئەو ئینقلابە ئینقلابی ئۆکتۆبری ١٩١٧ بێ، ئینقلابی گوڵە مێخەکییەکانی پۆرتوغال بێ، یان ئەو ئینقلابەی کە تاج و تەختی پەهلەویی تێک‌وەپێچا".

لەم وتووێژەدا کلێر بریەر لەپێشدا لە خۆی دەپرسێ کە بۆچی بۆخۆیشی جەزبی ئینقلابی ئێران ببوو. ئەو خاتوونە لەگەڵ پیەر بلاشێ وەک هەواڵنێری رۆژنامەی "لیبراسیۆن" چووبوونە ئێران. بەڵام لە کتێبێکدا کە ئەم دوو رۆژنامەوانە لەژێر ناوی "ئینقلاب بە ناوی خودا" نووسیان، ئەوانیش سەبارەت

به ئینقلابی ئێران زۆر خۆشحاڵ و خۆشبین دەرکەوتبوون. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە یەکەمین شەپۆلەکانی ئێعدامی موخالیفانی ڕێژیمی خومەینی دەستیان پێ کردبوو و ڕۆژئاواش لێی ئاگادار بوو.

فووکۆ یەکسەر گۆشەنیگای پرسیارەکە دەگۆڕێ و بەم جۆرە دەست پێ دەکا: "ئایا لە ئێران چی رووی داوە کە کۆمەڵێک خەڵکی سیاسی لە چەپ و راست [لە فەرانسە] ئەوەندە پێی قەڵسن؟" فووکۆ لەو باوەڕەدایە کە ئینقلابەکەی ئێران نەك هەر هیچ هۆگرییەکی لە دەرەوە دروست نەکردووە، بەڵکوو نیگەرانی و بێزاری لەوەی لە ئێران بەڕێوەیە هەست پێ دەکرێ. بۆ نموونە هێندێک ڕۆژنامەی ڕۆژئاوایی ئەو ئینقلابەیان بە ئینقلابێکی "هەرە توندئاژۆیانە" ناو بردوە.

لەپشت ئەم شڵەژانە، سەرسووڕماوی و تەنانەت نامورتاحییەک هەیە کە ئەقڵیەتی سیاسیی ئێمە غافڵگیر دەکا. ئەم نامورتاحییەش بۆ تێگەیشتنی باوی ئێمەی ڕۆژئاوایی بۆ چەمکی ئینقلاب دەگەڕێتەوە. بۆ ئێمە هەموو ئینقلابێک بە دوو پاڵنەر دەناسرێتەوە : پاڵنەرێکی کۆمەڵایەتی، واتە ناتەباییەکی نێوخۆیی کۆمەڵگا و لێکترازانی چینەکان؛ پاڵنەرێکی سیاسی، واتە بوونی پێشڕەوێک، چینێك، حیزبێک یان ئیدئۆلۆژییەکی سیاسی.

ئەوەی ئەزیەتمان دەکا ئەوەیە کە ئینقلابەکەی ئێران بە هیچکام لەم دوو دینامیکە پێناسە ناکرێ. بەڵکوو بزوتنەوەیەکی ئینقلابیمان هەیە کە نە رەنگدانەوەی خەباتی چینایەتییە، نە هی خەباتی حیزبێک و نە هی ئیدئۆلۆژییەکی سیاسی.

دوو ڕۆژنامەوانەکە ئینجا جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە کاتێک باسی ئینقلاب دەکەین، هەمیشە بیر لە پێشکەوتن دەکەینەوە. لەحاڵێکدا کە دیاردەی مەزهەبی تەواو ئەم بیرە باوە دەباتە ژێر پرسیار. لەنێوان کەسێکدا کە ناوی

خومەینی وەك سەمبولێک بەکار دەبا و کەسێک کە هەمان ناو وەک رووحانییەکی باوەڕمەند بەکار دەبا، لێڵییەك هەیە. هەربۆیە پێویستە وریای گەمەکانی زمان یان بە قەولی "ویتگێنشتاین" دۆخی بیرۆکەکەمان بین.

فووکۆ لە وڵامدا ئاماژە بە کتێبێکی "فرانسوا فووریێ" دەکا بەناوی "بیرکردنەوە لە ئینقلاب". لەو کتێبەدا فرانسوا فووریێ جیاکارییەک دەکا کە یارمەتی بە ڕەوینەوەی ئەو نامورتاحییە دەکا کە لە بەرامبەر ئینقلابێکی زۆر تایبەتدا هەمانە. ئەو جیاوازی لەنێوان دوو شتدا دەکا:

- سەرجەم پرۆسەی ئەو گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی پێش شۆڕشی ١٧٨٩ی فەڕانسە دەستی پێ کردبوو؛

- تایبەتمەندیی رووداوی ئینقلابی، واتە ئەو شتە کە خەڵک لە دەروونی خۆیاندا دەی چێژن و هەستی پێ دەکەن، ئەوەی بەسەریان دێ و تێیدا دەژین، و ئەو تیئاترە ئینقلابییەی دروستی دەکەن.

فووکۆ ئەو جیاکارییە لەسەر ئێرانیش جێبەجێ دەکا. لە ئێران کۆمەڵگایەکمان هەیە کە دەبێ بە هەموو دژایەتی و نالێکییەکانییەوە لەبەرچاوی بگرین. بەڵام رووداوی ئینقلابی وەک ئەزموونێکی دەروونی و بەکۆمەڵ کە پێوەندیی بە ململانەی چینایەتییەوە هەیە ئەو کۆمەڵگایە وەک خۆی نیشان نادا و ئاڵۆزییە نێوخۆییەکانی دەرناخا. جێگە و پێگەی مێژوویی ئایین لە بەرامبەر سیاسەتدا لە ئێران رۆڵی ئیدئۆلۆژییەک نابینێ کە ببێتە ئامرازی شاردنەوەی نالێکییەکان لەپێناو دروستکردنی یەکێتییەکی پیرۆز لەنێوان بەرژەوەندییە جیاوازەکاندا. رۆڵی ئیسلام بریتییە لە رۆڵی "قامووس و رێ و رەسم و درامایەکی دنیایی کە لەودا درامای مێژوویی گەلێك خۆی دەنوێنێ کە وجوودی خۆی لەگەڵ وجوودی فەرمانڕەواکەی دەخاتە تای تەرازووەوە".

پیەر بلانشێ سەرسووڕماویی خۆی لەو واقعیەتە دەردەبڕێ کە ئینقلابی ئێران بەڕاستی راپەڕینی سەرجەم خەڵک بوو. فووکۆ لەوەش زیاتر دەڕوا و دەڵێ رووداوی ئینقلابی ئێران شتێکی وەدەر خست کە لە مێژوودا زۆر بە کەمی دیتراوە : بوونی ئیرادەیەکی بەڕاستی بەکۆمەڵ. فووکۆ پێشتر پێی وابوو کە ئیرادەی بەکۆمەڵ تەنیا چەمکێکی فەلسەفییە و ئیرادەی بەکۆمەڵ لە دنیای واقیعدا وجوودی نیە. کەچی لە کەیسی ئێراندا فووکۆ ئەمەی بە چاوی خۆی دی، واتە فووکۆ بۆخۆی ئەزموونی ئیرادەی بەکۆمەڵی گەلێکی تاقی کردەوە. ئەم ئیرادەیە کە لەسەر زمانی خومەینی توانیی مانایەکی سیاسی بداتە خۆی، ئامانجێکی روونی بۆخۆی هەڵبژاردبوو: رۆیشتنی شا. ئەوەی لێرەدا دەیبینین تەنیا ژیانەوەی جۆرێک لە ناسیۆنالیزم نیە، ئەگەرچی هەستی میللیی زۆر بەهێزی ئێرانییەکان رەهەندێکی گرینگی ئەو رەتکردنەوە رادیکاڵەیە کە خەڵکی ئێران دەری دەبڕن. رەهەندێکی دیکەی گرینگتری بریتییە لە رەتکردنەوەی هەرچی تا ئەودەم چارەنووسی سیاسیی گەلێکی پێک هێنابوو لەلایەن ئەو گەلەوە.

بەشەکانی دواتری وتووێژەکە زۆر سەرنجڕاکێشە چونکە پیەر بلانشێ بەراوردکارییەك لەگەڵ شۆڕشی فەرهەنگیی چین دەکا. ئەو لەو کاتەدا لەگەڵ کلێر برییەر لە چین بوو و وەك بۆخۆی دەڵێ "ئەو هەستەی هەبووە کە لەوێش هەمان جۆری ئیرادەی بەکۆمەڵ لەئارادا بووە". بەڵام ئەوان دواتر دەبینن کە زۆریش دروستی بۆ نەچووبوون. هەربۆیە نابێ سەبارەت بەوەش کە لە ئێرانیش گوزەراوە زۆر دڵخۆش و خۆشبین بن، بەتایبەتی کە پیەر بلانشێ سەرنج دەدا کە وێکچوونێکی زۆر لەنێوان کاریزمای خومەینی و هی مائۆ تسێ توونگ دا هەیە. بەڵام فووکۆ پێی وایە کە پێویستە جیاوازییەک لەنێوان شۆڕشی فەرهەنگی [ی چین] و شۆڕشی ئیسلامی [ی ئێران] دابنرێ. لە یەکەمیاندا لە دەروونی حیزبدا ململانەیەک لەنێوان هێندێك لایەن و خەڵکدا هەبوو، بەڵام لە دووەمیاندا شتی وا لە گۆڕێ نەبوو، تەنیا رووبەڕووبوونەوەیەک کە هەبوو رووبەڕووبوونەوەی

تەواوی گەل لەگەڵ دەسەڵات بوو. خۆپێشاندانەکان کە بەردەوام دووبارە دەبوونەوە مانایەکی تۆکمەیان هەبوو و خۆپێشاندان بوون بە مانای راستەقینەی وشە :"گەلێک کە کۆڵنەدەرانە ئیرادەی خۆی نیشان دەدا". دەتوانین پێوەندییەک لەنێوان ئەم خۆپێشاندانانە و کردەوەی بەکۆمەڵ و نەریتی ئایینی و کرداری حقووقی سیاسی دروست بکەین. ئەوەی پێش هەموو شتێک لە ئینقلابی ئێراندا فووکۆی سەرسوورماوی خۆی کردبوو هەر ئەوە بوو، واتە ئەوە کە فووکۆی خۆی لە بەرامبەر ئەزموونێکی ئیرادەی بەکۆمەڵ و تەنانەت ئیرادەی گشتیدا دەدیتەوە، ئیرادەیەک کە بەدژی حاکمی وڵات خەباتی دەکرد، واتە ئیرادەی خەڵک بەدژی لۆژیکی دەوڵەت. بەڵام ئەگەر وانەکانی "کۆلێژی فەڕانسە" [بەپرستیژترین ناوەندی لێکۆڵینەوە لە فەڕانسە - وەرگێڕ] لەژێر سەردێڕی "ئەمنیەت، خاک، خەڵك" بخوێنینەوە، دەبینین کە ئەوە هەمان ئەو شتەیە کە فووکۆ کاری لەسەر دەکا، بەتایبەتی شرۆڤەی حاڵەتی نوێی سروشتیی خەڵکێك کە لەمەودا فەرمانڕەواکان دەبێ وەک بابەتێکی زانستی سیاسی لەبەر چاوی بگرن.

پیەر بلانشێ هەڵبەت حازرە بیرۆکەی ئیرادەی بەکۆمەڵ کەمڕەنگ بکاتەوە چونکە ئەو دەزانێ کە لەپشت وشەی "ئیسلام"هوە کە لەنێو خۆپێشاندەرانەوە بەرز دەکرێتەوە، چین‌وتوێژ و کەسانی زۆر جیاواز هەن: رووناکبیران، خوێندکاران، چینە مامناوەندییەکان کە نەیاندەویست زۆر دوور بڕۆن و هەروەها عونسورە رادیکاڵەکان. فووکۆش حاشا لەو نایەکدەستییەی خۆپێشاندەران ناکا. بەڵام فووکۆ هەموو زەینی خۆی تەنیا دەخاتە سەر یەک شت، ئەویش دیاردەی ئینقلابی لە ئێران. لەم لێوردبوونەوەیەدا فووکۆ سەرنج دەدا کە ئێران یەکێك لە دەوڵەتە هەرە نیزامی و چەکدارەکانی دنیایە، دەزگایەکی توندوتیژی پۆلیسیی هەیە کە ئەمریکا پشتگیریی دەکا، وڵاتێك کە سەرچاوەی نەوتیی زۆری هەیە، کەچی بەو حاڵەش، گەل رادەپەڕێ و بەبێ چەک بەرەوڕووی تیرهاوێژەکانی ئەرتەش دەبێتەوە. ئەوەش لەحاڵێکدا کە دژوارییە

ئابوورییەکان لەو ئاستەدا نەبوون کە راپەڕینێك پاساو بدەن. ئەوەی بۆ فووکۆ گرینگە ئەوەیە کە لەوە تێبگا کە بۆچی لە دەمەساتێکدا خەڵك رادەپەڕن و دەڵێن بە دۆخەکە رازی نین. بە باوەڕی فووکۆ رووحی شۆڕشی ئێران ئەو بیرۆکەیەیە کە پێی وایە نەک تەنیا پێویستە ئەو رێژیمە گەندەڵ و بە بێگانە بەستراوەیە بگۆڕدرێ، بەڵکوو "پێویستە بۆخۆشمان خۆمان بگۆڕین"، واتە گۆڕینی شێوازی ژیان و روانین و وجوودی ئینسانەکانیش. مەزهەب بۆ ئێرانییەکان لەو کاتەدا ئەو دەستەبەرەیە کە لە رێگەیەوە دەتوانن خودبوونی خۆیان بگۆڕن. لە ئاینی شیعەدا لەنێوان پەیڕەوی لە رێوشوێنەکانی ژیان لەنێو کۆمەڵگادا و ژیانی قووڵی مەعنەویدا جیاکاری دەکرێ. هەربۆیە گۆڕینی لایەنی خۆیی تاک لە رێگای ئیسلام و لە دەروونی پراکتیکی نەریتیی ئەو دینەوە کە ناسنامەی تاکەکان بوو ئەنجام دەدرا. بەم جۆرە خەڵکی ئێران دەرفەتی ئەوەیان بۆ هەڵکەوتبوو کە ئایینی ئیسلام وەک دیاردەیەکی ئینقلابی تاقی بکەنەوە.

فووکۆ لە درێژەی شرۆڤەکەیدا دەنووسێ "ئەوەی کە لەو کاتەدا لە ئێران بەدی دەکرا تەنیا ئیرادەی پابەندبوون بە یاسایەکەوە نەبوو، بەڵکوو هەروەها بریتی بوو لە ئیرادەی نوێکردنەوەی تەواوی بوونمان (وجود)یان، ئەوەش لە رێگای خۆگرێدانەوە بە ئەزموونێکی مەعنەوی کە پێیان وابوو تەنیا لە دەروونی ئیسلامی شیعەدا هەیە. هەمیشە وا باوە کە لە زمان مارکسەوە دەڵێن ئایین ئەفیۆنی گەلە. لە رستەی پێشوودا شتێک هەیە کە قەت ئاماژەی پێ ناکرێ، ئەویش ئەوە کە ئایین رووحی دنیایەکی بێرووحە. بە واتایەکی دیکە لەو کاتەدا [ساڵی ١٩٧٨] ئیسلام ئەفیۆنی گەل نەبوو، چونکە رووحی دنیایەکی بێڕووح بوو". لەبەر ئەوە کە رێژیمی شا رێژیمێک بوو کە بە گەندەڵی و ملکەچی بۆ بێگانە و سەرکوتی توندوتیژی خەڵک پێناسە دەکرا و بێڕوحمی و پارەپەرستی دوو تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەو رێژیمە بوون، خەڵك بۆ رەگ و ریشەی هەرە قووڵی باوەڕی خۆیان، واتە ئایینی ئیسلام، گەڕابوونەوە و قەڵەمباز و بازدانێکی

ئەخلاقی‌یان ئەنجام دابوو کە بریتی بوو لەوە کە بایەخەکان و لایەنی مەعنەوی بێننەوە نێو جیهانێک کە لە بەها و ئەخلاق داماڵرابوو.

ئەوەی فووکۆی سەرسووڕماوی خۆی کردبوو هەر ئەو دیاردە ئینقلابییە بوو. فووکۆ لەم بازدانەدا رووناکاییەک دەبینێ کە لەگەڵ زاڵبوونەوەی سیاسەت دەکۆژێتەوە، واتە ئەو کاتەی وەک پاش هەر ئینقلابێك پێویستە سازان و رێککەوتنەکان ئەنجام بدرێن. تەنیا شتێکی کە پێویستە قامکی لەسەر دابنرێ ئەوەیە کە لەپشت ئەم گەڕانەوەیەی دەوری سیاسەت و سیاسییەکان هیچ هاوپەیمانییەك لەنێوان تاقمە سیاسییە جیاوازەکان یان لەنێوان دوو چینی کۆمەڵایەتیدا لە گۆڕێ نەبوو، بەڵکوو دیاردەیەکی بەکۆمەڵ هەبوو کە تەواوی گەلی گرتبۆوە. هەر تاکێکی ئێرانی کە هاتبووە سەر شەقام لەڕاستیدا دوو رەهەندی بەخۆیەوە گرتبوو: لەلایەک، حیساباتە سیاسییەکەی هەبوو، لەلایەکی دیکەش کەسێك بوو کە بەدژی پاشاکەی خۆی راپەڕیبوو. فووکۆ لەو باوەڕەدایە کە ئەم دوو رەهەندە یەك نین. کلێر بریەر بە ئاماژە کردن بە کوردەکان جەخت لەسەر ئەم بۆچوونەی فووکۆ زەق دەکاتەوە، ئەوان (کوردەکان) ئەگەرچی سوننی مەزهەبن، کەچی خۆیشیان بە ئێرانی دەزانن.

دواتر پیەر بلانشێ شتێکی سەرنجڕاکێش دەڵێ و باسی ئەو ئەگەرە دەکا کە رێژیمی خومەینی ببێتە رێژیمێکی ئیسلامیی دیکتاتۆر و دەڵێ "هیچ دوور نیە بەرهەمی ئەم ئینقلابە گەڕانەوەیەکی زۆر سەیر بۆ دواوە بێ".

لەڕاستیدا ئەم بزوتنەوەیە و گەڕانەوەی سیاسیی خومەینی ناڕوونییەکیشی تێدایە: هەر لە هەوەڵەوە دیار بوو کە خومەینی نەیارانی خۆی لەنێو دەبا و رێز لە ویسستی بەشێک لە خەڵکەکەی ناگرێ (بۆ نموونە مارکسیستەکان، لایەنگرانی جەبهەی میللی و سرویسە نهێنییەکان). بەڵام ئەم چەشنە روانینە لە هەمان کاتدا کە راستیی تێدا بوو، گرفتێکیشی هەبوو.

شرۆڤەیەکی باشی دیاردەی ئینقلابی ئێران شرۆڤەیەکە کە ئەم دیاردەیە لەنێو خۆیدا لێک نەکاتەوە و دابەشی نەکاتە سەر توخمە پێکهێنەرەکانی، شرۆڤەیەکی باش وەک فووکۆ دەڵێ ئەوەیە " کە ئەم دیاردەیە وەک ئەوە ببینێ کە سەیری نوورێک بکەی، نوورێک کە دەزانین لە چەندین تیشک پێکهاتووە. ریسک و سەرنجڕاکێش بوونی سەرنجدان بە ئینقلابی ئێرانیش هەر لەمەدایە". فوووکۆ لێرەدا راست مەبەستی مێژوووناسەکانە کە دوای تێپەڕینی رووداوەکان ئاوڕیان لێ دەدەنەوە و لایەنی خودیی (ذاتی)ی رووداوەکان پشتگوێ دەخەن، وەک بۆ نموونە ئەو ژنە ئێرانییەی دانیشتووی گەڕەکە دەوڵەمەندەکان کە لەگەڵ چین و توێژە هەژارەکان سەروکاری هەیە و لە خۆیدا هەست بە هەژانێکی قووڵ دەکا هەروەک هەڵچوونێکی ئەفسانەیی دەروونی. فووکۆ لەوە بەداخە کە "هەمووی ئەمانە رۆژێک لە بۆچوونی مێژوونووسەکاندا تەنیا بە رەگەڵکەوتنی چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵگە بە چەپی خەڵکی لە قەڵەم دەدرێ. ئەمەش راستییەکی شرۆڤەکارییە و هیچی تر".

لە بنەڕەتدا، ئەگەر بمانەوێ بەدوای ریشەی ئەو جەنجاڵەدا بگەڕێین کە لەسەر روانینی فووکۆ بۆ ئێران دروست بوو، ریشەکە راست لێرەدایە. فووکۆ چ دەکا؟ فووکۆ لەجیاتی ئەوەی وەک مێژوووناسەکان هێڵکارییەکی شرۆڤەیی واقیعێکمان بۆ بکا کە دەمێکە دیارە چیە، تێدەکۆشێ زەمەنێکی ئێستامان بەو جۆرە کە تاکەکان لە نادیاریی ئاقاری رووداوەکاندا و لەژێر هێزی هەست و هەژانی خۆیان لەو دەمەدا تێیدا ژیاون، پێ نیشان بدا. شرۆڤەی کلێر برییەر کە بەدوای ئەوەدا دێ ئەم لێکدانەوەیە پشتڕاست دەکاتەوە. ئەو دەڵێ رۆژنامەوانە رۆژئاواییەکان عادەتیان بە لۆژیکێک گرتووە کە لە چاوی ویەوە لە هەموو رووداوەکانی دنیا دەڕوانن، ئەوەش وایان لێ دەکا تایبەتمەندیی بزوتنەوەکان نەبینن. بۆ نموونە رۆژنامەوانەکان هەموو بەشێوەی لۆژیکی چاوەڕوانی ئەوە بوون کە چلەی "هەینیی ڕەش" رۆژی ماتەمێکی زۆر خەفەتبار و بەئازار بێ. کەچی لەو

ڕۆژەدا زۆر لە فرۆشگاکان کراوە بوون و خەڵك هیچ ماتەمبار نەدەهاتنە بەر چاو. بەپێچەوانەوە ئێرانییەکان هەناسەیەکیان وەبەر خۆیان نابۆوە بۆ ئەوەی بزوتنەوەکە بەشێوەی گەرم و گوڕتریش لە پێشوو وەڕێ بخەنەوە. کلێر بریەر بزوتنەوەکە وەک جووڵەیەکی خێرا و پڕ لەرزە دەبینێ، "بزوتنەوەیەک کە ریتمەکەی وەک ریتمی ڕێگارۆیشتنی ئینسانێک دەچێ. وەك ئەوەی خەڵك وەك یەک کەس بجولێنەوە، کەسێک کە پشووی سوار دەبێ، ماندوو دەبێ، هەناسە دەداتەوە بەر خۆی و دیسان وەڕێ دەکەوێتەوە، هەناسەیەکی بەڕاستی بەکۆمەڵ". ئەوەی کارە رۆژنامەوانییەکەی فووکۆ بەدوایەوە بوو تەنیا ئەمە بوو نەک هیچ جۆرە هەقیقەتێکی شرۆڤەکاری.

فووکۆ ئینجا سەرنجێك سەبارەت بە چەکی نەوت دەخاتە ڕوو. ئەو دەبینێ کە تاکتیکەکانی کرێکارە مانگرتووەکان حیساباتێکی سیاسیی پێشتر داڕێژراویان لەپشت نەبوو. هەموو شتێک لە کارگەکان و لەلایەن خودی کرێکارەکانەوە بڕیاری لەسەر دەدرا و دواتریش هەواڵی هەماهەنگییەکە لەم شار بۆ ئەو شار بڵاو دەبۆوە. لەڕاستیدا ئەم کارە ئەوەندەی بۆ ئەوە بوو کە بڵێن نەوتی ئێران دەبێ بۆ ئێرانییەکان بێ نەك بۆ بێگانەکان، ئەوەندە بۆ مانگرتن بە مانا باوەکەی نەبوو :"مانگرتنەکە مانگرتنی بەمیللی کردنەوە بوو".

کلێر بریەر ئینجا باسی رووە مەترسیدارەکەی تری یەکبوون دەکا. لە بەرامبەر ئیرادەیەکی هاوبەشی ئەوەندە بەهێزدا، جۆرێک کانفۆرمیسم دروست دەبێ و هەر کەس رەگەڵ رەوتەکە نەکەوێ، وەبەر غەزەب دەکەوێ. بەمجۆرە لە کاتی ئینقلابدا، کردەوە و قسەی دژە جولەکانە و راسیستانەی زۆر توند کران. یەکگرتوویی بزوتنەوەکە هۆکارێکە بۆ بەهێز بوونی، بەڵام هاوکات هۆکارێکیشە بۆ ئەوەی چووکترین جیاوازیی بۆچوون تەحەمول نەکا. هەر جۆرە جیاوازییەک وەک

هەڕەشەیەک دەبینرێ، ئەمەش وا دەکا کە بێچیکڵدانەیی بزوتنەوەکە وەک پێویستییەک چاو لێ بکرێ.

فووکۆ قسەکانی لەم وتووێژەدا بە سەنتزێکی ئەم گفتگۆیە کۆتایی دێنێ. بە باوەڕی وی قووەتی ئینقلابی ئێران لە دوو شتدایە:

- ئیرادەیەکی بەکۆمەڵ کە لەڕووی سیاسیشەوە دیار و ڕاگەیاندراوە؛
- ویستی گۆڕانێکی رادیکاڵی وجوودی.

ئەم دوو خیسلەتە ئاشکرایە پشت بە هێندێک نیهاد دەبەستن کە ناسیۆنالیزم و شۆڤینیزم بەشێکە لە ناسنامەیان چونکە ئەو نیهادانەش لەسەر هێزی بەسیجکردنی تاکەکان بنیات نراون. لە بەرامبەر دەسەڵاتێکی ئەوەندە دڕندەدا ناکرێ بەدەستی بەتاڵەوە و لە هیچەوە دەست پێ بکەی. مەبەستێکی دیکەی زۆر گرینگ کە بە باوەڕی فووکۆ لێرەدا لە گۆڕێیە ئەوەیە کە بزانین ئەو بزوتنەوە یەکگرتوویە توانای ئەوەشی هەیە لەو نیهادانە پشتی پێبەستوون تێپەڕ بێ یان هەر بەستراوە بەوان دەبێ؟ ئایا ئەم بزوتنەوەیە دەتوانێ سنوورەکانی خۆی بسڕێتەوە یان بەپێچەوانەوە سنوورەکانی بەهێزتر دەبن؟ زۆر لە ئێرانییەکان هیوادارن بگەڕێنەوە بۆ سێکولاریسم و ئینقلابی ڕاستەقینە ببیننەوە. ئەوەی فووکۆ دەیەوێ لەم بزوتنەوەیەی لەبیر بێنێ ئەو شتە هەرە جیاوازەیە کە خەڵکی ئێران لەو ئینقلابەدا بەدوایەوە بوون.

لەم وتووێژەدا بەڕوونی دەردەکەوێ کە فووکۆ ویستبووی ئینقلابی ئێران وەک بزوتنەوەیەکی یەکانە (واحد) چاو لێ بکا. ئەوەی بۆ فووکۆ گرینگە کۆماری ئیسلامی نیە، بەڵکوو ئینقلابی ئیسلامییە. پێویستە جیاوازییەکی روون لەنێوان پرۆسە و ئەنجامی پرۆسەکە دابنرێ و ناکرێ ڕووداوێک کە لە کاتی خۆیدا زۆر زەرفیەتی تێدا بووە پاشوەختە هەڵسەنگێنین. لە کۆتایی ئەم گفتگۆیەدا

ناكرێ بڵێین فووكۆ فریوی خۆشخەیاڵییەكانی كاتی ئینقلابی خواردووە، هەروەک چۆن ژان پۆل سارتەریش ساڵی ١٩٥٤ گوتبووی "ئازادیی رەخنە گرتن لە یەكێتیی سۆڤیەت بە تەواوی هەیە". فووكۆ ئیدئۆلۆگ نیە بەڵكوو تەشخیسدەرە، واتە شرۆڤەی ئەو شتە دەكا كە لە كۆمەڵگادا لە حاڵی ڕوودانە. بە واتایەكی دیكە ئەو مێژووناسی زەمانی حاڵە، بە هەمان سەختگیری و پرۆفشنالیزمەوە كە مێژووناسێک دەبێ بیكا، واتە نە بە چاک و نە بە خراپ قەزاوەت لەسەر دیاردەكە ناكا، بەڵكوو دیاردەكە بۆخۆی و وەک خۆی چاو لێ دەكا. بەڵام بەپێچەوانەوەی مێژووناسی زەمانی تێپەڕیو و گوزەراو، ئەو خۆی لە هێلكاریی شرۆڤەكارانەی دیاردەكە دەبوێرێ. تەنیا پۆرترێتێكی لێ دروست دەكا وێڕای ئەوە كە دینامیكی تایبەتی و جۆری ڕووداوەكە و ئەو توخمە زاتییانەی سەرچاوەی ڕووداوەكەن وەدەر دەخا. هەموو دیاردەیەكی زەمانی حاڵ (هەنووكە) خاوەنی پۆتانسیەل و تایبەتمەندییەكە كە پێویستە بپارێزرێ بۆ ئەوەی لە مانا و ناوەڕۆكەكەی هەرچی نزیكتر بینەوە، بۆ ئەوەش پێویستە ئاڵۆزیی رەهەندە جیاوازەكانی لەبەرچاو بگرین.

## ب/ وەڵامی فووكۆ

پاش رەخنەی نادروست لەم وتووێژەی بێرنارد ئوولمان، رۆژنامەوانی گۆڤاری "لێكسپرێس"، فووكۆ وتاریی دوایی خۆی لە رۆژی ١١ی مای ١٩٧٩دا لە رۆژنامەی "لومۆند"دا بڵاو دەكاتەوە بۆ ئەوەی هەر جۆرە شک و گومانێک لەسەر كارە رۆژنامەوانییەكەی خۆی بڕەوێنێتەوە.

فووكۆ بۆ سەردێڕی وتارەكەی پرسیارێك هەڵدەبژێرێ: "ئایا راپەڕین بێهوودەیە؟". لەو وتارەدا ئەو دوو رستە لە تەنیشتی یەك دادەنێ: یەكیان هی

خۆپێشاندەرێکی ئێرانییە کە لە هاوینی ١٩٧٨دا دەڵێ لەپێناوی رۆیشتنی شادا ئامادەیە گیانی خۆی ببەخشێ. ئەوەی تر هی خومەینی‌یە کە هاوینی ١٩٧٩ رادەگەیەنێ بۆ ئەوەی ئێران بەهێز بێ پێویستە ئینقلاب خوێنی لەبەر بڕوا. ئەوەی پێویستە خۆی لێ ببوێردرێ تێکەڵ کردنی ئەو دووانەیە، واتە نابێ لەسەر بنەمای رووداوەکانی ئێستا قەزاوەت لەسەر قسەی ئەو خۆپێشاندەرە بکەین. نابێ بەبیانووی جینایەتکاریی خومەینی، شوور و شەوقی سەرمەستانەی ئەو خۆپێشاندەرە مەحکووم بکەین.

فووکۆ دووبارەی دەکاتەوە : ئەگەر سەرهەڵدانەکان ڕابردن و بوون بە بەشێك لە مێژوو، ئەو کاتە لەکیس مێژوو دەچن. هیچ دەسەڵاتێک کۆنترۆڵی جووڵەی مرۆڤێک یان گەلێکی پێ ناکرێ کە لە بەرامبەر دەسەڵاتێکی ناعادڵدا حازرە بە قیمەتی گیانی خۆی راپەڕێ. "ئەو مرۆڤەی رادەسێ، شەرحی حاڵی ناکرێ". فووکۆ دەمەساتی ڕاپەڕین بە شێوەیەکی ئەفسانەیی دەبینێ، بۆ وی شتێکە کە لۆژیک سەری لێ دەرناکا. چونکە ئەگەر بە مەنتق بێ، مرۆڤ نابێ ریسکی مردن بەسەر دڵنیایی ژێردەستەیی‌دا تەرجیح بدا. دەکرێ سەبارەت بەو روانینە ئەفسانەیی‌یە بۆ راپەڕین، رەخنە لە فووکۆ بگرین، بەڵام ناکرێ فووکۆ بەوە تۆمەتبار بکەین کە لایەنگریی لە کۆماری ئیسلامی کردبێ.

نالۆژیکی‌بوونی ڕاپەرین خاڵی چڕبوونەوەی هەموو شێوزازەکانی ئازادییە، چ ئەو ئازادییانەی وەدەست هاتوون و چ ئەوانەی داوا دەکرێن، خاڵێکی چڕبوونەوە کە تەنانەت لە ویستی مافە سروشتییەکان پتەوترە. هەر دەسەڵاتێك بۆی هەیە رۆژێک رەت بکرێتەوە و مرۆڤەکان بە قیمەتی گیانی خۆیان لەدژی راست ببنەوە.

راپەڕینەکان لەرێگای نیشان و هێماکانی مەزهەبەوە دەتوانن ئاسانتر خۆیان بەیان بکەن لەبەر ئەوەی هاوکات هەم لە نێوەوە و هەم لە دەرەوەی

مێژوودا قەرار دەگرن. بەدرێژایی چەندین سەدە بەڵێنی ئاخیرەت و چاوەڕوانیی رزگاریدەر (ناجی) رووحیان وەبەر ڕاپەڕینەکان داوە.

لە ئینقلابی ١٧٨٩ی فەڕانسەوە پێمان وابووە کە ئینقلاب راپەڕینێکە کە ریشەی لە مێژوویەکی لۆژیک و قابیلی کۆنترۆڵکردندایە. ئینقلاب شوێنی جەمسەربەندیی نێوان هیوا و چاوەڕوانییەکان بووە. شەرعیەت بە ئینقلاب دراوە و رەخنە لە جۆرە باش و جۆرە خراپەکانی گیراوە. ئەوەی فووکۆ بۆی گرینگە بەڵام شتێکی دیکەیە کە بریتییە لە "رازی راپەڕین". ئەوەی ئەو لە ئێران بەدوایەوە بوو "هۆکار و ریشە قووڵەکان"ی راپەڕینەکە نەبوو، بەڵکوو "ئەو هەستە بوو کە خەڵکی راپەڕیو لەو کاتەدا هەیانە و تێگەیشتن لەو شتە کە لەو وەختەدا لە مێشکی ئەو ژن و پیاوانەدا دەگوزەرا کە حازر بوون گیانی خۆیان بخەنە مەترسییەوە". خەڵکی ئێران رقی خۆیان و ئیرادەیان بۆ رووخاندنی رێژیمی شا لە چیرۆکێکی خەونپێوەدیودا دەنووسیەوە، چیرۆکێک کە هەم سیاسی بوو هەم مەزهەبی. ریتمی خۆپێشاندانەکان لەگەڵ بۆنە ئایینیەکان هەماهەنگ بوو. ئەو ریتمە شانۆنامەیەکی مەعنەوی بوو کە لەودا دەسەڵاتی سیاسی وەبەر غەزەب و لەعنەت دەکەوت. بەم جۆرە لە سەدەی بیستەمدا یەکانگیرییەکی نێوان بەستێنی سیاسی و بەستێنی مەزهەبیمان دەدی کە زۆر لەو ئەزموونەی رۆژئاوا نزیک بوو کاتێك رۆژئاوا ویستی روخسارە رووحییەکان لەسەر تەوێڵی سیاسەت تۆمار بکا. لەڕاستیدا رێژیمی شا بە لەغاوکردنی سیاسەت ویستبووی پێش بەو راپەڕینانەش بگرێ کە پشتیان بە مەزهەب دەبەست.

توخمی ئایینی حازر نەبوو جێی خۆی بە هێندێک ئیدئۆلۆژی بدا کە کەمتر "کۆنەپەرستانە" بوون. ئەمەش بە بڕوای فووکۆ چەندین هۆی هەبوو کە بریتی بوون لە راپەڕینێک کە زۆر زوو سەرکەوت؛ رووحانییەتێک کە قسەی بەسەر خەڵکدا دەڕۆیشت؛ و کۆنتێکستێکی ستراتژی لە بەرامبەر وڵاتانی

موسڵمانی دراوسێ. بەمجۆرە ناوەرۆکە وێنا کراوەکانی ڕاپەڕینەکە لەپاش سەرکەوتنی ئینقلاب لانەچوون. بەڵکوو ئەمجارە هاتنە سەر سەحنەی سیاسی کە لەوێ هاوکات هەم تاسە و هیوای ئەوە هەبوو کە ئیسلام بکرێتە شارستانییەکی گەورە و هەم هێندێك فۆرمی توندوتیژانەی هەستی دژە بێگانە، و کێشەی ئیمپریالیزم و چەوساندنەوەی ژن.

فووکۆ لەسەر ئەوە پێداگری دەکا کە نابێ ئەو ئیمان و مەعنەویاتە کە ئەوانەی حازر بە گیانبەخشین بوون ئیدیعایان دەکرد لەگەڵ حکومەتی خوێنخۆری رووحانیەتی توندڕەو تێکەڵ بکەین. ناتوانین ئەو قانوونەی ئینقلابەکان لەسەر ئینقلابی ئێران جێبەجێ بکەین کە دەڵێ هەمیشە سەرەڕۆیی‌یەکی نوێ لەنێو دڵی خۆپێشاندەرانی خوازیاری رووخانی دیکتاتۆڕدا بەڕێوەیە. رووحانیەکانی ئێران ئەم بزوتنەوەیەیان بۆ ئەوە بە کار برد کە شەرعیەت بدەنە حکومەتەکەیان. ئەگەر بێت و بزوتنەوەکە بە بزوتنەوەی مەلاکان پێناسە بکەین، هەمان ئەو غەدرە لەو بزوتنەوەیە دەکەین کە مەلاکان لێیان کرد، چونکە لە هەردوو حاڵەتدا بەپێی مەنتقی ترس لە رووداوی ئینقلابی بیر دەکەینەوە. هەربۆیە گرینگە کە ئەو جەوهەرە کە لە بزوتنەوەیەکی لەو چەشنەدا هەیە و بۆ هەر دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ مەترسیە ببینین، جا ئەو دەسەڵاتە سەرەڕۆیە شا بێ، یان ئایەتوڵڵا.

فووکۆ لە دوایین وتاریدا هەڵوێستەکانی خۆی روون دەکاتەوە. ئەو بۆچوونی خۆی نەگۆڕیوە، بەڵکوو پێی وایە کە هاوکات هەم دەتوانین دژی شکەنجەی شا لە سەردەمی ڕێژیمی شادا بین، هەم دژی ئەو توندوتیژییە سیاسییەی مەلاکان پەنایان بۆ دەبرد بەبێ ئەوەی رووداوی ئینقلابی بە خودیی خۆی ببەینە ژێر پرسیار. ناکرێ دەرسی ئەخلاق بدەینە کەسێک کە بە قیمەتی گیانی خۆی بەرەوڕووی دەسەڵات دەبێتەوە و دوای کۆتایی هاتنی رووداوەکان بە بەرپرسیاری ئاکامەکەی بزانین. هەروەها ناکرێ بەو ئاکامە بگەین کە ڕاپەڕین

بێسوودە چونکە ئەنجامی هەموو ڕاپەڕینێک هەر یەک شت و هەمان شتە. دەکرێ راپەڕین دروست یان هەڵە بێ، بەڵام کاتێك خەڵک رادەپەڕن، نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە لایەنێکی زاتیی تایبەت بە تاکەکان دێتە نێو مێژوو و بە هەناسەی خۆی دەیدەمێنێ.

ئەم توخمە زاتییە لە زۆر ئاستدا دەبینین. "کەسێک کە کەتنێکی کردووە حازرە هەڵێ و گیانی خۆی بخاتە مەترسییەوە بۆ ئەوەی بە سزایەکی لەڕادەبەدەر مەحکوم نەکرێ؛ شێتێک چیدیکە تەحەمول ناکا دەستبەسەر و بێئیرادە بکرێ؛ گەلێکیش ڕێژیمێک ڕەت دەکاتەوە کە دەیچەوسێنێتەوە. هەمووی ئەوەش نابێ ببێتە هۆی ئەوە کە بڵێین کەتنکارەکە بێتاوانە؛ شێتەکە چاک دەبێتەوە یان ئایندەیەکی باشتر چاوەڕوانی گەلەکەیە. تەنانەت هیچ کەس مەجبوور نیە هاوسۆزییان لەگەڵ بکا. هیچ کەس ناچار نیە پێی وابێ کە ئەم دەنگە تێکەل پێکەڵانە[ی کاتی راپەڕین] لەوانی دیکە زوڵاڵترن و هەقیقەت بەوانە. هەر ئەوەندە بەسە کە دەسەڵات بە هەموو ڕێگایەک بیەوێ ئەو دەنگانە سەرکوت بکا بۆ ئەوەی ئەو دەنگانە بە شیاوی بیستن دابنرێن و روون بێتەوە کە دەیانەوێ بڵێن چی". ئەمە زۆرتر پێوەندیی بە واقعیەتەوە هەیە تا بە ئەخلاق: "ئاکامە تاڵەکانی ڕووداوە مێژوویی‌یەکان هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕن: بوونی ئەم جۆرە دەنگانەیە کە دەبێتە هۆی ئەوە کە سەردەمی مرۆڤەکان ڕەوتی هێڵێکی پێشکەوتنخوازانەی نەبێ، بەڵکوو تەنیا بەشێوەی مێژوویەک بێ کە مەرج نیە هەمیشە ئاقارەکەی پۆزەتیف بێ. لە سەرەتای ئەو رستەیەدا وەکیەکدانانێکی سەیر بەدی دەکەین: ئەو گەلە کە ڕادەپەڕێ لەگەڵ کەتنکار و شێتێک بەراورد کراوە. بە باوەڕی "ئۆلیڤیە رووا" گەل دەسەڵات دەگەڕێنێتەوە سەر تاقە توخمێکی کە بریتییە لە هێز. کەسی ئینقلابی هەروەک کەسی شێت یا کەتنکار لەو کاتەدا کە رادەپەڕێ هەڵگری هیچ نەزمێکی نوێ نیە، بەڵکوو ئەو دەسەڵاتەی گرتوویەتی یا بەسەریدا زاڵ بووە لە شەرعیەتی خۆی دادەماڵێ و وەك خۆی نیشانی دەدا. لێرەدایە کە

لایەنی زاتیی کەسەکان وەدەردەکەوێ، لایەنێک کە واقعیەتێکە کە دەبێ وەبەرچاوی بگرین چونکە ئەوە شتێکی مێژووییە نەك شتێکی بیۆلۆژی. زەمانی مرۆڤ زەمانێکی تایبەتییە، جیاواز لە زەمانی سروشت، مەودایەکە وەك هایدگەر دەڵێ درێژەکێشانێکی مێژووگەرایانەیە.

بەڵام لێرەدا پرەنسیپێکی دووەمیش هەیە کە بریتییە لە تەمرینی دەسەڵات. وەك فووکۆ دەڵێ دەسەڵات بەشێوەی سروشتی شتێکی خراپ نیە. تەنیا ئەوەندەیە کە "دەسەڵات، بەهۆی مێکانیزمەکانیەوە، شتێکی بێکۆتاییە". ئەوە بەو مانایە نیە کە دەسەڵات هەموو شتێکی پێ دەکرێ، بەڵکوو مانای ئەوەیە کە یاسا و رێساکانی سنووردارکردنی دەسەڵات هەرگیز زۆر ورد و رژد نین و زۆر چاک دەکرێ دەور بدرێنەوە. هەربۆیەشە کە پێویستە هێندێك یاسا لە بەرامبەر دەسەڵات دابنرێن کە لە هیچ حاڵەتێکدا نەتوانێ پێشێلیان بکا، یان هێندێك ماف لە بەرامبەر دەسەڵات بچەسپێندرێن کە نەتوانێ بەربەستیان بۆ دابنێ.

فووکۆ نووسینەکەی بە پێناسەیەکی رووناکبیر کە پێشتر باسمان کرد کۆتایی پێ دێنێ: رۆڵی رووناکبیر ئەوەیە کە سەرنج بداتە هەر تایبەتمەندییەک یان هەر تاکێک کە سەر هەڵدێنێ و رادەپەڕێ. رووناکبیر نابێ پێشگۆیی و گرەو لەسەر فکرەکان بکا بەبێ ئەوەی هیچ سەرنج بداتە تاکەکان. رووناکبیر ئەو کەسەیە کە سەرنج دەداتە تاکەکان لە حاڵەتێکی کۆنکرێتدا، لەنێو رووداوەکەدا، هەمیشە کەمێک لە خوارەوەی مێژوو (مێژوویەک کە تاکەکان هێشتا رەوتە کرۆنۆلۆژییەکەی و ئاکامەکەی نازانن)، کەمێکیش لە پشتەوەی سیاسەت (سیاسەتێک کە تاکەکان هێشتا هەموو کلیلەکان سنووردارکردنی بێ قەید و شەرتی دەسەڵاتیان تێدا نەدۆزیوەتەوە).

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم یەکەمین لێکۆڵینەوەیەمان لەسەر پێوەندییەکانی نێوان فووکۆ و ئێران، دەتوانین دەقێکی دیکەی ناوبراو بەکار بەرین کە ڕۆژی ١٤ی ئاوریلی ١٩٧٩ لە گۆڤاری "لونوڤێل ئۆبسێرڤارتۆر"دا بڵاو بۆتەوە. ئەو دەقەش بریتییە لە "نامەی سەرئاوەڵە بۆ مێهدی بازرگان". ڕۆژی ٥ی فێوریەی ١٩٧٩، خومەینی مێهدی بازرگان-ی ڕاسپارد هەتا حکومەتێک پێک بێنێ. ڕۆژی ٧ی فێوریە حکومەتی ئیسلامی ڕاگەیاندرا. ڕۆژی ١٧ یەکەمین ئێعدامەکانی موخالیفان لەلایەن ئەو کۆماندۆیانەوە کە ئیدیعایان دەکرد سەر بە خومەینی-ن دەستیان پێ کرد.

مێهدی بازرگان لە مانگی سێپتامبری ١٩٧٨دا چاوی بە فووکۆ کەوتبوو. ئەو وەک نێوبژیوانێک لەنێوان جەریانی لائیک و لایەنگری مافەکانی مرۆڤ لەلایەک و مەزهەبییەکان لەلای دیکەوە دەجوڵایەوە. ئەو بۆخۆی ساڵی ١٩٧٧ کۆمیتەی دیفاع لە ئازادییەکان و مافی مرۆڤ لە ئێرانی دامەزراندبوو. پاش بە بارمتەگرتنی دیپلۆماتەکانی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران لەلایەن خوێندکارانی لایەنگری خەتی ئیمامەوە دەستی لەکار کێشایەوە.

فووکۆ لە نامەکەیدا بۆ بازرگان وەک بەرپرسێکی حکومەتی ئیسلامی ڕووی قسەی لێ دەنێ. لەوێدا هەوڵ دەدا ئەو گفتگۆیەی نێوان خۆی و ویی وەبیر بێنێتەوە کە لە مانگی سێپتامبردا پێکەوە ببوویان. لەو دیدارەدا مێهدی بازرگان هیوای خۆی نیشان دابوو کە ئیسلام دەتوانێ ببێتە گەرەنتییەکی ڕاستەقینەی مافەکانی مرۆڤ. بۆ ئەوەش سێ هۆکاری باس کردبوو:

-ڕەهەندێکی رووحی و مەعنەوی: حکومەتی ئیسلامی بە مانای حکومەتی مەلاکان نیە، بەڵکوو نیشانەی ئیرادەی گەلە کە دەیەوێ بە جۆرێکی تر بژی؛

-ڕەهەندێکی مێژوویی: هێز و پاشخانی دوورودرێژی مێژوویی ئیسلام وای لێ دەکا کە توانای ئیسلام بۆ دەستەبەرکردنی مافەکان لە مەکتەبە تازەتر و کەمتەمەنەکانی وەک سۆسیالیزم یان سەرمایەداری زیاتر بێ. فووکۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکا کە نابێ تەنیا ئەو حکومەتانەمان لە جەوهەردا پێ خراپ بێ کە ئیسلامیین. بەڵکوو هەر کە گوتت حکومەت جا هەر حکومەتێک بێ، ئەوە بۆخۆی شکی لەسەرە و پێناسەکەی هەرچی بێ – دێموکراتیک، سۆسیالیست، لیبرال، یان گەلی- هەر دەبێ بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەین و چاوەدێری بکەین.

-ڕەهەندێکی ئەخلاقی: [بە بڕوای بازرگان] ئەگەر حکومەتێک لەسەر ئیسلام دابمەزرێنین، خودبەخود دەرفەتی ئەوە دەدەین کە هەر لەسەر بنەمای ئایین رەخنە لەو حکومەتە بگیرێ، واتە ئەمە بۆخۆی دەستەبەری نافەرمانیی مەدەنی دەکا کە ئەگەر لە یاسایەکی وڵاتەکەشدا نەنووسرابێ، لە مەزهەبی ئیسلامدا نووسراوە، مەزهەبێک کە هەم مەزهەبی فەرمانڕەواکانە، هەم هی خەڵك. فووکۆ دەڵێ کە بۆ وی ئەم بیرۆکەیە زۆر گرینگە. نەك لەبەر ئەوە کە باوەڕی بە توانای حکومڕانان بۆ بەئەخلاقی کردنی کار و کردەوەکانیان هەبێ، بەڵکوو لەبەر ئەوە کە خەڵک بەناوی واجب و باوەڕی دینییان کە هیچ حکومەتێک ناتوانێ حاشای لێ بکا، دەتوانێ حوکمڕانان ناچار بە ڕێزگرتن لە ئەرکەکانیان بکا.

پێوەندییەکانی نێوان گەل و حوکمڕانان یەکجار زۆر گرینگە. راسانی گەل هەروەک ئەو کاتەی دەسەڵاتی گشتی بەگژ تاکەکەسێکدا دێتەوە و سزای دەدا

بایەخی بنەڕەتیی هەیە. دەسەڵات کاتێك نەیارانی خۆی دادگایی دەکا لەڕاستیدا خۆی دەخاتە بەر قەزاوەتی خەڵک. لە دادگادا دەسەڵاتی گشتی رووی راستەقینەی خۆی نیشان دەدا. حکومەت بۆ ئەوەی وا بکا کە رێزی لێ بگرن، دەبێ بۆخۆشی رێز لە قانوون بگرێ، بە مەرجێک قانوونەکە لە قازانجی خەڵکدا بێ، نەك قانوونێک بێ کە گەل بکاتە ملکەچ و ژێردەستەی دەسەڵات. هەموو حکومەتێک دەبێ حازر بێ خۆی بخاتە بەر قەزاوەتی هەموو مرۆڤێکی دنیا چونکە "حوکمڕانی ئیمتیازێک نیە، بەڵکوو ئەرکێکی یەکجار زۆر دژوارە". فووکۆ بە ئارەزوو و ئومێدێکەوە کۆتایی پێ دێنێ: گەلێك کە بە هێزێکی ئەوەندە گەورەوە خۆی لە ژێردەستەیی رزگار کردبێ، نابێ لەو کارەی پەژیوان بێتەوە.

لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین کە ئەم نامە سەرئاوەڵایە نیشاندەری دڵساردبوونەوەی فووکۆ لە ئینقلابی ئیسلامییە، دڵساردبوونەوەیەک کە ئەنجامی لۆژیکی و بارتەقای ئەو هیوا و چاوەڕوانییەیە کە فووکۆ لە ئینقلابی ئێراندا دروستی کردبوو. بەڵام ئەو هیوایە بۆخۆی بەڵگەی پارێز و بیری کراوەی فووکۆ لە بەرامبەر زەرفیەتەکانی ئەو ئینقلابەدا بووە. ناکرێ فووکۆ لۆمە بکەین کە گوێی لەو دەنگانە راگرتووە کە لەو کاتەدا بەرز بوونەوە یان بڵێین کە دەبوو فووکۆ دەمودەست ئینقلابێکی مەحکوم کردبا کە کەس نەیدەزانی ئاکامەکەی چی دەبێ. دیارە لەگەڵ ئەو بەشانە لە کارەکەی فووکۆ نامورتاحین کاتێك باس لە "رازی راپەڕین" دەکا. چونکە بە زیادکردنی ئەو رەهەندە نەناسراوە لە شرۆڤەکەیدا فووکۆ ریسکی ئەوە دەکا کە رێگەی ئەوەمان لێ بگرێ مەترسیی تێکەڵ کردنی سیاسەت و مەزهەب یان شۆڕش و ئەفسانەسازی بە باشی هەست پێ بکەین. ئەوە کە فووکۆ دەسکەلایەک بۆ بیرکردنەوە بە جۆرێکی دیکە بۆخۆی دێڵێتەوە دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەفسانەگەری بێنێتەوە نێو باس و بابەتێک کە پێویستیی بە لێکدانەوە بە چەشنگەلی دیکە هەیە. بێگومان شرۆڤەکەی یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی هۆکارە

ڕۆخییەکانی دەروەستیی تاک دەستنیشان بکەین و بزوتنەوەکە لە تەواوەتیی خۆیدا و بە ڕیتمی خۆی ببینین، بەڵام قیمەتی ئەو کارە ئەوەیە کە جارێکی دیکە ئەفسانە و حیکایەتی گەورە دێنێتەوە نێو هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە ڕەفتاری ئەکتەرەکان. فووکۆ شرۆڤەیەک پێشکەش دەکا کە گومان لە ئەفسانە و حیکایەتی گەورە دەگەڕێنێتەوە نێو بواری زانین، واتە وامان لێ دەکا کە جارێکی دیکە ئەفسانە و حیکایەتی گەورە وەک واقیعیەتێکی مۆدێرن چاو لێ بکەین. لەڕاستیدا زۆربەی کاتیش ئەمە خیسلەتی هەرە جاڕزکەری شرۆڤە فەرهەنگگەراکانە کە هاوکات لەگەڵ ئەوە کە پێیان وایە خۆیان لە چنگ حیکایەتی گەورە ڕزگار کردووە، حیکایەتێکی گەورەی دیکە بەپێی هەمان لۆژیکەکان دروست دەکەنەوە.

ڕەخنەیەکی دیکە کە دەتوانین لە فووکۆی بگرین ئەوەیە کە ڕەنگە بەو جۆرەی پێویست بێ لە دەربڕینی بیرکردنەوەی خۆیدا پارێزی نەکردبێ. لەڕاستیدا پێویستە دوو شت لێک جیا بکەینەوە: ئەو شتانە دەبنە هۆی بردنەسەری پلەی زانیاری و ئەو شتانەی دەبنە هۆی گۆڕانی بیروباوەڕەکان. شرۆڤەی فووکۆ لە یەکەمیاندا زۆر بەسوود و بەجێیە. بەڵام لە دووەمیاندا بە زەحمەت لە بیروڕای گشتیدا جێ دەگرێ، ڕێک لەبەر ئەوە کە ئەفسانەسازی و حیکایەتی گەورە و مەزهەب بە شێوەیەکی پۆزەتیف دەخاتەوە بەر دیدەکان. دیارە ئەو ئەم پێناسەکردنەوەیە بە زۆر زەرافەتکاریی ڕووناکبیرانەوە ئەنجام دەدا، و بەشێوەیەکی جێگای ستایش هەوڵ دەدا مێتۆدە نەریتییەکانی ئەم بوارە بجوڵێنێ. بەڵام بڵاوکردنەوەی ئەڵقە بە ئەڵقەی زنجیرە وتارێك لەو ڕۆژنامانەی ڕۆژنامەی بیروڕان بۆ ئەم جۆرە تەمرینە نابێ. فووکۆ باش لەو مەترسییە تێنەگەیشتبوو. هەربۆیەشە بەسەرهات و هەوڵە ڕۆژنامەوانییەکەی فووکۆ بەوەندە کۆتایی دێ و دواتر دووبارەی ناکاتەوە. گەورەترین خاڵی بەهێزی فووکۆش هەر ئەو شتەیە کە لەو جەنجاڵەدا بە زیانی خۆی تەواو بوو، واتە جیدییەتی کارەکانی فووکۆ.

## Bibliographie et Notes

Afary, Janet et Anderson, Kevin B., Foucault and the Iranian Revolution. Gender and the Seductions of Islamism. Chicago et Londres, The University of Chicago Press, 2005, 346 p.

Cavazzini A. (dir.), Michel Foucault : L'Islam et la révolution iranienne, Mimesis, « La rose de personne », 2006.

Clastres P., La société contre l'Etat, Minuit, coll. « Critique », 2004.

Didier E., Michel Foucault, Paris, Flammarion, 1984.

Foucault M., Sécurité, territoire, population, Cours au Collège de France, 1977-1978, Paris, Gallimard, Le Seuil, 2004.

Foucault M., Dits et écrits, tome II, 1976-88, Quarto Gallimard, 2001.

Furet F., Penser la révolution, Paris, Gallimard, 1978.

Lanchet P. et Brière C., Iran : la révolution au nom de Dieu, Paris, Seuil, 1979.

Roy O., « L’énigme du soulèvement. Foucault et l’Iran » in Vacarme n°29, automne 2004.

Ulmann B., « Iran, la vengeance du prophète » in L’express, n°1449, 20/04/1979.

[1] Afary, Janet et Anderson, Kevin B., Foucault and the Iranian Revolution. Gender and the Seductions of Islamism. Chicago et Londres, The University of Chicago Press, 2005, 346 p.

[2] Ulmann B., « Iran, la vengeance du prophète » in L’express, n°1449, 20/04/1979.

[3] Roy O., « L’énigme du soulèvement. Foucault et l’Iran » in Vacarme n°29, automne 2004. http://www.vacarme.eu.org/article13...

[5] Dits et écrits, tome II, texte n°250, « Les ‘‘reportages’’ d’idées », p. 707.

[6] Foucault M., « L’armée. Quand la terre tremble » (Corriere della sera du 28/09/1978), « Le Shah a cent de retard » (Corriere della sera du 01/10/1978), « Téhéran : la foi contre le Shah « (Corriere della sera du 08/10/1978), « Retour au prophète » (Corriere della sera du 22/10/1978), « Une révolte aux mains nues » (Corriere della sera du 05/11/1978), « Défi à l’opposition » (Corriere della sera du 07/11/1978).

[7] Foucault M., « A quoi rêvent les Iraniens ? » (Le Nouvel Observateur du 16/10/1978).

[8] Dits et Ecrits, tome II, texte n°245, « A quoi rêvent les Iraniens ? », p. 690.

[9] Eribon D., Michel Foucault, Flammarion, 1989, p. 304.

[10] Foucault M., « La révolte iranienne se partage sur les rubans des cassettes » (Corriere della sera du 19/11/1979), « Le Chef mythique de la révolte » (Corriere della sera du 26/11/1978).

[11] Foucault M., « Le Chef mythique de la révolte », Dits et Ecrits, texte n°253, p. 716.

[12] Eribon (op. cit.) reprend une partie de la lettre adressée à Foucault dans son livre p. 305. Notre citation est extraite de la présentation du texte n°251, « Réponse de Michel Foucault à une lectrice iranienne », parue dans les Dits et Ecrits, tome II, p. 708. Pour consulter la lettre d'une lectrice iranienne, cf. « Une iranienne écrit », Le Nouvel Observateur du 06/11/1978. La réponse de Michel Foucault est parue la semaine suivante dans Le Nouvel Observateur du 13/11/1978.

[13] « Une poudrière appelée islam » (Corriere della sera du 13/02/1979). Voir Dits et Ecrits, tome II, texte n°261.

[14] Dits et Ecrits, tome II, texte n°253, « Le chef mythique de la révolte de l'Iran », p. 714.

[15] Defert D., Quelques repères chronologiques, in Michel Foucault, une histoire de la vérité, éd. Syros, 1985, p. 114.

[16] Broyelle C. et J., « A quoi rêvent les philosophes ? », Le Matin, n°646, 24/03/1979, p. 13.

[17] « Michel Foucault et l'Iran », Le Matin, n°647, 26/03/1979, p. 15. Cf. Dits et Ecrits, tome II, texte n°262, p. 762.

[18] Dits et Ecrits, tome II, texte n°269, « Inutile de se soulever ? », p 794.

[19] Dits et Ecrits, tome II, texte n°266, p. 783.

[20] Dits et Ecrits, tome II, texte n°241, « L'armée, quand la terre tremble », p. 664.

[21] Dits et Ecrits, tome II, texte n°243, « Le chah a cent ans de retard », p. 679.

[22] Dits et Ecrits, tome II, texte n°244, « Téhéran : la foi contre le chah », p. 683.

[23] Dits et Ecrits, tome II, texte n°245, « A quoi rêvent les Iraniens ? », p. 688.

[24] Dits et Ecrits, tome II, texte n°248, « Une révolte à mains nues », p. 701.

[25] Dits et Ecrits, tome II, texte n°249, « Défi à l'opposition », p. 704.

[26] Dits et Ecrits, tome II, texte n°252, « La révolte iranienne se propage sur les rubans des cassettes », p. 709.

[27] Dits et Ecrits, tome II, texte n°253, « Le chef mythique de la révolte de l'Iran », p. 713.

[28] Clastres P., La société contre l'Etat, Minuit, coll. « Critique », 2004.

[29] Dits et Ecrits, tome II, texte n°261, « Une poudrière appelée islam », p. 759.

[30] Dits et Ecrits, tome II, texte n°259, « L'esprit d'un monde sans esprit », p. 743. Ce texte a été publié in Lanchet P. et Brière C., Iran : la révolution au nom de Dieu, Paris, Seuil, 1979.

[31] Dits et Ecrits, tome II, texte n°259, « L'esprit d'un monde sans esprit », p. 743.

[32] Furet F., Penser la révolution, Paris, Gallimard, 1978.

[33] « La liberté de critique est totale en URSS et le citoyen soviétique améliore sans cesse sa condition au sein d'une société en progression continuelle » déclarait Sartre en 1954, de retour d'URSS, dans Libération.

[34] Dits et Ecrits, tome II, texte n°269, « Inutile de se soulever ? », p. 790.

[35] « Lettre ouverte à Mehdi Bazargan », Le Nouvel Observateur, n°753, 14-20/04/1979, p. 46. Cf. Dits et Ecrits, tome II, texte n°265, p. 780.